# چاکسازیی
# یان شۆڕش





گوتوبێژ دەگەڵ:

**«هێربێرت مارکووزە» و «کارێل پوپێر»**

...

وێڕای وتارێکی «ڕەخنەیی شیکاریی» وەرگێڕ لەسەر
ڕەوشی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وەرگێڕ و نووسەری وتار:
شاروخ حەسەن زادە

# چاکسازیی
# یان شۆڕش

گوتوبێژ دەگەڵ:
**«هێربێرت مارکووزە» و «کارێل پوپێر»**

**وێڕای وتارێکی «ڕەخنەیی شیکاریی» وەرگێڕ لەسەر ڕەوشی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

وەرگێڕ و نووسەری وتار:
شاروخ حەسەن زادە

**اصلاح یا انقلاب**
**...**
**گفتگو با: هربرت مارکوزه و کارل پوپر**
**(همراه با مقالەی نقد و تحلیل**
**جنبش کورد در کوردستان ایران)**
مترجم و نویسنده مقاله:
**شاهرخ حسن زاده**
ویرایش: **علی بداغی**
طراحی جلد و صفحەآرایی: **ژیان بهرامیان**
سال نشر: **۱۴۰۰ هجری شمسی**

# چاکسازیی یان شۆڕش

**•••**

**گوتوبێژ دەگەڵ: «هێربێرت مارکووزە» و «کارێل پوپێر»**
**وێڕای وتارێکی «ڕەخنەیی شیکاریی» وەرگێڕ لەسەر**
**ڕەوشی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**•••**

وەرگێڕ و نووسەری وتار: **شاروخ حەسەن زادە**
پێداچوونەوە: **عەلی بداغی**
نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: **ژیان بەهرامیان**
ساڵی چاپ: ۲۰۲۱

---

# Reform or revolution

**...**

Interview with: **Herbert Marcuse and Carl Raymond Popper**
Translatied by: **Sharukh Hassanzadeh**

**...**

Along with an article
**Reviewing the Kurdish movement in Iranian Kurdistan**

**...**

**2021**

# پێڕست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| تەوەری سەرەکی بۆچوونەکان | ٥ |
| ژیان نامەی سیاسیی هێربێرت مارکووزە | ٦ |
| ژیان نامەی سیاسیی کارێڵ پووپێر | ٩ |
| ڕەخنە و بەرنامە، هێربێرت مارکیوس (مارکووزە) | ١٢ |
| ڕەخنە بەرنامە، کارێل پوپێر | ٢٣ |
| بواری تیۆری هێربێرت مارکووزە | ٣١ |
| بەستێنی هزری کارێڵ پوپێر | ٣٥ |
| ئاکام | ٤١ |
| کۆتایی | ٤٣ |
| ڕەخنە، بەراورد و شیکاریی (وەرگێڕ) | ٤٨ |
| سەرچاوەکان | ٧٥ |

# تەوەری سەرەکیی بۆچوونەکان

**هێربێرت مارکیووس (مارکووزە) (Herbert Marcuse):**

کۆمەڵگای سەرمایەداریی ئێستا دەوڵەمەندترین و پێشکەوتووترین کۆمەڵگە لە هەموو چاخەکانی مێژوودایە، ئەم کۆمەڵگەیە بۆ مرۆڤ، مەزنترین و ڕاست بینانەترین پێداویستییەکانی ژیان وێڕای ئاشتی و ئازادی خۆیادەکات. هاوکات کۆمەڵگەیەکە کە پێویستییەکانیی ئاشتی و ئازادیش بە توندترین شێوە سەرکوت دەکات. ئەم سەرکوتەی ئەمڕۆ بەسەر کۆمەڵگە وەک گشت دەستەڵاتی تەواوی هەیە هەربۆیە بە گۆڕانێکی بنەڕەتی دەتوانی ئەم کۆمەڵگەیە سەرلەنوێ وێنا بکەیەوە.

**کارل ڕایمۆند پاپێر (پوپێر) (Karl Raimund Popper):**

لەهەموو نیزامێکی کۆمەڵایەتی کە ئێمە دەیانناسین، نادادپەروەری، سەرکوت، هەژاری و بێ دەرەتانی بوونی هەبووە. ئەو دێموکراسییە ڕۆژئاواییەی ئێمەش لەم بابەتە دەرهاوێژراو نییە، بەڵام لای ئێمە دەگەڵ ئەم نەخۆشییە بەردەوام بەرەوڕووبوونەوە و خەبات دەکرێ. من پێم وایە لە دێموکراسی ڕۆژئاوایی ئێمە، نادادپەروەری و سەرکوت، هەژاری و داماوی لە هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە کە دەیناسین کەمترە. ئەو دیسیپلینە کۆمەڵایەتییە دێموکراتیکەی ئێمە هێشتا بەتەواوەتی پوختە نەبووە و پێویستی بە باشتر بوون هەیە، لەهەمان کاتدا زۆر باشترە لەوانەی هەتا ئێستا هەبوونە، باشتر کردن لایەنی خێرایی هەیە، بەڵام ڕەنگبێ مەترسیدارترین بیرۆکەی سیاسیش ئاوات و ئامانجی ئەوەبێ کە مرۆڤ بەختەوەر بێ.

**هەوڵدان بۆ سازکردنی بەهەشت لە سەر زەوی، بەردەوام جەهەنەم دەخولقێنێت.**

# ژیان نامەی سیاسیی
# هێربێرت مارکووزە

مــن لــە بێرلەن (بێرلین) لەدایک بوومە و بە هۆکارێک کە ڕەنگبێ لەبەر گاڵتەچییی ناســراوی بێرلەنییــەکان یــان بــە هــۆکاری دیکــەش- هەتــا ئەمڕۆکەش لــەو بابەتە خۆشــحاڵم. بــەڵام لە ڕاســتیدا ئەزموونی من لە ســاڵەکانی ١٩١٨ دەگەڵ شۆڕشــی ئاڵمــان دەســتی پێکــرد. لــە ســاڵی١٩١٨ماوەیەکی کــورت ئەندامــی ئەنجوومەنیی ســەربازەکان لە بێرلەن-ڕاینیکندرۆف بووم. کاتێک بێ هیچ تەکووزییەک ئەفســەرە پلەباڵاکانییــان گاســی ئــەو ئەنجوومەنــە کــرد، مــن وازم لــێ هێنــا. دواتــر دیتمان شــۆڕش لە بێرلەن هەرەســی هێنا؛ هەم شــۆڕش خیانەتی پێکرا و هەمژی ســەرکوت کــرا. بــە مەبەســتی خوێندن لــە بێرلەنەوە بــەرەو «فڕایبــوورگ» داگەڕام. لە ســاڵی ١٩٢٨ــەوە هەتا ١٩٣٢، جارێک نەبی کە لە بێرلەن بۆ کاروکاســبییەکی بێ ســوود مزڵــم گرتبوو، لای «هوســرێڵ» و «هایدگێر» دەرسم خوێندووە.

**پرســیار: جەنابت ئــەوکات ئەندامیی هیچ ڕێکخراوێکی کۆمۆنیســتی نەبوون؛ هەر بەڕاستی بۆچی؟**

**مارکووزە:** ســەر بە هیچ ڕێکخراوێکی کۆمۆنیســتی نەبووم و ئەگە لێشم بپرســی بــۆ؟ هەرچەنــدە شــوورەییە دەبــێ دان بــەوە دابنێم هیــچ وڵامێکم نییە، زۆر هاســان، نازانم.

کاتێــک لــە بێرلەنەوە چوومــە فرایبۆرگ، ئیتر ســاڵی ١٩١٩ بوو، لــەوێ ژیان بە تەواوەتــی ناسیاســیی بوو، دواتــر کە گەڕامەوە بێرلەن، حیزبی کۆمۆنیســت تووشــی لێکدابــڕان ببــوو. دەســت تێوەردانی دەرەکی، ڕووســەکان کە زۆرم پێ وانەبوو ناســراو

بـوو، ڕەنگبـێ یەکێـک لـە هۆکارەکانی وازهێنانی مـن ئەوە بوو بەڵام ئەو سـەردەم زیاتـر بـەرەو سیاسـیی بـوون دەچووم، دیاربـوو کە «فاشـیزم» پەیا دەبێ و، ئـەوە بووە هـۆی ئەوەیکـە بـە تەواوەتـی بەرهەمەکانی مارکـس و هێگڵ بخوێنمـەوە، بەڵام بۆ فرۆیـد نەختێـک درەنگتر دەسـتم پێکـرد. هەموو ئەوانە بـۆ ئەوە بوو کە بزانم باشـە بەڕاسـتی بۆچی کاتێک کە ڕەوشـی شۆڕشـێکی ڕەسـەن لەبار بووە، ئەم شۆڕشـە تێکشـکا یـان سـەرکوت کـرا هێـزە کەونـەکان جارێکـی دیکـە هاتنـەوە و هەموو باسـەکە بە لەونێکی تر و زۆر خراپتر سـەرلە نوێ دەسـتی پێکردەوە. سـاڵی **١٩٣٣-** یـان ڕەنگبـێ لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی **١٩٣٢-** کۆچـم کـرد. ئەو ڕۆژانـە بوو کە لەلایـەن دامـەزراوەی توێژینـەوەی کۆمەڵایەتـی کـە «هورکهایمێر» بەڕێـوەی دەبرد بانگهێشـت کرام. سـەرەتا سـاڵێک لە سـویس بووم و دواتر لە ژوییەی **١٩٣٤** چوومە ئەمریـکا لـە زانکۆی «کۆلۆمبیا» دەرسـم دەگوتەوە و دواتر لە سـاڵی **١٩٤٠** چوومە واشـنگتۆن هەتا سـەردەمی شـەڕ لەوێ کارم دەکـرد. واتە ئەوەندەی لـە توانامدا بوو و ئەوەنـدەی دەمزانـی دەمکرد هەتا بەسـەر نازیدا سـەرکەوین.

**پرسـیار: ڕەخنەگـران هـاوکاری ئەوکاتی ئێوە دەگـەڵ دەزگای زانیـاری ئەمریکا، OSS، بـۆ سـەرکۆنەکردنت بـەکار دەبـەن، هەر بەڕاسـتی لەوێ چیتـان دەکرد؟**

**مارکووزە:** من شـرۆڤەکار و شـیکاری پرسـە سیاسـییەکان بووم بەشـێک لە OSS کـە مـن کارم تێدا دەکرد جۆرێک دامـەزراوەی لێکۆڵینەوەیی سـتراتیژیکی بوو کە ئەرکـی ئـەوە بـوو گۆڕانکارییە سیاسـییەکانی ئـەو وڵاتانەی لە ئەسـتۆ بوو کە لە شـەڕ دابـوون. ئـەوکات بەرپرسـی ئورووپای ناوەندی بـووم، ئەگە ڕەخنەگـران لۆمەم دەکـەن ئـەوە لـە نەزانینی ئەوانـە چوونکە بـە ڕۆژی ڕووناک لەبیریـان چۆتەوە کە ئەو ڕۆژانە پرسـەکە باس لە شـەڕ دەگەڵ فاشـیزم بوو و من خۆم کەمتر لە خەڵکی دیکـە بـە شـەرمەزار دەزانـم کە لـەم شـەڕەدا هاوکارییەکـم کردبێ، با ئـەوەش بڵێم کە دوای شـەڕیش هەر لە واشـنگتۆن مامەوە هۆکارەکەشـی ئەوە بوو کە هاوژینی پێشـووم تووشـی شـێرپەنجە ببـوو و نەمدەتوانی سـەفەر بکـەم. ئـەوکات لێنزیک لە سـاڵەکانی ١٩٤٥ هەتـا ١٩٤٩ مـن و زۆرێـک لـە هاوڕێیەکانم لـەو دامەزراوانەدا

چالاکیمان دەکرد کە ئەوەندەی لە توانامان دابوو لەهەمبەر سیاسەتێک کە بەردەوام دەهات و دژایەتی دەگەڵ کۆمۆنیست دەکرد، تەنەخیمان نەکرد. هەمیسان وێدەچێ کە ڕەخنەگرەکان لەبیریان چووتەوە کە هێرشەکانی «مەک کارتی» لەو سەردەم ڕێک ئاراستەی ئەو تیمە بوو کە لە وەزارەتی دەرەوە کاریان دەکرد؛ نەک لەبەر ئەوەیکە ئەو تیمە گروپێکی نەتەوەیی بوون بەڵکوو بەو هۆکارە کە بە نێرینی ئەوان، کۆمۆنیستی بوو. تەنیا دوای شەڕ بوو کە چالاکیی گەلێکی پەروەردەیی ڕێکوپێکم هەبوو، سەرەتا لە زانکۆی «براندیس» و دواتر لە زانستگەی «کالیفۆڕنیا» لە سەن دیەگۆ. لەو ساڵانەی دواییش دوای **١٩٦٣** هەتا **١٩٦٦** فەلسەفەی من، کرداری من، بەردەوام ڕەگی دادەکوتا. چوونکە ڕام وابوو ئەزموونی کۆن پاتە دەبێتەوە و لەم وڵاتەش سیاسەتی ڕاستیی توندئاژۆ بەرەو پێش دەچێت، هەرچەندە دێموکراسی لاواز بێ سەرکوتی کەمینەکان زیاتر دەبێ، سیاسەتی دەرەوەی پڕ لە هەراوهوریا دەگرێتە بەر کە بە ڕواڵەتی لە دوو «شەڕی بچوکتر» خۆی دەبینێتەوە. بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ کارێک کە ڕووناک بیرێک لەدەستی دێ بیکەم هەتا بە ئاراستەی پێچەوانەی ئەو بزووتنەوە کارم کردبێ، هەر ئەوەش بوو ڕۆڵێک لە جووڵانەوەی خوێندکاری درا بە من، دەورێک کە ئەمڕۆش، هەرچەند بە ڕادەیەکی نزمتر (دوایی زیاتر قسەی لەسەر دەکەم) لەسەر شانمە. لە ساڵی **١٩٦٩** بۆئەولاوە ئیدی داوای کارم لە زانکۆ نەکردەوە، چوونکە بۆم ڕوون بوو کە پەسند ناکرێ. ساڵی **١٩٦٩-٧٠** یان لە ڕاستیدا **٦٨-٦٩** بەردەوام نامەی هەڕەشەئامێز تەنانەت هەڕەشەی کوشتنم بۆ دەهات. ئەو نامانە لەم دواییانەدا بەهۆی ڕووداوی «ئاجگێلا دێیویس» کە خوێندکاری من بوو زیاتر پەرەی سەند. بەڵام بڕیارم داوە جارێ هەر لێرەوە کاروچالاکییەکانم درێژە پێبدەم و ئەوەی لەدەستم بێ بینووسم و بیکەم.

# ژیان نامەی سیاسیی کارێڵ پووپێر:

لـە سـاڵی ١٩١٥ کاتێـک کە ١٣ سـاڵانە بووم، بوومە مارکسیسـت و، لە سـاڵی ١٩١٩ چـی وام نەمابـوو ببمـە ١٧ سـاڵ، بوومـە دژە مارکسیسـت. بـەڵام هەتا ٣٠ ساڵەییم هـەر سوسیالیسـت مامـەوە. هەرچەنـد زۆرم گومـان هەبـوو کە ئـازادی و سوسـیالیزم دەگەڵ یەکتر تەبا بن. ئەوەیکە من بوومە دژە مارکسیسـت چارەنووسێک گرنگایەتییەکـی زۆری هەبـوو کـە لـە –ڤییەن- زێـدی لەدایک بوونـم ڕووی دا. بەهۆی خۆپێشـاندانێک کە لەلایەن کرێکاران و لاوانی سوسیالیسـت و کۆمۆنیسـت تەقـە کـراو و چەنـد کرێکارێـک کـوژران، منیش زۆر لـە خۆم و لـە پۆلیس تووڕە ببـووم چوونکـە پێـم وابـوو وەک مارکسیسـتێک لانیکەم لەبـواری ڕێسـاییەوە لەو چارەڕەشـییە تاوانبـارم چوونکـە هزری مارکسیسـتی، خوازیـاری توندبوونی خەباتی چینایەتییـە. مارکسـیزم داوای ئـەوە دەکات کـە، خەباتـی چینایەتـی هەرچەنـد بەگوڕوتیـن تـر بێ زووتر بە ئاکام دەگا؛ هەرچەندە شـۆڕش قوربانـی گەرەکە، بەڵام سـەرمایەداریش هەمـوو ڕۆژێـک قوربانـی زۆرتـری دەوێ، زۆر زیاتر لە شۆڕشـی سوسیالیسـتی، مارکسـیزم وا دەڵێ.

منیـش لەخـۆم دەپرسـی ئایا هـەر بەڕاسـتی دەتوانین شـتی وا بزانین. دەسـتم کرد بـە خوێندنـەوەی مارکـس بـەڵام بـە ڕوانگەیەکـی ڕەخنەگرانـە بۆم دەرکـەوت کە بـاوەڕی مارکسـیزم بـە ڕێژیمـی کۆمەڵایەتی حاکم و دڵ پیسـی بـەدڕا باوەڕمەند بـوون بەوەیکـە سـەرمایەداری بـەرەو لاوازبوونـە، بـەو زەروورەتـە مێژووییـە چەنـدە پڕوپووچـە. ئەوەیکـە بەڕاسـتی هەبوو دەگەڵ هەمـوو شـین و شـاییەکانی بەو مانایە مـن کەسـێکی –تـاک تەوەر- بـووم کـە وەک ڕۆژی ڕوون بـۆم دەرکەوتبوو دەبێ لـە نێوان یـەک بە یەکـەی تاکەکانـی کۆمەڵـگا دادپەروەریی بێتـەدی. چەمک

گەلی وەک مرۆڤایەتی یان تەنانەت «چین» (طبقە) دەرهەستگەلێکن کە زۆرجار دەکرێ مەترسیدار بن، چوونکە تۆ چیت بۆئەو مارکسیستانە هەیە کە ئامادەن بۆ ئاسوودەبوونی مرۆڤایەتییەکی ئەبستراکت و دەرهەست (انتزاعی) خەڵک بکەنە قوربانی؟ ئەو جۆرە خەڵکانە پێیان وایە کە، چەرخ و ڕۆژگاری مرۆڤەکان هەرچەندە دژوارتر بسوورێ و خول بخوا و ئاستەم بێ، دۆخ بۆ شۆڕش و بۆ مرۆڤایەتی لەبارتر دەبێ. هەڵبەت دژوازییەکی زۆر لە نێوان ئۆگریی بوونی هەبووە بەڵام ئەوەندە گوماناوی بوو کە زیاتر بوونی ئەو دژوازییانە بە ئاراستەی کۆمەڵگای باشتر بگا یان خراپتر، بۆ میناک کۆمەڵگایەکی فاشیستی.

ڕەخنەی من لە مارکسیزم سەرەتا بە هیچ شێوەیەک باوەڕی سوسیالیستی منی لاواز نەکرد سوسیالیزم بۆ من دروشمێکی ئەخلاقی بوو و شتێک جگە لە هزرێکی دادپەروەرانە نەبوو. سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا هەژاریی مەزن و سامانداریی مەزنی تێدابێ، بۆمن تاقەت پڕوکێن بوو بەڵام دواتر کە زانیم و بۆم دەرکەوت سوسیالیزمی دەوڵەتی دەبێتە تاسەی حکومەت و خێراییەکەی دەگرێ و بوروکراتەکانیش لە بەرامبەر شارۆمەندان بەهێزتر دەکات باوەڕی سوسیالیزمیشم نەما و وازم لێ هێنا. لەوکاتییەوە ئیتر لەسەر ئەو قەناعەتەم کە، سوسیالیزم دەگەڵ ئازادی یەکتر ناخوێننەوە. ٢٨ ساڵە بووم کە وەک ماموستا لە شاری ڤییەن دامەزرام ئەو کاتی زۆرم شت نووسیبوو بەڵام لێنزیک هیچم بڵاو نەکردبۆوە. بە هان دانی هاوڕێیانم دوو کتێبم چاپ کرد، دووهەمیان بەناوی «لۆژیکیی توێژینەوە» لە ساڵی ١٩٣٤ بڵاو بۆوە، بەو کتێبە بوو کە کەوتمە سەر ڕێچکەی ژیانێکی زانستگەیی. ئەو سەردەمی دیکتاتۆرییەکی فاشیست لە ئۆتریش دەستەڵاتی هەبوو جیا لەمەش ئەودەم لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە بەو زوانە هیتلەر ئوتریش ناچار دەکا کە بە ئاڵمان بلکێتەوە. چوونکە ڕەگەزی جوولەکەم هەیە بڕیارم دا کۆچ بکەم. ئەو کتێبەم بووە هۆی ئەوەیکە لە ئینگلستان بانگهێشت بکرێم بۆ وانە وتنەوە، لە ساڵی ١٩٣٦ لە شەوی جێژنی سەری ساڵ بۆ گوتنەوەی وانە چوومە نیوزیلەند کاتێک لەوێ لە مارسی ١٩٣٨ هەواڵی هێرشی هیتلەر بۆسەر ئۆتریشم بیست، کەوتمە بیری ئەوەیکە کتێبەکەم بەناوی «کۆمەڵگای کراوە و دوژمنانی» کە ڕەخنەیەکە لە فاشیزم و مارکسیزم، بڵاو بکەمەوە.

لـە بەهـاری ١٩٤٥ لـە نیوزیلەندەوە بۆ ئینگلیس بانگهێشـت کرام. لـە ١٩٤٦ هەتا ١٩٦٩ لـە زانکۆی لەندەن دەرسـم گوتەوە. لەونێوەدا لـە ئەمریکا، ماوەیەکی کورتیش لـە ئۆتریـش، ژاپۆن و ئوسـترالْیا وەک ماموسـتای میـوان وانەم دەگوتەوە، سـالْێک لەمەوبـەر خانەنشـین کـرام. بـە ڕواڵەت ئـەو ڕۆژانە دەبێ پشـوو بدەم و بحەسـێمەوە بـەڵام زۆر زیاتـر لە جاران ئـازار دەچێژم.

# ڕەخنە و بەرنامە
# هێربێرت مارکیوس (مارکووزە): کۆمەڵگای نوێ

گوتویانــە، تەنانەت بەئەســتۆی منیشــیان داهێناوە کە، کۆمەڵگای ســەرمایەداری زۆر گەشــە کــردووی ئــەم چاخــە بەتایبــەت لــە وڵاتــی ئەمریــکا ئیتر لە ڕاســتییا کۆمەڵگایەکــی چینایەتــی نییــە؛ دژوازی نێوان هەژار و هەتیو، دەوڵەمەند و دەســت ڕۆیشــتوو کەمتــر بوویتــەوە و، شۆڕشــی چینایەتــی ئیدی بەهیچ شــێوەیەک بوونی نەماوە. سیســتەمی ئارایــی توانیوەتی ئەو دژوازیانەی کە «مارکس» دۆزیبوویەنییەوە هەڵقەنــێ یــان هــەر نەبــێ بــژاری بــکا و بیوەســتێنێ، ناکرێ بــاس لەمانــە بکەین و منیــش قــەت تشــتی وام نەگوتــووە. ڕاســتییەکە ئەمەیــە کــە دژایەتییــەکان، ناکۆکیــی دەروونی نیزامیی ســەرمایەداری هەروا بەردەوامــە. لێکدانەوەی بەتایبەتی هەڵســەنگاندنی ئەم ڕەوشــە دژوازی گشــتی لە نێوان ســامانی مەزنی کۆمەڵایەتی کــە بەڕاســتی دەیتوانــی ژیانێکــی بەبــێ هــەژار و بێــکار بخولقێنێــت و، شــێوازی ســەرکوت و وێرانکــەری کار و دابــەش کردنــی ســامانی کۆمەڵایەتــی وێنا بکات. تەنانــەت شۆڕشــی چینایەتیش هەر بەردەوامە لێ بەشــێوەیەکی ئابــووری، داواکاری زیادکردنــی دەســمز، باشــتر کردنــی دۆخــی کار، گەلێــک داخــوازی کە ئێســتاش دەکــرێ لــە چوارچێــوەی سیســتەمی ســەرمایەداری دا بێنــەدی. ئەگەرچــی ئــەو داخوازییانــە لــەو چوارچێوەیەدا هــەروەک مانگرتنە مەزنەکانی ئەم ســاڵانەی دوایی و هەڵاوەســانی ئابــووری کــە ئێمە دەیبینیــن بــەردەوام دژوارتر دەبێ.

لەلایەکــی دیکەشــەوە ڕاســتە کــە کۆمەڵــگای ســەرمایەداریی هەنوکــە دەگەڵ ســەردەمەکانی پێشــوو گەلێــک تەوفیــری گرنگــی هەیــە و، ئــەم جیاوازییانــە هەر ئــەو شــتەن کــە من وەک ئاوێتــە کردنی زۆربەی هــەرە زۆری چینــی کرێکاران لە نیزامێک دا کە هەروا ڕاوەســتاوە، پێناســەم بۆ کردووە تێکەڵ بوونێک کە دەمهەوێ

پڕبایەخترین جۆری بە کۆمەڵگای وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕابکێشم.
جاری وایە ئەو تێکەڵ بوونەی چینی کرێکار بەجۆرێکە کە، دەتوانین شەبەنگیی کرێکار وەک کۆڵەکەی ڕێژیم دابنێین-بەتایبەت لە سەرکردایەتیی یەکێتییەکان-ب خاسمانی لەو جێگایەی کە پرسەکە لەسەر پشتیوانی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە- بەڵێ وایە، ئەو تێکەڵ بوونە بەهیچ شێوەیەک ئاوێتەبوونێکی تەنیا ڕووکاری یان ئایدۆلۆژیکی نییە- گەلێک هۆکاری ڕوونی هەیە چوونکە سەرمایەداری ئێستا سەرکەوتوو بووە، بەتایبەت لەسەر بنەمای مەزنی ڕەخساندنی هەلی کار، ئاستی ژیانی بەشی هەرە زۆری حەشیمەتی بردۆتە بان. ئەمڕۆ ڕەوشی زۆربەی کرێکارەکان، بەهەرحاڵ کرێکارانی پسپۆڕ زۆر لە ڕابردوو باشترە. زۆربەیان لە ئاسایشی کۆمەڵگا بە ڕواڵەت بەرخۆر پشکدارن و زۆر بەباشی ئەمە دەسەلمێت و ئەمە شتێکی زۆر بانتر لەسەر شوشتنەوەی مێشک و گزی پڕۆپاگەندایە کە، ئەوان نایانهەوێ ئەم هەمووە هەڤیازییە بەهۆی سوسیالیزم واز لێبێنن و بەدوای ناشوێن دا بکەون. شێوازەکەی ئێمە ئێستا لە یەکێتی سۆڤییەت و هاوڕێیەکانی دەبینین. دەبێ ئەوەش بڵێم کە، بەپێی ئەو ئاستە بەرزەی ڕەخسانی کار و دەوڵەمەندی بەردەوامی پەرەسەندنی دۆزینەوەی کەلوپەل، بەئەنقەست بێ یان نا مرۆڤ بەدوای خۆی دا ڕکێش دەکات. ئەمانە بۆ سەرمایەداری ئێستا وەک کەرەسەیەکی هەرەپێویستی چاودێری و گەڕانی لێهاتووە. واتە دەبێ بەردەوام پێداویستییە نوێ، تەنانەت داخوازییە سرووشتی و خۆماکیش بجوولێنی هەتا مرۆڤەکان هان بدەی ئەو کەلوپەلانەی بەردەوام بەرهەم دهێن، بکڕن، دەبێ بە قەناعەتیان بگەهێنی کە بەڕاستی پێویستییان بەو کەرەسانە هەیە و ئەو شتانەش پێداویستییەکانیان دابین دەکا. بەم جۆرە ئاکامەکەی ئەوە دەبێ کە مرۆڤەکان دەکەونە داوی پەرستنی جیهانی کەلوپەلەکان و بەم جۆرە تەنانەت لە خواستەکانی خۆشیان، نیزامی سەرمایەداری دووبارە بەرهەم دێننەوە. شتەکان دەبێ بکڕدرێن چوونکە ئیترانیش دەیانکڕن ئاخر خواست و ویستی خەڵک بۆ کڕینیان پەنگی داوەتەوە. ئەمە بەو واتایەیە کە دەبێ پووڵی ئەو کەلوپەلانە بدەی و چوونکی بەردەوام گرانتریش دەبن، هەمیسان بەو مانایەیە کە شۆڕش بۆ هەبوون لە ڕاستیدا هەردێت و نالەبار و مەترسیدارتر دەبێ. دەگەڵ ئەوەیکە بەشێوەی دابەشکاری

ئاوەزمەندانەی کار و سامانی کۆمەڵایەتی، دەتوانرێ ئەم ڕابوونە بە شێوازێک کە هەتا ئێستا ئەستەم بووە، هێور بکەینەوە و هاسانی بکەین. بەڵام لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستا ئاراستەکە ڕێک بەپێچەوانەیە، هەر لەبەر سامانی ئارایی کۆمەڵایەتی شەڕ لەسەر بوون دژوار و ئاسانتر نابێتەوە، تێکەڵ کردنی کرێکاران بەردەوامە بەڵام هەروەک باسمان کرد ئەو ئاوێتەبوونە لاواز دەبێ، بەنێرینی من ئەمڕۆ دژوازییەکانی دەروونی زۆرزیاتر لە پار خۆی وێناتر کردووە، تەنانەت لەنێو چینی بە ڕواڵەت مام ناوەندی-بورژوازی- ئەو ئاگادارییە پەرەی ستاندووە کە بابەتی کۆمەڵگای بەرخۆر (بەکاربەر) و ئاسایشی کە لە کۆمەڵگای بەرخۆر بوونی هەیە ڕەنگبێ تێچووەکی یەکجار زۆری دابێ؛ ئەویش نەک تەنیا بە کارگەلی نا مرۆڤانە کە ڕوح و ڕەوانی لەناو دەبا، بەڵکوو بە کارێک کە پیشەی مکانیزە و جاریش خۆکار خولقاندوویەتی. کاتێک کرێکارێک هەشت دەمژمێری تەواو، هیچ کارێکی نییە جگە لەوەنەبێ کە بەردەوام پێچێک بسووڕێنێ یان دوگمەیەک دابگرێ یان پارچەیەک بە پارچەیەکی دیکە وەبنووسێنێ، ئەگە بیر بکەینەوە کە ئەو جۆرە بەرەنگاربوونەوەیە بۆ بوونی ئەمڕۆ لەڕاستیدا ئیتر پێویست نییە و بەپێی ئەو سامانە مەزنەی کۆمەڵایەتی و لەبەرچاو گرتنی ئەو ئیمکانە کە دەتوانرێ سەرچاوەی بەردەست ئاوەزمەندانە هەڵێنجین و دابەش بکەین و، هەموو ئەو کارانە وەلانێین و بیانکەینە خۆکار، ئەودەم چالاکیی گەلێک کە ڕوح و ڕەوان دەکوژن، بە نرخێکی یەکجار زۆر دێتە بەرچاو. هەڵبەت بەوپێیە کە بەشێکی زۆر لە زێدەڕۆیی شێتانە کە لە کۆمەڵگای بەڕواڵەت بەرخۆر حاکمە، بەرەو خێراترین ئامانجەکان واتە لەناو بردنی هەژاری و بێ دەرەتانی کە ڕێک لە کۆمەڵگای زۆر پێشکەوتووی سەرمایەداری هەروا هەیە و بەردەوام دەزێتەوە، لەناو دەچێت. لایەنێکی دیکە کە وا نیشان دەدا ئەو بەهایەی کە بۆ کۆمەڵگای بەرخۆر دەدرێت یەکجار زۆر گرانە، ئەمە ڕاستییەکە کە بەردەوام زەق دەبێتەوە: ئارامی و ئاسایش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستراویتەوە بە شەڕە نوێ و داگیرکارییەکان و هەژار کردن و وێران کردنی بەشێکی زۆر لە جیهانی سێهەم. ئەمە ڕەخنەیەکە لە کۆمەڵگەی بەرخۆر کە ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی مارکس ئەمڕۆش هەر لەسەر حەقە، هەڵبەت بەشێک لە چەمگەلی بنەواشەیی

وەک پڕۆڵتاریـا دەبێ بـە جۆرێکی دیکـە دابڕێژینەوە.
بەرگرییەکـی دیکـە کـە لـە کۆمەڵگـەی سـەرمایەداری زۆر پێشـکەوتوو هەیـە سـەرەتا زۆر گرنـگ خـۆ دەنوێنیت دەڵێن ئـەم کۆمەڵگایە دێموکراسـی ڕایگرتووە و هەرچییەکیـش بێـت فرەیـی و پلۆراڵ هەتـا ڕادەیەکی باش جێکەوتـووە، بەڵێ، دەبێ دان بـەوە دابنێین-چوونکـە ڕاسـتییەکە-ئەمڕۆ ئازادییەکان لە ئەمریـکا بەبەراورد بە، بۆوێنە شـووڕەوی زیاترە و تەنانەت زۆر زیاتریشـە لەو وڵاتە دیکتاتۆر و فاشیسـتانەی کـە لـە هەمـوو جیهان سـەریان هەڵـداوە. لەلایەکی دیکەشـەوە نابێ ئـەوە لەبەرچاو نەگریـن کـە، هـەر ئەو دێموکراسـییە چەندە دەسـتی تێـوەردراوە و سـنووردار کراوە. لـە ڕاسـتییا لـەم نیشـتمانە ڕەوتێکـی دژبـەری واقعی بوونـی نییە، بـەو مانایە کە بتوانێ کەرەسـەی پێوەندییە گشـتییەکانی لەدەسـت دابێ بۆ میناک ڕۆژنامەیەکی بەڕاسـتی دژبەر، وەک ئەوەی لە فەرانسـە یان ئیتالیا هەیـە، بوونی نییە، چەپەکان، چەپە توندئاژۆکان دەسـتیان وە کەرەسـە پێوەندییەکان ڕاناگات چوونکە زۆر هاسـانە، ناتوانـن ئـەو هەمـوو پووڵـە بـۆ کڕینـی کات-وەک ئـەو گرووپانـەی دیکـە- لـە کاناڵـە تەلفزیۆنییـەکان تەرخـان بکـەن. چەپەکان لەم جـۆرە دێموکراسـییەدا هەر لە سـەرەتاوە مەغموونـن ئـەوەش ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە کە پرۆسـەی سیاسـی و دێموکراتیـک بەتەنیـا لەدەسـت دوو حیزبیی سـەرەکی «کۆماریخـواز» و دێموکرات» دایـە، کەهـەردووک لـە بواری ئامانجـەوە وەک یەکن. کەوابوو ئەوانـە کەڵکیان لە دێموکراسـیی وەرگرتـووە و بـە قازانجی خۆیـان دایانبەزانـدووە، هەربۆیە ناکرێ هیچ قسەیەکی لەسـەر بکەین.
ئـەم گرێدانییە کە، دێموکراسـی لە ڕاسـتییدا لە نێوان ئەحزابی دەسـتەڵاتدار دابەش دەبـێ کـە لەبـواری بنەمـا و ئارمانـج هاوبەشـن، هەرچەنـدە ئەمریکا زیاتـر لەهەر شـوێنێکی دیکە پێشـکەوتووە بـەڵام بەباوەڕی مـن بەگوێرەی ئینتیما بـۆ ئورووپاش ئـەوە دەبنیـرێ، بەتایبەت لـە بریتانیـا و ڕەنگبێ لە ئاڵمانـی فێدرالیش.

**پرسـیار: بەڵـێ، ئـەو میناکەی کۆمەڵگا کە ئێـوە لە بەرامبەر کۆمەڵگای ئێسـتا وێنای دەکـەن کامەیە؟**

**مارکووزە:** پرسی هێنانەوەی نموونە لەبەرامبەر ئەو کۆمەڵگایەی ئێستا بۆ من هەمووکات هاسان بووە و ئەمڕۆش هەربەهەمان شێوە ساکارە. ئەوەیکە ئەمڕۆ لاوان دەیانهەوێ کۆمەڵگایەکیی لاشەڕ، بێ داگیرکاری و چەوساندنەوە، بێ سەرکوت، بێ هەژار و داماوی و بەبێ هەڵەخەرجی یە. بەڵێ، کۆمەڵگای پیشەیی پێشکەوتوو هەموو ئەو سەرچاوە زانستی و سرووشتیانە کە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ پێویستە لەدەستی داهەیە ئەوەیکە دەبێتە لەمپەڕ بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی زۆر هاسانە، ئەو سیستەمەی ئێستایە و ئەو هەوادارانەی کە بۆ بەرگری لەو نیزامە شەو و ڕۆژ تێدەکۆشن و کار دەکەن و کەرەسەی توندووتیژی بەرهەم دەهێنن و بەکاری دەبەن. نیشان دانی کۆمەڵگایەکی دیکە وەک نموونە بۆ من چەتوون نییە، بەڵام ئەوەیکە ئەو کۆمەڵگایە دەبێ چۆن بێ، قسەیەکی دیکەیە. بەڵام من پێم وایە لەسەر بنەمای سڕینەوەی هەژاری، نەهێشتنی هەڵەخەرجی و پێش گرتن بە وێرانکردنی سەرچاوەکان دەتوانین بە جۆرێک لە ژیان بگەین کە لەوێدا مرۆڤەکان بەڕاستی شێوەژیانی خۆیان دەست نیشان بکەن.

## پرسیار: ئەو ڕێگایەی کە بەو کۆمەڵگایە دەگات، چۆنە؟

**مارکووزە:** ڕێگای گەیشتن بەو کۆمەڵگایە- هەڵبەت ئەوە شتێکە کە تەنیا لە خەبات بۆ پێکهێنانی وەها کۆمەڵگەیەک دەتوانی هەستی پێبکەی-. ئەوەی لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە: ڕێگا لە ولاتە جۆرواجۆرەکان زۆر جیاوازە بەپێی گەشەی ئەو نیشتمانانەیە، پێگەیشتنی هێزی بەرهەم هێنەر، گەشەی ئاگایی، نەریتی سیاسی و ... . دەمهەوێ ئاماژەی خۆم بخەمەوە سەر ئەمریکا چوونکە ئەو ولاتە لە هەموو جێگایەکی ئەو جیهانە باشتر دەناسم، دەمهەوێ بە توندی پێ لەسەر ئەوە داگرم کە هەڵکەوتەی بۆ میناک فەرانسە و ئیتالیا یەکجار زۆر جیاوازە، هەڵبەت پرسیارێک لەسەر بکەری گۆڕانکارییەکان هەیە ئەویش ئەوەیە: بکەری شۆڕشگێڕ کێیە؟ ئەم پرسیارە بۆ من نابەجێیە، چوونکە بکەری شۆڕشگێڕانە تەنیا لە دەوری خودی گۆڕان دەتوانێ پەروەردە بێ، ئەمە شتێک نییە کە وا بە هاسانی بوونی هەبێ و دەبێ لە شوێنێک بیدۆزییەوە،

جێبەجێــکاری شــۆڕش دەبێ بەکردەوە وێنا بکرێ لە گەشــەی زانســت و ئاگایی، لە گەشــەی کردەوە و پراکتیک.

**پرسیار: ئایا دەکرێ ئەمڕۆ بکەر چینی کرێکار بێ؟**

**مارکــووزە:** ڕەخنەیــان لــە مــن گرتــووە کە گۆیــا گوتومــە، ئیتر چینــی کرێکار ناتوانــێ جێبەجێــکاری شــۆڕش بــێ هەڵبەت ئەوە ناخی قســەکەی منــە، ئەوەی من گوتومــە ئەوەیە کــە، ئەمڕۆ چینی کرێکار لە ئەمریکا چیتر بکەری شۆڕشــگێڕانە نییــە، ئەمە پێشــداوەرییەک لەلایــەن منەوە نییــە، ئەمە، هەروەک چۆن بــاوەڕم پێیە زۆر بەهاســانی وەک هەواڵێکــی ڕاســت وایــە. هەمیســان دەبــێ بڵێمەوە سروشــت لە ئیتالیــا و فەرانســە زۆر جیــاوازە، لــەو وڵاتانە کــە نەریتی بەهێزی کرێــکاری هەیە ئاســتی ژیــان هێشــتا نەگەیشــتووتە وڵاتــی ئەمریــکا هــەر بۆیە هێزی سەرکێشــی چینــی کرێــکار زۆر بەتواناتــرە لە وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریکا.

**پرســیار: ئێــوە بەردەوام باســتان لە ڕۆڵی پــڕ گرنگی خوێندکاران کــردووە، ئەوان بۆ گۆڕان لــە کۆمەڵگە دەتوانــن چ دەورێکیان هەبێ؟**

**مارکــووزە:** هیچــکات نەمگوتــووە کە، ئەمــڕۆ بزووتنــەوەی خوێنــدکاری دەتوانێ جێگــرەوەی بزووتنــەوەی کرێــکاری وەک هێزێکــی پەنگخواردووی شۆڕشــگێر بێ. ئــەوەی کــە گوتومــە ئەوەیــە، ئەمــڕۆ بزووتنــەوەی خوێنــدکاری ڕۆڵــی ســازگار و ڕێخۆشــکەر بۆ بزووتنەوەی شۆڕشــگێڕانەی هەیە، ئەوە لە ڕاســتیدا ئەمڕۆ دەورێکی کاریگــەر و چارەنــووس ســازە. بــەڕای مــن ســەرجەم داواکانــی دۆڕاومەنــدەکان-بزووتنەوەیــەک کە بەشــی هــەرەزۆری لەدەوری زانکــۆ و قوتابیخانــەکان دەخولێتەوە ناتوانێــت بزاڤێکــی ڕزگاریخوازانــە بــێ و، تەنیــا جوڵانەوەیەکــی ڕوناکبیرانەیــە-بزووتنــەوەی بەڕواڵــەت هەڵبژێــراو و نــاوازەکان، بەڵــێ ئــەم داخوازییانــە زۆر بــە ســووکی ڕاســتییەکان دەشــارێتەوە. وایە ئەو ڕاســتییە لەبەرچاو ناگرن کە لە زانکۆ و قوتابیخانەکانــە کــە بەرپرســانی کۆمەڵــگا پــەروەردە دەکرێــن هەربۆیە گــووران و

فـەراژووی ئاگایـی، زانیـاری ڕەخنەگرانـە لە زانسـتگە و مەدرەسـەکان ئەرکێکی یەکلایـی کەرەوەیە.

**پرسـیار: ئەمڕۆکە شـۆڕش چـۆن دەتوانێـت سـەرهەڵبدات؟ ڕەنگبێ ئیتـر هەژاری دەوری نەبـێ، لانیکـەم لەوڵاتانی پێشـکەوتووی پیشـەیی.**

**مارکـووزە:** ئـەوە بـۆ جۆراوجۆری وڵاتـان دەگەڕێتـەوە، لەو وڵاتانەی کـە هەژاری باڵادەسـتە بێگومان هەژاری ڕۆڵی سـەرەکی دەبینێ بـەڵام لەوڵاتانەی دیکە وانییە. ڕەنگبێ شۆڕشـەکانی سەدەی بیسـتەم و بیستویەکەم ئاوا دەردەکەوێ کە لە قۆناخی یەکـەم هـۆکاری هـەژاری دەوری نەبـێ بەڵکـوو بڵێین، لـە پەسـتی و ناپیاوەتی لە بێـزاری و لـە هەڵەخەرجـی زۆری بـە ڕواڵـەت کۆمەڵـگای بەرخۆر بـێ. بێمەیلی و بێـزاری لـە بێبەزەیـی و دڵڕەقـی و نەزانی مرۆڤەکان؛ بەم هۆیەیە ویسـتی سـەرەکی ئـەم شۆڕشە-لەڕاسـتیدا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا- ئەمـە دەبێت. دۆزینەوەی ژیانێک کـە شـیاوی مـرۆڤ بێ و ڕۆنانی شـێوازێکی نوێ لـە ژیان کەوابوو پرسـەکە هەر بەتەنیـا لەسـەر گۆڕانیی چەندایەتییەوە نییە بەڵکوو لەسـەر گۆڕانیـی چۆنیەتییە.

**پرسـیار: شۆڕشـێک لەسـەر بنەمای بێـزاری و پەسـتیی-ئایا ئەمـە بیرۆکەیەکی نامارکسیسـتی نییە؟**

**مارکـووزە:** نـا بەهیـچ شـێوەیەک نامارکسیسـتی نییـە چوونکـە خـودی بێزاری خـاوەن هـۆکاری بابەتیـی و کۆمەڵایەتی بەهێزە، بێـزاری تەنیـا وەرگێڕانی دژێتی، دژایەتیـی بـەردەوام زاف کە بەسـەر هەموو کۆمەڵگای سـەرمایەداری دەسـتەڵاتی هەیـە: واتـە دژایەتـی نێـوان سـامانی مەزنـی کۆمەڵایەتـی و کەڵـک وەرگرتنی هەژارانـە و وێرانکـەر لێـی. هەرئـەو دژکارییەیە کە کاتێک ئاسـتی وشـیاری بەرز بـۆوە، دەبێتـە هێـزی بێزاری و لەنـاو کۆمەڵگا سـەرهەڵدەدا.

**پرسـیار: بەڕێـز پرۆفیسـۆر، هەر بەڕاسـتی ناکرێ بـە ڕێگای چاکسـازی بگەینە**

**کۆمەڵگایەکی ئینسانی و سەربەخۆ؟**

**مارکووزە:** دەکرێ و دەبێ چاکسازی تاقی بکەینەوە و بیزانین، هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەتوانن، هەژاری، داماوی و زەبروزەنگ لەناو بەرێت دەبێ تاقی بکرێنەوە، بەڵام سەرکوت و چەوساندنەوە سروشتی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە هەروەک چۆن شەڕ و کۆجێیی و سەنترالیزەی هێزی ئابووری جەوهەری بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە. بەڵام ئەوە بەو مانایەیە کە درەنگ یان زوو دەگاتە خاڵێک کە چاکسازیی دەگەڵ سنووری ڕێژیمی ئارایی ویک دەکەون، ئەو جێگایەی کە ئیدی بەڕێوەبردنی چاکسازی ڕەگوڕەچەڵەکی بەرهەمی سەرمایەداری دەبڕێتەوە: واتە قازانج. ئەمە ئەو خاڵەیە کە سیستەم لەبەرامبەر چاکسازیدا بەرگری لەخۆی دەکا، بۆ مانەوەی خۆی دەبێ هەڵوێستی هەبێ و بەرگری بکا؛ ئەودەم پرسیارێک دێتە گۆڕ، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە شۆڕش سەرهەڵبدات؟

**پرسیار: کۆمەڵگای ڕزگار و ئازاد دوای شۆڕش چۆن خۆی ڕێکدەخات؟ دەکرێ کۆمەڵگەی تێکچڕژاو و ئاڵۆزی وڵاتانی پیشەیی ڕۆژئاوا، بۆمیناک بەپێی سیستەمی شووڕایی دابمەزرێت و هەمیسان هێزی ڕاندمان و ستانداردی تێکنۆلۆژیکی بپارێزرێت؟**

**مارکووزە:** ئەوەیکە دوای شۆرش کۆمەڵگە چۆناوچۆن خۆی سازمان دەدا، شتێکە ئێمە ناتوانین ئەمڕۆ دەست نیشانی بکەین، کارێکی ئاوها ئەگە بکرێ، بەخۆڕاییە. ئێمە سەربەست و ئازاد نین کەواتە وەک ئەوانەی ئازاد نین ناتوانین پێشەکی دەستنیشانی بکەین کە ئاخۆ مرۆڤی ئازاد چۆن دەژیت و چۆناوچۆن ژیانی خۆی بەڕێوەدەبا. هەڵبەت دەتوانین بەشێک لە دامەزراوە سەرەکییەکان وێنا بکەین، «سیستەمی شووڕایی» هەڵبەت ئەمەش چەمکێکە کە لە بواری دیرۆکییەوە باری پێش داوەرییەکان قورستر دەکا، بەڵام من پێم وایە هەتا ئێستاش بنەمای بیروهزر هەروا جێی متمانەیە، من گوتم کە لە کۆمەڵگای ئازاد مرۆڤەکان ژیان و گوزەرانی خۆیان بۆخۆیان هەڵدبژێرن. لە ماکەکانی ئەم ژیانە، یەکێک ئەوەیە

ئـەوان بۆخۆیـان دایدەنێن کە کار لە بواری کۆمەڵایەتی پێویسـت چۆن دابەش بکرێ و هـەر ئـەو کارەش لـە بەرژەوەندی کام ئامانـج دابێ. ڕەنگبێ باشـترین ڕێگا ئەمە بـێ کـە لە قۆناخـی یەکەم لە کۆمەڵگاکانـی گەڕەک و ناوچەیـی، کۆمیتەکان، ئەنجومەنـەکان یـان هەرناوێکـی لـێ دادەنێـی، تێپەڕیـت و ئەمانـەش بۆخۆیـان لە شـوێنەکە لـە هەمـوو کەس باشـتر دەزانن کە دەبێ لەپێشـییەکان (اولویـت) کامانە بـن و کار لە بـواری کۆمەڵایەتیی پێویسـتەوە چـۆن دابەش بکرێ.

**پرسـیار: بەڵام چ دەسـتەبەرییەک (گەرەنتی) هەیە کە نەمانی شـێوازی بەرهەمی سـەرمایەداری، کۆمەڵگایـەک بێنێتـە ئـاراوە کـە تێـدا تـاک ئازاد بـێ و بتوانێ خولیاکانـی لـەودا ببینێتەوە؟ بەهەرحـاڵ ئەو کۆمەڵگا سوسیالیسـتییانە دڵنیاییەکی وەها نادەن.**

**مارکـووزە:** بـۆ ئەمـە هیـچ گەرەنتییـەک نییـە. مێـژوو کۆمپانیای بیمـە نییە، ناتوانـی چاوەڕێی دەسـتەبەری بی. شـتێک دەتوانین بیڵێین ئەوەیـە کە، لەناوچوونی کۆمەڵـگای سـەرمایەداری بەهەرحاڵ بەسـتێنێک خۆش دەکا کـە کۆمەڵگایەکی ئـازاد دەتوانـێ لەوێدا گەشـە بکا.

**پرسـیار: چەپـی نـوێ کام کـردەوەی بەرچاوی سیاسـیی دەبـێ بکاتـە پێوەر؟ئایا سیاسـەتی هاوپەیمانیـی ئـەو گروپانـە دەگـەڵ باقـی هێـزە ڕەخنەگـرەکان بـەڵام نامارکسیسـتی، پێشـنیار دەکـەن؟ بـۆ مینـاک دەگـەڵ هێزەکانـی پاڕلمانـی؟**

**مارکـووزە:** بـۆ وڵامـی ئـەو پرسـیارە دەبـێ بەپێی ئاسـتی گەشـەو تێگەیشـتنی وڵاتانـی سـەرمایەداری وڵامـی جیـاواز بدرێتـەوە. لـەو شـوێنەی کـە دژەشـۆڕش کاربەدەسـتە سیاسـتەیێکی هاوپەیمانی پێویسـتە، بەڵام ئەم سیاسـەتە بۆ چەپی نوێ تەنیـا دەتوانـێ بـێ دەوام بێ نەک بنەواشـەیەکی سیاسـی! سیاسـتەتێکی ئەوهاش تەنیـا دەتوانێ سـنووردابێ لە نێوان ئامانجێکی دیاریکراو لـە پێگەیەکی دیاریکراو، بـۆ وێنـە ڕێپێوان، هەڵبژاردنـی خۆجێی و ... جیا لەمەش، بە بـڕاوی من هەموو ئەو

دژایەتییە سەربزێویانەی ئەمڕۆ دژایەتییەکە لە دەرەوەی پاڕلمان.

**پرسیار: ئایا چەپی نوێ دەتوانێ لە دەرەوەی پاڕلمان بەدژی سیستەمی ئارایی هێز بەکار بێنیت؟**

**مارکووزە:** من پێم وایە ناکرێ ئەم پرسە لە چوارچێوەی گوتوبێژێکی گشتی باس بکەین، بەڵکوو دەبێ تەنیا دەگەڵ کەسانێک بیهێنینە بەرباس کە بەشداری پرسەکەن بە دانیشتنی بەشداران و دیاریکردنی ئاراستەی پێگەی دیار. لەسەر هێز و توندووتیژی بە گشتی دەتوانم ئەو قسانە دووپاتە بکەمەوە کە پێشتر گوتومە و ئەوەش ئەوەیە کە، لە کۆمەڵگای ئارایی توندووتیژی بە ڕادەیەکی مەزن جێگیر کراوە و پرسی سەرەکی ئەوەیە کە توندووتیژی سەرەتا لەکام لاوە دەست پێدەکات. من پێم وایە لەهەرحاڵ دا لە قۆناخی دژەشۆڕش دەست پێدەکا، دەکرێ بڵێین کە توندوتیژی سەرەتا لە کۆمەڵگای ئارایی دەست پێدەکات هەربۆیە لایەنەکەی دیکە لە بەرامبەر پرسی توندووتیژی دوولایەنە- توندووتیژی بەرگری-و بێگومان نەک توندوتیژی بەگژداچوون و تووڕەیی ڕادەوەستێ.

**پرسیار: دوامین پرسیاری من ئەوەیە، لەو کۆمەڵگا ڕزگارەی ئێوە باسی دەکەن، گریمانە لەسەر پێکهاتەی مرۆڤ ناسانەیەکی نوێ لە ئینسان هەڵناچنن؟ مرۆڤێک کە هەمووکات ئاکارێکی باش و هاودەردانەی هەیە؟**

**مارکووزە:** نا، پێم وانییە. گریمانەی من ئەوەیە، مرۆڤێک نییە کە بەردەوام کردارێکی باش و هاودەردانەی هەبێ بەڵکوو مرۆڤێکە سەرەتا و ڕەنگبێ بۆیەکەم جار لە مێژوودا دەتوانێت کردارێکی بەڕاستی باش و هاودەردانەی هەبێ، من لەسەر ئەو باوەڕەم کە، بەپێی دەسکەوتەکانی کۆمەڵگای پیشەیی دەرەتانی ئەوە هەیە کە ئەو خۆماکانەی بەهۆی زاڵێتی، سەرکوت کراون، بەڕادەیەکی بەربڵاو ئازاد بکرێن و بەپێی ئەو غەریزە ئازاد کراوانە-خۆماکی ژیان نەک غەریزەی وێرانکەر-بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، هاودەردی دەتوانێ وەک ڕاستییەکی لێ

بێت (چوونکە خۆماکی ژیان خاڵی بەرامبەری غەریزەی بەگژداچوونەوەیە و ئەو ئیمکان و ڕەوشەی کە لە کاکڵی خۆیان هەیانە، بۆ باشتر کردنی ژیان، بۆ زیاتر بەهرەمەند بوون لە ژیان پێویستە؛ ئەویش نەک بۆ ئیتران بەڵکوو پێکەوە (دەگەڵ ئیتران).

# ڕەخنە بەرنامە
# کارێل پوپێر: کۆمەڵگەی نوێ

لە ساڵەکانی ١٩٣٥-٣٦ بۆ یەکەم جار سەردانی ئینگلستانم کرد، لە ئۆتریشەوە هاتبووم، وڵاتێک کە دیکتاتۆرییەکی بەنیسبەت هێورتر حوکمی هەبوو بەڵام لەژێر هەڕەشەی جیرانە ناسیۆنال سوسیالیستێک دابوو. لە هەوای ئازادی ئینگلستان دەمتوانی هەناسە هەڵمژم دەتگوت دەلاقەیان کردووتەوە ناوی «کۆمەڵگای کراوە» لەو ئەزموونە وەرگیراوە.

تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کراوە چۆن دەبینین؟

دەمهەوێ ئاماژە بە دوو خاڵ بکەم: سەرەتا ئەوەیکە لە کۆمەڵگەی بەرباسیی من، وتووێژی ئازاد ئیمکانی هەیە و ئەم گوتوبێژە کاریگەری لەسەر سیاسەت هەیە دووهەم ئەوەیکە دامەزراوەکان لەبەر پاراستنی ئازادی و دەردەداران بوونیان هەیە.

سەرەتا لەسەر خاڵی دووهەم! حکومەت بەهۆی دامەزراوە حقوقیی و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرامبەر توندووتیژی پارێزگاری دەکات و، حکومەت دەتوانێ لە بەرامبەر کەڵک وەرگرتنی نابەجێی هێزە ئابوورییەکان پشتیوانی شارۆمەندان بکا، ئەم کردەوەیە هەر ئێستا بەڕێوەدەچێ و دەتوانێ باشتریش بکرێ. ئێمە دەبێ ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی دابمەزرێنین هەتا ئەوانەی کە لەبواری ئابوورییەوە هەژارن، لەبەرامبەر ساماندارن پارێزراو بن؛ واتە ڕێکخراوگەلێک -بۆ پاراستنی لە بەرامبەر چەوساندنەوە-چوونکە هێزە سیاسییەکان دەتوانن هێزی ئابووری لغاو بکەن! مارکسیستەکان ئیمکاناتی سیاسەت بەتایبەت ئەوەیکە بە «ئازادی ڕواڵەتی» ناسراوە بەهیند وەرناگرن.

کەوابوو من لەسەر ڕۆڵی گرنگی دامەزراوە سیاسییەکان بۆ چاکسازیی

کۆمەڵایەتــی پێداگــری دەکــەم. ئەوەی گرنگــە، ئەوەنییە کە کێ دەســتەڵاتی هەیە و حکومــەت دەکات بەڵکــوو ئەوەیەکــە چۆناوچۆن دەســتەڵات دەنرخێنیــت. بەم جۆرە دەگەڕێینــەوە خاڵــی یەکــەم بۆ بایەخی گوتوبێژی ئازاد و ئاشــکرا. لەو وڵاتانەی کە سیســتەمی کۆمەڵایەتــی کەموزۆر کراوەیان هەیە، وڵاتــی یەکگرتووەکانی ئەمریکا لــە هەموویــان گرنگترە چارەنووســی ســەرجەم کۆمەڵــگا کراوەکانی دیکــە بەندە بە چارەنووســی ئــەو. لە ئــازادی کۆیلە لــە ئەمریکا لەو شــەڕە خوێناوییــە ناوخۆییەی نێــوان باکــوور و باشــوور کــە پێنــج ســاڵی خایانــد ســەد ســاڵ تێدەپــەڕێ ئەمە بۆ وڵاتێــک قەیرانێکی مەترســیدار و کێشــەیەکی دەروونی لەبــواری ویژدانییەوە پێک دێنــێ. ئەمڕۆش ئەمریــکا کەوتووتە قەیرانێکی ویژدانی، هەم لەبەر ڕەش پێســتەکان و هەمــژی ڤیەتنام.

لێــرەدا بە ڕوونی دەبینیــن کە بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوە گرنگترین کەرەســە چییە: ئــازادی ڕادەربڕیــن و هەبوونــی گرووپــی دژبەر مەزنتریــن ڕۆژنامەکان باڵادەســترین شــرۆڤەکارانی تێلڤیزیۆنــی و ڕادیۆیــی دژایەتی توندی دەســتەڵات دەکــەن. دژبەران خوازیــاری ئــەوەن کــە دەبێ هەرچــی زووە دەوڵــەت هێزەکانی لە ڤیەتنام بکشــێنێتەوە و هەرئــەم گوشــارانە بــوون کــە دەوڵەتــی ناچار بــەم کارە کــرد. ئێمە لێــرەدا دەگەڵ پێشــهاتەیەک بەرەوڕوویــن کــە تەنیــا لــە کۆمەڵگــەی کــراوە بوونی هەیــە: دوای ســاڵانێک شــەڕ دەوڵــەت بەهــۆی گوتوبێــژی ئــازاد و ئاشــکرا ناچار بــێ دان بەوە دابنــێ کــە شــەڕێکی قــورس و لەخۆڕایــی بووە و دەبــێ هەرچــی زووە کۆتایی پێ بهێنــن. نامهــەوێ لێــرەدا دێموکراســی ئەمریکایــی وەک ئارمانجێــک وێنــا بکەم، ئەمریکا وڵاتێکە کە کردەوەی توندوتیژی و خراپەکاری زۆر تێدایە. دوای کوشــتنی ســەرۆک کۆمــار «کێنێــدی» ئەمریکا بەشــێوەیەکی قــووڵ گۆڕانی بەســەرداهات. بەرلــە ئــەو ڕەوشــەکە پــڕ بــوو لە هیــوا و ئــاوات، بەڵام ئیســتا وڵات لە کەشــێکی پڕماتــەم دایــە کــە بەهــۆی کوشــتنی مارتیــن لۆتێرکینــگ و ڕابێــرت کێنێدی و بەهــۆی شــەڕی ڤیەتنــام ڕۆژ بــە ڕۆژ قووڵتــر دەبــێ. ئیــدی ئەمریکاییــەکان لەوە دڵنیــا نین کە وڵاتەکەیان باشــترین نیشــتمان و شــێوەی حکومەتەکەشــیان باشــترین جــۆرە. ئــەم توندووتیژییانــە ڕەنگبێ هەندێک جــار ئاکامی نەریتــی ئەمریکاییەکان بــێ. بەڵام ئاکامی شــێوەی حکومەتی یــان بەڕواڵەت سیســتەمی حکومەتیی نییە.

بەڕاستی شێوەی ژیان و باوەڕ لە ئەمریکا زۆرخێرا گۆڕانی بەسەردادێ. کۆمەڵگا کراوەکان زۆر سەقامگیر نین، ڕێک لەبەر ئەوەیکە بەردەوام دەکەوێتە بەر ڕەخنە و باس دیکتاتۆرییەکان سەقامگیرترن و، بەردەوام وەک کۆمەڵگایەکی چەقیو و نەگۆڕ باسیان دەکرێ.

**پرسیار: ئێوە دەڵێن، دەوڵەت دەتوانێ بەهۆی دامەزراندنی ڕێکخراوەکان لە بەرامبەر هێزە ئابوورییەکان پارێزگاری لە خەڵکەکەی بکا. بەڵێ دەتوانێ، بەڵام مارکسیستەکان ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە هەر ئەو دامەزراوانە دەدەستی دەستەڵات دایە و لەئاکام دا هیچ کاریگەرییەکییان نییە.**

**پوپێر:** ئەوە زۆر بە تەلاسیی و زێدەڕۆییانە دەبینم، سرووشتییە کە لە شێوازی دێموکراسی هەموو دامەزراوەیەک جار لەدەستی ئەم گروپەیە و جار بەدەستی گروپێکی تر، ئەمە زۆر ڕوونە بەڵام ئەوەیکە ڕێکخراوەکان لە نیزامی دێموکراسی دا بەردەوام دەکەونە دەست سەرمایەداری، جگە لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی مارکسیستەکان لەمەڕ دیکتاتۆری چینایەتی هیچ شتێکی دیکە نییە کە هەموو حکومەتێک، دەوڵەتێکی دیکتاتۆرە و، دێموکراسی بە ڕواڵەتی شتێکی وەک دیکتاتۆری چینایەتییە، هەروەک بەرێ ئاماژەم پێکرد ئەمە هەقایەتە.

**پرسیار: بەڵام لێرەدا لانیکەم ماکی کۆمەڵگەی چینایەتی خۆیا دەبێ، کاتێک کە لە کۆماری فێدراڵی ئاڵمان، سەتا حەفتای سامان دەچێتە گیرفانی خاوەن کاسپییە ئازادەکان، واتە دەڕێژتە داخڵەی بچووکترین گرووپی کۆمەڵگا. لەلایەکی دیکە ئەو کرێکارانەی کە ڕادەیان حەوت هیندەی ئەوانە، دەبێ قەناعەت بە سەتا سیی دیکە بێنن؟ کاتێک کە سیستەمیماڵیاتی ئیمتیاز دەداتە شەبەنگێکی بچووک لە کۆمەڵگا؟ کاتێک کە خاوەن سامانەکان بەبێ هیچ هەوڵێک، بەردەوام پارە کۆ دەکەنەوە، بەشی زۆری کرێکاران دەبێ داهاتەکەی خەرج بکا و لەئاکام دا هیچکات ناتوانێ ببێتە خاوەن سەرمایە؟**

**پۆپێـر:** ئێـوە لێـرەدا چەنـد پرسـیارتان هێنایە بەربـاس. وشـەی «چینایەتـی» دەتوانێ مانای بەلارێ دابردنی زۆری لێ هەڵێنجین. مارکسیسـتەکان بانگەشـەی ئەوە دەکەن سـەرجەم دێموکراسـییەکان دیکتاتۆرییەکی دەمامک دارن، بەڵام ئەو داوا فریودەرانەیە پێوەندییەکـی بچووکی وێـڕای جیاوازی زۆر لـە ساماندا هەیە. چوونکە کۆمەڵگای کراوە، بە پێداویسـتییە بەرامبەر بۆ هەموولایەک گریمانەییە-هەموولایەک دەسـتیان وە پەروەردەی بەرامبەر ڕابگا وماڵیات لەسـەر میرات، سـامان وەک یەک دابەش دەکات- بەڵام دیسـانیش ئەگەری ئەوە هەیە کە لە کۆمەڵگەیەکی وەها لەنێوان سـامانی نوێ جیاوازییەکـی زۆر بوونـی هەبـێ. هەتا ئەوکاتەی هەژاری نەبێ، سـەختە ئەمە وەک کەمایەسـی دابنێی، سـامانە مەزنەکان لێنزیک هەموویان دەخرێنە وەبەرهێنان و ڕێگە بـە ئەزموونـی نوێگـەری و داهێنـان دەدات. بەڵام لـەم کۆمەڵگایە نەک هەر سـامان بەڵکـوو هەژاریـش دەتوانێ هەبێ، جگە لەمە عەیبێکـی زۆر گەورەیە. دەگەڵ ئەمەش، دارا و نـەدار، ئەو چینەی مارکسیسـتەکان باسـی دەکەن نییە، بـەڵام ئاماژەی جەنابت بـۆ ئاڵمانـی فێـدراڵ، ئێوە ڕەخنە لەو وڵاتە دەگرن کە سـامانی نوێخۆیـا (نوپدید) زۆر خـراپ دابـەش دەبێ. ئەمە بۆ سرووشـتی چینایەتی وڵات هۆکارێکـی بچووکە و بۆ دیکتاتـۆری چینایەتـی هیچ هۆکارێک ناهێنیتـەوە هەروەها بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە، سیسـتەمی باج بەشـێوەیەکی تاک لایەنە ئیمتیاز دەبەخشـێتە شـەبەنگێکی کەم لـە کۆمەڵـگا ئەگە شـتێکی وەها بـێ ڕێگاچارەی لـە دێموکراسـی دا بوونی هەیە، بەوجـۆرە کـە لە نیزامی باجی ئینگلیس و تەنانەت ئەمریکاش دەبینرێ، لە ئینگلسـتان بەڕادەیـەک زۆرتـر لە نیوەی داهاتی نەتەوەیی بەشـێوەی ماڵیات، بـۆ دەوڵەتە، ماڵیات لەسـەر داهـات، ماڵیات لەسـەر کۆمپانیاکان و ماڵیاتی ناڕاسـتەوخۆ بەڵام گوشـاری ماڵیاتـی ڕاسـت بـەو ڕوانگەیـە زۆرە کـە هەمـوو ئابـووری، لەوانە خـاوەن کەمترین داهاتەکانیـش خەسـار دەبینـن و پێـی نارەحەت دەبن. ئەمە ناسـەقامگیری پـەروەردەی مارکسیسـتی نیشـان دەدا کە هەموو دێموکراسییەکان دیکتاتۆرگەلی دەمامک دارن دەگـەڵ ئەوەیکە ڕەنگبـێ بتوانین-وەک ئێوە-باس لە ماکـی «کۆمەڵگای چینایەتی» بکەیـن، لەلایەکی دیکەشـەوە دەتوانین بڵێین کە دێموکراسـییە جۆراوجـۆرەکان پلەی جۆربەجـۆر لـە نزیکایەتی بـە کۆمەڵگایەکی بێ چیـن وێنا دەکەن.

**پرسیار: لەسەر ئەو باوەڕە نین کە، پێکهاتەی سیاسیی دێموکراتیکی ڕواڵەتی کاتێک دەتوانێ گەشە بکات کە لە چوارچێوەی ئابووری، هاوتای خۆی ببینێتەوە؟**

**پوپێر:** ئیزن بدەن پرسیارەکەی جەنابت بەشێوەیەکی هاسانتر وەربگێڕم، ئایا هەبوونی سامان و هەژاری دەگەڵ یەکتر شتێکی ناخۆش و تاقەت پڕوکێنی کۆمەڵایەتیی نییە؟ وڵامی من ئەوەیە: هەژاری دەردێکی مەزنە و کاتێک خراپتر دەبێ کە دەگەڵ سامانێکی زۆر لەیەک زەمەن دا بکەون، بەڵام ناخۆشتر لە دژوازی نێوان هەژاری و سامان، دژایەتی نێوان ئازادی و نائازادییە-دژایەتی لە نێوان چینێکی نوێ-دیکتاتۆری دەستەڵاتدار-و شارۆمەندانی غەزەب لێگیراو کە دەگیرێن یان شاربەدەر دەکرێن. کەوابوو من گەورەترین بەهای دێموکراسی لە باسی ئازاد و ئاوەزمەندانە و کاریگەری ئەو گوتوبێژە ڕەخنەگرانەیە لە سیاسەت دا دەبینم. بە توندی دژی ئەو کەسانەم کە باوەڕیان بە توندووتیژی هەیە؛ بەتایبەتی تر فاشیستەکان هەروەک مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان و هەروەها دژایەتیم هەیە دەگەڵ نوێ مارکسیستەکان کە داوای ئەوە دەکەن گوتوبێژی «بابەتییانە» (عینی) بوونی نییە: بەرلەوەیکە مرۆڤ دەگەڵ کەسێک قسە بکات دەبێ بزانێ کە ئەو لە بەرامبەر کۆمەڵگا هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەی مارکسیستی هەیە، واتا بە قەول کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێستا هەر لە ڕەگ و ڕیشەوە دەقرتێنێت، ئەوە بەو مانایەیە کە باس کردن لەسەر پرسی بنەمایی نامومکینە.

کەواتە، دژە ڕووناکبیرانیی فاشیست و، ئینقلابییە مارکسیستەکان لەم خاڵەدا هاوبەشن کە ناکرێ و ناتوانی دەگەڵ دژبەرەکەت قسە بکەی، هەردووک لا گوتوبێژی ڕەخنەگرانە لەسەر بابەتەکەی خۆیان ڕەت دەکەنەوە، بەڵام دەبی بیر بکەینەوە کە ئەم ڕەت کردنەوەیە چ واتایەکی هەیە. ماناکەی ئەوەیە کە گەیشتن بە دەستەڵات و سەرکوتی خەڵکی دژبەر پێکەوە لەدایک دەبن، ماناکەی ڕەت کردنەوەی کۆمەڵگای ئازاد و کراوە و پەسند کردنی فەلسەفەی توندووتیژییە.

بە کاریگەری ئەو بیرۆکانە مارکسیست و نوێ مارکسیستەکان لە بەرامبەر دەسکەوتەکانی دێموکراسی خۆیان کوێر دەکەن-هەر ئەو دێموکراسییەی کە ئیزنیان

پێدەدا ئازادانە باوەڕەکانیان بڵاو بکەنەوە بۆچوونی ئەوان پێیان دەڵێ کە ئازادیی سیاسی بێ بایەخ یان لێنزیک بێ بەهایە، چوونکە جگە لە دیکتاتۆرییەکی دەمامکدار هیچی تر نییە. بەڵام ئەمە بە تەواوەتی ناڕاستە، چوونکە دەبینین زیندووبوونەوەی سەرلەنوێی مارکسیزم لە هەموو کۆمەڵگا کراوەکانی ڕۆژئاوا-و تەنیا لەم کۆمەڵگایانە-ڕووی داوە دێموکراسییەکان هەمووکات دەرگایان بەڕووی بۆچوونەکان بەتایبەتی بۆچوونی دژ کراوەیە ئەم دێموکراسیانە کە لە دیکتاتۆری دەمامکدار مەودایەکی زۆریان هەیە، ئامادەن گومان بخەنە سەر خۆیان ئەوان باش دەزانن زۆر شت وانییە کە دەبێ ببێ. هزر و بیرۆکەکان تەنیا لە کۆمەڵگای کراوە دەرفەتی ئەوەیان هەیە سەرکەوتوو بن ئەو مارکسیستانەی کە پێیان وایە دێموکراسییەکان تەنیا دیکتاتۆری دەمامکدارن، نابینی کە هەموو دیکتاتۆرییەکان بە چەپ و ڕاست، لە ئەساسدا هەر ئەوەن. هەموو ئەوانە بە ڕەهەندی ئەو هزرە سەقەتەدا دەڕۆن کە ئەوان لە بەرامبەر گرنگایەتیی خەباتی ڕەخنەگرانەی بیرۆکەکان و لێدوانی ڕەخنەگرانە، کوێریان دەکا.

**پرسیار: بەڕێز پرۆفیسۆر، «کۆمەڵگای کراوە»ی ئێوە بۆ لایەنی فرەیی هێزەکان، بەرامبەری ئیمکان بۆ هەموولایەک، کە هەڵبەت لە یاسای بنەڕەتیی دێموکراسیی ڕۆژئاوایی بوونیان هەیە، بەڵام وەک پیویست لە ڕاستیی سیاسیی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بوونیان نییە، پێتان وایە کە ئێستا کۆمەڵگای کراوە بوونی هەیە یان دەبێ درووستی بکەی؟**

**پوپێر:** من پێم وایە «کۆمەڵگای کراوە» هەم ڕاستییەکە و هەمزی ئارمانج. ئەوە سرووشتییە کە لەهەر شوێنەک جۆرێک لە کرانەوە هەیە. لە دێموکراسییەک کۆمەڵگای پوختەتر، باشتر گەشە دەکا و ئازادتر لە کۆمەڵگاکانی دیکە دەبێ. چاکە وخراپەی بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە: بۆ مێژوویی ڕابردووی، نەریتەکانی، ڕێکخراوە سیاسییەکانی شێوازی پەروەردە و بەو مرۆڤانەی کە ئەو دامەزراوانە تەژی دەکەن لە ژیان. پێشنیار دەکەم کە لەنێوان دێموکراسی و دیکتاتۆری، سنوورێکی ڕوون بکێشرێتەوە. مرۆڤ کاتێک لە دێموکراسیی دا دەژیت ڕێکخراوگەلێک

بوونیـان هەبێ کە گۆڕانی دەسـتەڵات بەبێ توندووتیژی مسـۆگەر بکەن، واتە هیچ پێویسـتی بـەوە نەبـێ کە گۆڕینی دەسـتەڵات بـە زۆری بکرێ. ئەمە چارەنووسـی دێموکراسـییە بەڵام ئەگە دێموکراسـییەکمان هەبێ، هەتا بە کۆمەڵگایەکی کراوە و ئـازاد دەگەیـن ڕێگایەکی دوورودرێژمـان لەبەرە. ئەمە بە قوناخ دەکـرێ. من باوەڕم بـە ئـاوەزە، بـەو مانایە کە بـاوەڕم وایـە هەموولایەکمـان دەبێ تێبکۆشـین کاتێک پەسـنی هەڵوێسـت و ڕوانگەیـەک دەکەیـن دەبێ بەدواشـیدا بڕۆین، من پێـم وانییە کـە ئـەم کارە هاسـانە یـان هەموو مرۆڤـەکان هەر بـەردەوام ئاوەزمەنـدن، مرۆڤەکان بـە کەمـی ئاقڵـن. هەروەها من بـاوەڕم بە قیـن، ڕق و توندووتیژی ئـاوەز یان هێزی ئاوەزیـش نییـە، بەڵکوو ڕام وایە لە نێوان ئـاوەز و توندووتیژی دەبێ یەکیان هەڵبژێرین و پێشـم وایـە ئـاوەز تەنیا چارە لـە بەرامبەر توندووتیژییـە و، زەبروزەنگ کاتێک کە شـیاوی پارێز کردنە، بەکار هێنانـی جینایەتە.

بـەڵام مارکسیسـتەکان باوەڕیان بە ئەقڵ نییە، چوونکە پێیـان وایە لەپەنا هەمەموو بۆچـوون و بەڵگەکان، تەنیا پێوەندی خۆخوازانەی مرۆڤ خۆی مەڵاس داوە. هەڵبەت ئـەوە بەجۆرێک ڕاسـتە کە دڵبەسـتراوەیی بەتایبەت پێوەندی ئابـووری مرۆڤەکان، لە سیاسـەتدا ڕۆڵێکی کاریان هەیە بەڵام بەتەواوەتی ڕوون و ئاشـکرایە کە شـتگەلێکی دیکـەش دەوریـان هەیـە، بۆ مینـاک ئاواتی دادگەر بـوون. کرداری مارکسیسـتی لەسـەر تیۆرییەکـی گومانپەروەرانـە و زۆر وشـیارانە ڕاوەسـتاوە و لـەم بوارەیەوە زۆر دژە ڕووناکبیرانـە، کـە کردەوەیەکی فاشیسـتییە، نییە. بەڵام لە ڕاسـتیدا کردارەکە هـەر یەکە. کردەوەی مارکسیسـتی، وێڕای ئەوەیکە لەسـەر تیۆرییەکـی دڵنیا پتەو و ڕاوەسـتاوە، دژە ڕووناکبیرانـە و دەگـەڵ ئاوەز کێشـەی هەیـە. زەبروزەنگ بەردەوام مرۆڤ بۆلای توندووتیژی زیاتر ڕادەکێشـیت، شۆڕشـە پڕتوندووتیژەکان، شۆڕشەکان دەکـوژن و ئامانجەکانیشـیان بەلارێ دادەبا، تەنیا ئەو کەسـانە گیانیـان دەرباز دەبێ کـە خۆیـان لێی دەرباز کـردووە و ئەمانە بەتواناترین پسـپۆڕانن. بەرهەمی شۆڕشـی چـەپ، بەدڵنیاییـەوە لەدەسـت دانـی ئـازادی ڕەخنـە و دژایەتییە. ئەمـە زۆرجار بە هەڵکەوتە کە دیکتاتۆری لە ئاکام شـۆڕش، جا چەپ بێ یان ڕاسـت، جیاوازییەکی لـە ناوەکـەی دایە. مـن باوەڕم وایە کە تەنیا لە دێموکراسـی دا و لە کۆمەڵگایەکی کـراوە دەرفەتـی ئەوەمـان هەیـە کـە خراپـە بـژار بکەیـن و هەڵیقەنیـن. ئەگـە ئەو

سیستەمە کۆمەڵایەتییە بە شۆڕشێکی پڕلە توندووتیژی وێران بکەین ئەودەم نەک هەر لە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی قوربانییەکانی شۆڕش تاوانبارین بەڵکوو دۆخێک پێک دێ کە هەڵوەشاندنەوەی سەختیی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵایەتی، نادادپەروەری و سەرکوت، لامەحاڵ دەبێ. من بەرگریکاری ئازادیی تاکییەکانم و لە باڵادەستی دەوڵەتی و ملهوڕی بەرپرسانی ئیداری بێزارم. بەڵام بەدبەختانە دەوڵەت، خراپەیەکی پێویستە، بەگشتی بەبێ دەوڵەت، سەرناگرێ، بەداخەوە ئەم حوکمە ڕاستە. هەرچەندە مرۆڤەکان زیاتر بن بەو ڕادەیەش دەوڵەتەکان زۆرتر دەبن. بەڕێگای توندووتیژی زۆر هاسان دەتوانی مرۆڤایەتی لەناو بەری. ئەوەیکە پێویستە دەبێ هەوڵ بدەین کۆمەڵگایەکی ئاوەزمەند پێک بێنین، کۆمەڵگایەک کە تێدا کێشەکان بە شێوەیەکی ئاقڵانەتر کۆتاییان پێ بێ. دەڵێم «ئاقڵانەتر!»چوونکە کۆمەڵگای ئاقڵ بوونی نییە، بەڵام هەمووکات کۆمەڵگایەک هەیە کە بەبەراورد دەگەڵ کۆمەڵگای ئارایی ئاقڵانەترە، هەربۆیە دەبێ هەوڵی بەدەست هێنانی بدەین، ئەمە خواستێکی ڕیالیستییە نەک گومانێکی وەهماوی.

# بواری تیۆری هێربێرت مارکووزە

**پرسـیار: بەڕێـز پرۆفیسـۆر، هەڵبـەت بەرنامەی سیاسـی ئێـوە لە بەسـتێنی هزریی زانسـتییەوە خاوەن پاشـخانێکی دیاریکراوە؛ ئیـزن بدەن لەو بوارەوە بـە کورتی بدوێین. سـەرەتا ئایـا نەریتـی ئاکاری-کۆمەڵایەتـی لـە بنەڕەتـدا لـە بـواری زانسـتییەوە دەسـەلمێندرێن یـان ئەوەیکە لەسـەر بنەمای کۆمەڵێک بەها ڕۆنـراون کە ئەگەرچی بیریـان لـێ کراویتراویتـەوە، بەڵام بە ئـاوەز بەتەواوەتی ناسـەلمێندرێ؟**

**مارکـووزە:** بێگومـان ئـەم نەریتانـە لەسـەر بەهـا هزرییـەکان ڕانەوەسـتاوە، هەموو شـتێک پەیوەسـتە بەوەی کە ئێوە چ لە «زانسـت» و «زانسـتیی» دەزانن. ئەگە پێتان وایە کە شـێوازی زانسـتە سرووشـتییەکان تاکە شێوازی زانسـتییە، هەڵبەت ئەو کاتە زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان و نەریـت یـان بایەخەکان کەلەم زانسـتەدا پیشـکەوتوون، زانسـتی نیـن. بـەڵام من هەمەن زانسـتی و شـێوازی زانسـتە سرووشـتییەکان وەک ڕانانـی تـاک لایەنـە یان بە سـانایی هەڵـە، دەزانم. زانسـتگەلێک هەن کە لەسـەر گەنگەشـە و شـیکردنەوەی ڕەخنەگرانـە ڕاوەسـتاون و مەڵبەندێـک لەخۆدەگرێ کە شـێوازی زانسـتە سرووشـتییەکان، کـە هەمـوو تشـتێک وەک چەندایەتیـی لێک دەداتـەوە، هیچـکات دەسـتی وێڕانـاگات. بـەم هۆکارەیـە کـە دەڵێـم زانسـتی بوون بەوجـۆرەی کـە لە زانسـتی کۆمەڵایەتیـی دا حاکمە یان لانیکەم دەبێ دەسـتەڵاتی هەبێ، بە یەک مانا تەنانەت ڕێکتر و ڕاسـتترە لە شـێوازی زانسـتە سرووشـتییەکان.

**پرسـیار: کەوابوو شێوازە زانسـتییەکان لەوبەرەی هەڵسەنگاندنی تاقیکراو و لۆژیکی بەراوردکارانە (قیاسـی) بوونی هەیە؟**

**مارکــووزە:** لەوبەرتــری هەڵســەنگاندنی تاقیکــراو و مەنتقــی بەراوردکارانــە، ئەمە بــە هاســانی هەمــوو ئــەو شــتانەی کە دەبــێ وێنایــان بکــەی، لەخۆ دەگــرێ. من دەڵێم شــێوازی زانســتی لــە زانســتیی کۆمەڵایەتییــەکان، پاتەی دەکەمەوە، لەســەر گەنگەشــە و شــیکاری ڕەخنەگرانــە هەڵدەکەوێــت کــە ئەمــە گرێدرایی دیکەشــی هەیــە و، ئــەو پێویســتییە مێژوویانــەش لەخــۆ دەگرێ کــە بەجۆرێک بکرێ پێشــان بدرێــن، ئەمــە ڕێک ئەو چوارچێوەیەیە کە شــێوازی زانســتە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا هەڵکەوتووە.

**پرســیار: لــە وڵامەکــەی جەنابــت وا تێگەیشــتم ئێوە-بــە پیچەوانەی مارکسیســتە نەریتییــەکان- شــتێکی وەک «دیالێکت» کە جــۆری دووهەمی لۆژیکە و لە مەنتقی بەراوردکارانــە ســەرتر بی، قبــوڵ ناکەن؟**

**مارکــووزە:** بەڵــێ وایــە. من هیــچ قازانجێک لــە گونجاندنــی دیالێکتیک وەک «لقێکــی وانەیــی» لە دابەشــکاری زانســتگەییدا نابینم.

**پرســیار: هاوپێوەنــدی نێوان تیۆری و کــردە چییە؟مەراز تەنیا ئەوەیــە کە بیرمەند و بیردارپێژەر دەبێ لەســەر پرســی سیاسی ژی هەڵوێســتیان هەبێ، یان مەبەست شتێکی دیکەیە؟**

**مارکــووزە:** هەروەک ئێســتا ئاماژەتان پێدا، ئەمە پێوەندییەکانی کەســی و تایبەتی نێــوان تیــۆری و کردەیــە. پێــم وایــە کــە لــە نێــوان تیــۆری و کــردەوە پێوەندییەکی چاوەکــی و چییەتــی (عینــی و ماهــوی) هەیە، بۆ مینــاک ڕام وایە کە چەمکی ئــازادی، دادپــەروەری، مانــای مرۆڤایەتــی ئەگە بە دروســتی گەنگەشــە و پەروەردە بکرێــن، خەبــات بە دژی نائازادیــی بەرایی، چەوســاندنەوەی ئارایــی و نامرۆڤایەتی ئێســتا لەخۆدەگرێــت. کەوابــوو هاوپێوەنــدی نێــوان تیــۆری و کــردە، پێوەندییەکــی دەروونــی و چییەتییــە، یان بە جۆرێکــی دیکە ئەگە بڵێم: چەمگەلــی تیۆری، ئەگە

مەڵبەنـدی کـردە لەخۆ نەگـرێ، هەڵەیە.

**پرسـیار: خاڵێکـی دیکە: هەسـت کـردن بـە دێموکراسـی «بورژوایی» بڕیـاردان بۆ دێموکراسـی پاڕڵمانی، لەو گریمانییە هەڵدەقوڵێ کە حەقیقەتی بەرچاو لە سیاسـەت دا بوونـی نییـە، یـان بـە دەگمـەن هەیـە و، بـەم هۆکارانەیە کـە دەبێ سیسـتەم بۆ هـزرە نوێیـەکان ئـاوەڵا بێڵێنـەوە. مارکسـیزم کە نەک تەنیـا ڕاسـتییەکان، بەڵکوو دابونەریـت و بایەخەسیاسـیی و ئاکارییەکانیـش بە سـەلماندن دەزانـێ، ڕەنگبێ ببێتە لەمپـەڕ بـۆ هاتنـی هـزری نـوێ. ئایـا لێـرەدا چوقەرەیـەک لـە بیرکورتـی ئەگە نەمانهـەوێ بڵێین سـەرەڕۆیی گشـت گیـر، خۆی حەشـار نەداوە؟**

**مارکـووزە:** ڕەنگبـێ ئـاوا بـێ کە دێموکراسـی پاڕڵمانـی، چەقـی جوڵانەوەکە وا دابنـێ کـە سیسـتەم دەبێ بۆ هـزرە نوێیـەکان ئاوەڵا بێ. بـەڵام ڕاسـتیەکە چییە؟ ئەگـە ئـەم گریمانەیـە بـە جدی وەرگیرابـێ، ئەوە بـەس نییە بـۆ ئەوەیکـە ئازادی بیروباوەڕ، ڕادەربڕین و ئازادی بڵاوەی پێبکرێ-دەبێ ڕەوشـی دەرهەسـت و بەرهەسـت بـۆ فـام و بڵاوکردنـەوەی هـزرەکان هەبێ یان بخولقێنـدرێ. لـە وڵاتەیەکگرتووەکان ئەمریـکا مـرۆڤ دەتوانێـت لێنزیـک هەرچی بیهـەوێ بڵێ و چاپی بـکات، بەڵام: زۆری ناخایەنـێ کـە دەبـێ چاوەڕێـی سـزادان بی، لەدەسـت چوونی کاروکاسـبی، پێنەدانـی پلـەی دوکتـورا، لەژێـر چاودێر بـوون و لەکاتـی پێویسـتیش دا پۆلیس و دادگا. ئەوجـار، گوشـاری کەرەسـەی پاوانکـراوی پێوەندییـە گشـتییەکان، ئەوەندە کاریگـەرە کـە زۆر بـە هاسـانی دەتوانێ ئیزنـی ئازادی بەیـان و بڵاوکردنـەوە بدا. ئەمـە واتـە داخـراو بوونی سیسـتەم نەک لـە ئـاوەڵا بوونییەتی. جا بۆیـە دەبێ لەو ئـازادی بەیان و بڵاوکردنەوەیە پێشـوازی و بەرگری بکەین، ئەمە مەرجی سـەرەتایی و ئامانجـی ئێمەیـە. ئەوەی کـە پێوەندی بە کۆمەڵگای ڕاسـتیی سوسیالیسـتییەوە هەیـە: ئـەم کۆمەڵگایە بۆ هـزرە نوێیەکان کـراوە دەبێ، ئەگە وانەبێ سوسیالیسـتی نییە .

**پرسـیار: ئایا دەگەڵ ئەم قسـەیە دا هەن کە، مارکسـیزم سیسـتەمێکی هزری چەق بەسـتوو و داخـراوە کە تێـدا بە توندی و بە شـێوازی بەراوردکارانە سـەرجەم زانیاری**

**مەعریفە و داخوازییەکان لە ڕوانینی سەرەکی ماتریالیزم و دیالێکتیک و مێژوو هەڵدەهنجێندرێن؟ یان ئەوەیکە دەکرێ مارکسیزم وەک بەرهەمی کۆی خواستە سیاسی-ئەخلاقی بزانین کە ئەگەرچی لە بواری زانستییەوە دەکرێ بیانسەلمێنی، بەڵام دەتوانن لە بەستێنی نەریتی فەلسەفییەکانیان جیا بکرێنەوە؟**

**مارکووزە:** مارکسیزم «نیزامێکی داخراوی هزری» نییە. دەرهەست بوون و بەقای گشتی ئەو هەمەن جێ بڕوایی و دەرهەست بوونی مێژووییە. مارکسیزم بەخۆی لە دیرۆک دا هێزێکی کاریگەرە و تێیدا دەگۆڕێ-بەبێ ئەوەیکە بنەمای چەمکیی و مانایی خۆی لەدەست بدا. بنەما گەنگەشە و شیکاری دیالێکتیکی ئەوپەڕتەوەری کۆمەڵایەتییە کە بەهۆی پێویستی ئینسانی-نەک سروشتی! گۆڕانی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە.

# بەستێنی هزری کارڵ پوپێر:

**لـە کتێبەکانـی «لۆژیـک و توێژینـەوە» و «گومـان و بەدرۆخسـتنەوە» بۆچوونـی هـزری ئێوە خەریکە شـەقڵ دەگرێ: (ئاوەزتـەوەری ڕەخنەگرانە-عقلگرایی انتقادی)، دەکـرێ بناخـەی هزری خۆتـان جارێکـی دیکە لێرەدا بـاس بکەن؟**

**کارێـڵ پوپێـر:** سـوقرات لە بەرگری نامەی ناسـراوی خۆیدا دەڵـێ: دەزانم کە هیچ نازانـم و؛ ئەمــەش بـە چەتوونی. وێـڕای ئەمــەش «ئیلهامی پەرسـتگەی دۆلفینی» (سـروش معبـد دلفینی- تێرمێکی سـوقراتییە) مـن وەکوو ئاوەزمەندتریـن مرۆڤەکان پێناسـە کـردووە» و دوای نەختێـک بیرکردنـەوە سـوقرات بـەو ڕێگە چارەیـە دەگا: دەزانـم هیـچ نازانـم، ڕەنگبـێ ئـەم زانیارییـە ببێتە هـۆی ئەوەیکە من لە بەشـێک خەڵکانـی دیکـە هێژاتـر بنوێنـێ، کـە تەنانـەت نازانـن هیـچ نازانن.» سـوقراتیش دەڵـێ سیاسـەتمەدار و دەوڵەتـدار دەبـێ ئاوەزمەنـد و ژیـر بـن مەبەسـتی لـەوە بووە: «سیاسـەتمەدارێک دەبـێ زیاتـر لە مرۆڤەکانی دیکـە ئـاگاداری نەزانییەکەی بێ، چوونکـە بـەردەوام بەرپرسـیارەتییەکی قورسـتری لەسەرشـانە، ئـەو بەرپرسـیارەتییە دەبـێ بیگەهێنیتـە چۆنیەتـی باوەڕەکانی، ئەو سـنوورانەی کە بەوپـەڕی بێ فیزی ڕووناکبیرانـەی دەگەهێنیـت.» مـن دەگـەڵ سـوقرات هـاوڕام، لێـرەدا دەتوانـم لۆمە و سـەرکۆنەی سـەرەکیم بـۆ هەمـوو مارکسیسـتە نوێیەکان، بەباشـترین شـێوە ئاوا بنرخێنم:

مارکسیسـتەکان پێیـان وایـە زۆری دەزانن، بەهیچ شـێوەیەک بێدەحیەی زانسـتیی ڕوونـاک بیرانەیـان نییـە، بە زانسـتی خۆیان و بە زاراوەناسـیی (اصطلاح شناسـی) بەشـکۆ دەنـازن و خۆی پـێ ڕادێنن. ئـەم ڕەخنەیە مارکس یان ئێنگلێـس ناگرێتەوە،

ئــەوان بیرمەندانــی مەزن و ڕەســەن بوون کە هزری نوێیــان پێبوو و دەکرێ هەمووکات بــە گەورەیی باسیان بکەی. هەرکەسێک شتێکی نوێ و گرنگی بــۆ گوتن پێیە، ئۆگــری بــۆ وەرگرتنی تێدا هەیــە و گەورەترین بایەخەکان بە هاســانی و بایی زانین-هەتــا ئــەو جێگایەی کە بــۆی بلۆێ-دەتوانێ بنووسێت. بەڵام من ئەو مارکسیستــە نــوێ و شۆڕشگێڕانە بــەوە تاوانبــار دەکەم کــە زۆری دەڵێن و کەسیش لێیان حاڵی نابــێ و هــەوڵ دەدەن بە زانیارییەکی کــەم و زۆربلەیی، کاریگەریمان لەســەر دابنێن. هیــچ شتێک زیاتر لــە خاکەڕایــی ڕووناکبیرانە بۆ ئــەوان نامۆتر نییــە ئاگایان لە مەکتەبــی ســوقرات نییە، لە بارەگای کانتــیش فێر نەبوونە، بەڵکــوو لە قوتابخانەی هێــگڵ وانەیــان خوێنــدووە، منیــش وەک ســوقرات پێم وایە ئێمــە هیــچ نازانین یان کــەم دەزانیــن، نەزانینــی ئێمــە بــێ کۆتاییە، بەڵام ئەمە بە ئاشکرا هەموو شــتەکە نییــە، هەڵبــەت مافــی ئەوەمان نییە هەبوونی زانســتە سرووشــتییەکان و ســەرکەوتن و دەســکەوتەکانی لەبەرچــاو نەگریــن، بــەڵام کاتێــک لــە نزیکەوە چاو لەو زانســتە دەکەیــن، دەبینین کە ئەو زانســتە نەک لە زانســتی ئەرێنی یــان دڵنیاکەرەوە بەڵکوو لــە گریمانــەی بێ ســڵ بوونــەوە پێک هاتــووە کە ئێمە لــە ڕێگەی ڕەخنــەی توند، بــەردەوام چاکیــان دەکەینــەوە یــان دەنــا بە یەکجاری ڕەشیان دەکەینــەوە و خەتیان پێدادێنیــن. بــەم جــۆرە نزیــک بوونــەوە لــە «حەقیقــەت» هەنگاوبەهەنــگاو دێتەدی. بەرهەرحــاڵ ئێمە زانســتی ئەرێنــی و دڵنیاکەرەوەمان نییە. ئەوەی کــە هەیە هەر ئەو زانســتە گریمانییە بەرلە هەمووشــتێک، پێشــکەوتنی زانســتی بوونی هەیە چوونکە لە باســی ڕەخنەگرانەی شــیمانەیی ئێمە، لەســەر ئــەو گریمانانە بەردەوام بەم شــێوەیە نێوبژێوانــی دەکــرێ: ئێمە ئــەو گریمانانەمان پێ باشــترە کە وەک کەرەســەیەکن بۆ نزیــک بوونــەوە لــە ڕاســتی (حەقیقەت) و لە بەرامبــەر هەوڵی ئێمە بــۆ ڕەدکردنەوە، باشــتر بەرگــری دەکــەن. کەوابوو لە زانســتا جێگایەک بــۆ حەســانەوە و ئۆقرە بوون وەگیــر ناکــەوێ، هیــچ شــوێنێک کــە تێیدا بڵێی: ئێســتا ئیــدی ئەوە بــە حەقیقەت گەیشــتووم» بوونــی نییــە. بەڵکــوو تەنیــا گریمانەی بوێرانــە هەیە کە هــەوڵ دەدەین ڕەخنەیان لێ بگرین و بە هۆی ئەگەری باشــتر هەڵیوەشــێنینەوە. کەوابوو لە زانســتدا ئەو نەریتە هەیە: شۆڕشــی زانســتی هەرچی زیاتر، باشــتر. لە ڕاســتیدا لە مێژووی زانســتدا ئەو هــاوارەی بەردەوامی مارکس ڕاســتە: «شۆڕشــی بەردەوام»!

بۆیە سەرکۆنەم دەکەن چوونکە بەدواداچوونی بۆ ناکەم کە وەها بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕانە لە زانست، دەبێ بە شێوازێکی بەردەوام، لە منی شۆڕشگێر، کەسێکی سیاسیش درووست بکات. بەڵام ئەمە هەڵەتێگەیشتنێکی خراپە. ڕێک «ڕیشەتەوەری» (ڕادیکالیزم) لە چوارچێوەی مەعنەوی-داهێنانی نەترسانەی بۆچوونی نوێی شۆڕشگێڕانە و ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی هەموو هزرەکان- بۆ ئێمە ئەو دەرفەتە دەرەخسێنیت کە لە چوارچیوەی زانستدا بەدوور بین لە توندوتیژی.
چوونکە دەمهەوێ ئەو «تێزە» باشتر ڕوون بکەمەوە دەمهەوێ هەوڵدان بۆ مانەوەی جیهانی بوونەوەران و ڕووەکییەکان دەگەڵ هەوڵ دان بۆ مانەوەی گریمانەکانمان هەڵسەنگێنم و پێکیان بگرم. ڕووەکی و بوونەوەران ئاڵوگۆڕ یان «مۆتاسیۆن» (پەڕین یان گۆڕانی کتوپڕی تایبەتمەندییەکانی ژێنێتیکی گیانلەبەران-وەرگێڕ) پێک دێنن، گۆڕانکارییەک کە باشترین وێکچوونی دەگەڵ ڕەوشی ژیان هەیە و بە هەڵبژاردنی سرووشتی هەڵدەبژێردرێن، بەڵام مانای ئەوە، شتێک نییە جگە لەوەیکە وێکچوونی هاوتایی کەمتر باش، یان مۆتاسیۆنی نەباش لەم ڕێگەیەوە لەناو دەچن هەتا ئەو زیندەوەر و ڕووەکییانەی کە خولقاندوویانن، لەناو بچن: یان نامێنن یان ئەوەندە بەکەمی زاوزێ دەکەن هەتا بە یەکجاری بەرەو نەمان دەچن و نامێنن. گریمانانەش دەکرێ دەگەڵ مۆتاسیۆن پێکی بگرین مرۆڤەکانیش بە جێگای ئەوەیکە مۆتاسیۆنی نوێ بخولقێنن جارجارە گریمانە یان بۆچوونی نوێ دەهێننەوە، ئەگە مرۆڤەکان ڕەخنەهەڵگر بن ئەوکات خولقێنەرانی گریمانەی نارێک یان خراپ، لەناو دەچن.
هەربۆیە باسی ئاوەزمەندانە و ڕەخنەگرانە ئەو دەرفەتەمان بۆ دەڵوێنیت کە ڕەخنە لە ئەگەرەکانی خۆمان بگرین و ئەگە خراپ بوون لەناویان بەرین، بەبێ ئەوەیکە داهێنەر یان خولقێنەتی گریمانەکە لەناو بەرین ئەمە دەستکەوتی مەزنی شێوازی ڕەخنەگرانەیە کە دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنیت هەتا گریمانەی نەسەلمێنراو بناسین و پرۆتستۆیان بکەین بێ ئەوەیکە دانەرەکان مەحکووم بکەین. شێوازی باسی ڕەخنەگرانە، ئەو ئیمکانەمان پێدەبەخشیت کە گریمانەکانی ئێمە لەبەرچاومان وەکوو گریمانەی مردوو خۆیا دەبن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە شێوازی دەمارگرژانە نارەخنەگر ئەوەیکە، ئێمە دەبێ لە پێناو گریمانەکان شەهید بین! ئەگە

گریمانـەکان خـراپ بوون ئێمەش دەبێ دەگەڵیان لەناو بچیـن کەوابوو ڕەخنەی توند، هەڵسـەنگاندنی ڕەخنەگرانەی گریمانەکان، جێگرەوەی شـەڕی سەنگەربەسـەنگەرە بۆ مانـەوە! هـەر بەو شـێوازەش گۆڕانی شۆڕشـگێڕانەی هزر و بۆچوونـەکان گریمانەی و ئەندێشـەکانمان دەتوانـێ جێگـرەوەی شۆڕشـە پـڕ لـە توندووتیـژەکان بـێ کە ئەو هەمـووە مرۆڤـە لـە پێناویـدا بوونـە قوربانـی. سـەیرو جێسـەرنجە کـە ئەوماوەیە لە ئاڵمان، لایەنگری لە قوتابخانەی «تەحەسسـەلی» (تحصلـی) (قوتابخانەی «تحصلی» کۆمەڵێـک باسـی تێکچـڕژاون کـە لـە کۆتاییەکانی دەیەی شێسـت لەسـەر ڕەوا بوونـی مارکسـیزم و بەشـێوەیەکی گشـتیتر، ڕەوایـی بۆچوونـی ڕەخنەگرانـەی کۆمەڵـگا درووسـت بـوو، کە قۆناخەکانی لـە ڤییەن و فرانکفۆرت دەسـتی پێکرد.) لەلایـەن کەسـانێکەوە پێـم لکاوە کە بە ئاشـکرا بۆخۆشـیان نازانن بـاس لە چ دەکەن و چ دەڵێـن. لایەنگرانـی قوتابخانـەی «تەحەسسـەلی» ئەو دەسـتە لە فەیلەسـوفانەن کـە بـە بۆچوونـی گومـان تەوەرانـە دژایەتـی دەکـەن، ئـەوان دەیانهـەوێ هەتا ئەو جێگایـەی بۆیان دەکرێ بە دان و سـتاندن وەبنووسـێن. دەی مـن هەمووکات دژایەتیم دەگـەڵ هـزری دەمارگـرژ و نەگۆڕ و دوگم هەبووە و هەر لە سـەرەتای نووسـینمەوە دژایەتیـم دەگـەڵ ئەمانە هەبـووە و لە بەرامبەریاندا خەباتم کـردووە. ئەوە لەحاڵێکدایە کـە قوتابخانـەی «تحصلـی» دەڵێ:» لەوەیکـە پێیدەگـەی بمێنەوە»، منیـش دەڵێم:»لە چێکردنـی گریمانـەی گومانتەوەرانە بێ باک بە، بـەڵام دواتر بێ بەزەییانە ڕەخنەیان لێ بگرە و هەڵیانسـەنگێنە»!

**پرسـیار: بەڕیـز پرۆفیسـۆر، کەوابوو ئێوە خوازیاری ئەوەن کە، شـۆڕش لە زانسـت، لـە هـزر داهەبێ نەک لە کاروچالاکی سیاسـی؟ هەروەها زانسـتیش بە نێرینی ئێوە، هیچـکات ناتوانـێ زانایـی دڵنیاکـەرەوە بخاتـەڕوو، بەڵکـوو تەنیـا گریمانەگەلێک دادێنیت کە جارێ هەتا ئێسـتا ڕەت نەکراویتنـەوە، ئەدی لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا چۆنە؟**

**کارڵ پوپێر:** عەینی شـت، لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیش دا ئێمە هزر و بۆچوونمان هەیـە، ئێمە بیرۆکەگەلێک بۆ نەمانی ناخۆشـی وقەیرانەکانـی کۆمەڵگامان هەیە،

هـەوڵ دەدەیـن بیـر لـە چارەنووسـیان بکـەینـەوە و دواتـر بۆچوونەکان بە شـێوازێکی جوان، هەڵسەنگێنین.

**پرسـیار: مەبەسـت لێـرەدا «ناخۆشـییەکانی کۆمەڵـگا» چییـە؟ ئەویکـە هەڵـەی کۆمەڵایەتـی چییـە، خاڵێکـە کـە تەنیـا بـە هـاوکاری پێوانـەی کۆمەڵایەتیـی بایەخـەکان، دەکـرێ پێوانە بکرێن، چۆن دەکرێ بیسـەلمێنن کام یەک لەو درووشـمە کۆمەڵایەتییانـە ڕاسـتن کامیان ناڕاسـت؟**

**کارێـل پوپێـر:** ئەمـە ناسـەلمێندرێت. هەروەک چۆن لە زانسـتە سرووشـتییەکان دا ناتوانـی هیچ شـتێک بسـەلمێنی بـەڵام دەتوانـی لەم بارەیـەوە باس و قسـە بکرێ، دەکـرێ هەلوێسـتی جۆراوجـۆری کۆمەڵایەتـی و ئاکامەکانـی دەگـەڵ یەکتـر هەڵسـەنگێندرێن. لـە دوامیـن شـیکاری، پەسـند کـردن یـان وەلانانـی یەکێک لەو بایەخـە کۆمەڵایەتییانـە پرسـێکە تایبـەت بـە بڕیاردان.

**پرسـیار: کەوابـوو لە کۆتاییـدا ناتوانیـن بڕیاراتی کۆمەڵایەتی، حوکمی سیاسـی بسـەلمێنیت دەتوانیـن تەنیـا بە دژ یان دەگەڵ ئەوان بە شـێوەی کەسـیی بڕیار بدەین! هەر بەڕاسـتیش هزری «کۆمەڵگای کراوە»ـی ئێوەش وەک گشـتایەتییەک لەسـەر ئـەم بناخەیە ڕاوەسـتاوە: واتە بڕیار بە ئاوەزمەندی بوون لـە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی (اجتماعـی)، دەکرێ زیاتر ئەم باسـە بکەنەوە؟!**

**کارێـل پوپێـر:** ئاوەزخـوازی ڕێز لـە بەڵگاندن و بۆچـوون و هەڵسـەنگاندنی ئەزمون دەگـرێ، بـەڵام بۆ بڕیـاردان بە پەسـندکردنی ئاوەزتەوەری ناتوانی بە بەڵگەویسـتن و ئەزموون، هۆکار بێنیەوە سـەرەڕای ئەوەیکە دەتوانی قسـەی لەسـەر بکەی، بەڵام لە گەنگەشـەی دوایی لەسـەر بڕیارێکی نائاوەزمەندانە لەسـەر متمانە بە ئاوەز و عەقڵ، ڕاوەسـتاوە. بـەڵام ئـەو بڕیـار بـە ئـاوەزە بڕیارێکـی ناڕوناکبیرانـە بـەڵام ئاکارییە، بڕیارێکـە لەسـەر هەڵوێسـتی ئێمـە لەبەرامبـەر هەمـوو مرۆڤـەکان و پرسـی ژیانی کۆمەڵایەتـی، کاریگـەری دەبێ. دەتوانین بڵێین ئاوەزتـەوەری دەگەڵ بابەتی مرۆڤ

دۆستانە ئاوێتە بکەین، هەتا دژەئاوەز کە بەرابەری ڕەت دەکاتەوە. هەرچەند تاکەکان لە زۆر بوار بەرامبەر نین بەڵام ئەمە ڕێگر و لەمپەڕ نییە کە هەموو مرۆڤەکان بەنیسبەت ماف و ڕەوشت، وەک یەک مافیان هەبێ. «بەرابەری لە ئاست یاسا» ڕاستییەک نییە، بەڵکوو خواستێکی سیاسییە کە لەسەر بناخەی بڕیارێکی ئەخلاقی ڕۆنراوە. باوەڕمەند بوون بە ئاوەز و هەروەها بە ئاوەزی ئیتران، هزری بێ غەرەزی و پشوودرێژی، وەلانانی هەموو داوایەکی بوێرانە لە خۆ دەگرێ.

# ئاکام

**دوامیــن ئەنگیــزەی ئاکاریــی هێربێــرت مارکــووزە بۆ دەروەســت بوون لە سیاســەتی ڕیشــەتەوەرانە چییە؟**

**مارکووزە:** دەروەســت بــوون؟ بڕوانن، بۆ ئەمە هیچ بەڵێنی و دەروەســتییەکی تایبەت نییــە؛ زۆر سروشــتی، بەتەواوەتــی خۆڕســک ڕوو دەدات. زۆر هاســان، مــن ئەمــڕۆ ناتوانــم بیــر بکەمــەوە بێ ئەوەیکە لــە خۆوە، بیری لــێ بکەمەوە کە لە دەوروپشــتم، لــە جیهــان چ ڕادەبــرێ. ئەویــش نەک دەوروپشــتی نزیکــم بەڵکوو لــە ئەمریکا، لە ئاســیای باشــووری ڕۆژهــەڵات، لــە ئەمریــکای لاتین لــە هەر شــوێنەک کە ڕق و خەفەقــان و هــەژاری دەڕوانێتە ڕوخســاری ئینســان و چاوی چڕ داگرتــووە، تەنانەت ئەگــە مرۆڤ نەیهەوێ چاو لەوبەری بکا، هەســتی پێــدەکات، دیخوێنیتەوە دەزانیت، دەمهــەوێ بڵێــم کە ئەمە بۆ من دەروەســتییەکی تایبەت نییە، وەرگێڕانی سرووشــتی هەناوی منە.

**بەڕێــز پرۆفیســۆر، لــە کۆتایــی دا جارێکــی دیکە بــە شــێوەیەکی بنچینەیی پێم بڵێــن: شــۆڕش واتــا، بەڕێوەبردنــی توندووتیژی بۆ ئــەوەی دەتوانین باشــتری بکەین، ئایــا ئەمە بــۆ ئێــوە ناوێناییە؟**

**کارێــل پوپێــر:** دەبــێ تەوفیر هەبێ لــە نێوان شــۆڕش بە دژی دێموکراســی، وەک ئەوەی مارکسیســتەکان تەنیا بە دێموکراســی ڕواڵەتی دەیناســن و، شــۆڕش بە دژی دیکتاتۆرە ڕاســتییەکان کە بەداخەوە زۆر بە دەگمەن دەتوانێت دیکتاتۆری بڕوخێنیت.

وشـەی «شـۆڕش» دەتوانێـت ڕووخانێکـی ئاشـتی خوازانـە و مانـای وەرگەڕانێکـی توندووتیـژ بـدات. مارکسـیزم ئـەم دوو مانایەی بـە کراوەیی هێشـتووتەوە. ئاکامی وەرگەڕانـی توندووتیـژ، بـە زۆری دیکتاتۆرییـە، وەک چۆن لە شۆڕشـی سـەدەی ١٧ی ئینگلسـتان کـە بـە دیکتاتـۆری «کرامـۆڵ» گەیـی، لە شۆڕشـی فەرانسـە بـە دیکتاتـۆری «ڕوبێسـپێری» و «ناپێلئـۆن» کۆتایـی هـات، لە شۆڕشـی ڕوسـیە گەیشـتە دیکتاتۆریـی «سـتالین». کەوابوو جوان دیـارە کە ئارمانجی شۆڕشـگێرانە و لایەنگرەکانیـی لێنزیـک دەبنـە قوربانی شـۆڕش. گۆڕانکاری ئاشـتی خوازانە بە تەواوەتـی جیـاوازە و ئـەو ئیمکانـەی بۆ ئێمە هەیە ئـاگاداری ئاکامـی نەخوازراو و ئـاوات بـۆ نەخوازی کارەکانمان بیـن و ئەوانەی کە، کاتێک وەها تشـتێک ڕوویدا، خێرا بگۆڕین. بەم جۆرە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری ئاشـتیخوازانە ڕەوشـێک دەخولقێنیت کـە تێیـدا ڕەخنـەی بەئاشـکرا لـە دۆخـی ئارایـی کۆمەڵایەتـی بـە توندووتیژی سـەرکوت ناکـرێ و چوارچێوەیـەک پێـک دێت کـە دەرفەت بە چاکسـازی دواتر دەدات.

# کۆتایی

- «هێربێرت مارکووزە» و «کارێل پوپێر»، دوو پێشەوا و پێشەنگیی دوو ڕەوتی گەورەی فەلسەفی چاخی ئێمەن کە مەبەستیان گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدایە. ئەم دوو کەسایەتییە تەنیا بە سووتفە ئەگە یەکتریان دیبێت، هیچکات بە شێوەیەکی جدی دەگەڵ یەکتر قسەیان نەبووە و وا وێدەچێت کە ئەو کارە بکەن، هەربۆیە ئەم چاوپێکەوتنەیان پێویستە. تەنیا ئەو بۆچوونە کۆمەڵایەتییەی کە دژایەتی نێوان سوسیالیزمی شۆڕشگێرانە و چاکسازی کۆمەڵایەتی کە گۆرانکارییەکانیان لەبەرچاوە باس دەکرێ و لێرە و لەوێ بەسەر دژوازییەکان سەردەکەوێ دەتوانێت بەڕاستی بۆچوونێکی ڕەخنەگرانە بێ.

ڕادیۆ «باواریا» هەوڵی داوە بەرەوڕووبوونەوەی نێوان مارکووزە و پوپێر-کە ڕووی نەداوە-بیکاتە بەرنامەیەکی میدیایی. بڵاوکراوەی ئەم دەقانە هەردووک فەیلەسوفی سیاسی بە شێوەی جیا لە ماڵەکەی خۆیان بینی و پرسیاری لێ کردن و وڵامەکانیان لەبەر یەک داناوە. ڕەزامەندی تەواوی مارکووزە بۆ بەشداری لەم چاوپێکەوتنە هاسان نەبوو، گوتووبێژێکی سەرەتایی کاتێک کە لە ئاڵمان بوو و دواتر خەروارێک نامە لە مونیخەوە بۆ شوێنی مانەوەی مارکووزە لە «لاجولا»لە قەراغ سەندیەگۆ لە کالیفۆڕنیا بووە هۆی ئەوەیکە فەیلەسوفی ٧٢ ساڵە باسێک لە ژیان و فەلسەفەی سیاسیی خۆی بکات. لە ئاکام دا کاتێک تیمی میدیایی لە نوامبری ١٩٦٩ چوونە دیتنی مارکووزە، لە خانووبەرەیەکی داری سادە لە نزیک زانکۆی پێشووی خۆی لەسەر بەستێنی ڕەوەزی پاناوی ئارام سەرکەوتین، ئەو زۆر خۆی وەک هاوڕێ و مامۆستایەک کە ئاشنای ئەو کەرەسە میدیا گشتییانەیە پێشان دا.

کارێـل ڕایمۆنـد پوپێـر کـه وەک دژیـارە نوێ مارکسیستەکەی خۆی لە سـاڵی ١٩٦٩ـەوە خانەنشـین کـراوە- پێشـنیاری ئێمـەی بـێ یەکـودوو قبـوڵ کـرد. ئەو بیرمەنـدە دەگـەڵ هاوژینەکـەی لـە «پیـن» لـە پارێـزگای «باکینگهـام شایەر»ـی ئینگلیـس دەژیـت. پوپێر کە چوار سـاڵ لە مارکووزە لاوترە، بـەڵام چوونکە لەبواری جەسـتەیی و تەندرووسـتییەوە زۆر باش نییە، دەبێ ئەو کەرەسـەی تێلڤزیۆنی و کارە فەنییەکانـی ئازاریـان دابێ.

لەحاڵێکـدا نازناوی مارکـووزە وەک تیۆرێسـیەنی بزووتنـەوەی نێونەتەوەیی»چەپی نوێ» لە سـەرەتاکانی دەیەی شەسـت هەموو دنیای داگرت، کارێل پوپێر لە دەرەوەی فـەزای ئاکادێمیـک زۆر ناسـراو نەبـوو؛ دەگـەڵ ئەوەیکـە «سـێر کارێـل پوپێر»-لە سـاڵی ١٩٦٥ پلەی لۆردی وەرگرت- ڕەنگبێ بەدەسـتەڵاتترین فەیلەسـوفی حەوزەی فەرهەنگی ئانگلۆساکسـۆنی و سـکاندیناوی بێ، لە ئاڵمانی فێدراڵ تەنانەت لە نێو خوێندکارانیـش دوای باسـێکی تونـد دەگەڵ «تێئـۆدۆر ئادێرنۆ» لە سـاڵی ١٩٦١ لە شـاری توبینگێـن بوو کە سـەرنجەکان کەوتنە سـەر پوپێر-دەمەقاڵەیـەک کە لەوێدا ئـەو «کێشـەی قوتابخانـەی «تەحەسسـلی» جارێکـی دیکە لـە کۆمەڵناسـی ئاڵمان وەڕێخسـتەوە. ئەمرێکـی پووچـە کـە لەوکاتییـەوە دیالێکتیسـیەنەکانی «مەکتەبی فرانکفـۆرت» مـۆرک و نیتکـەی لاینەگری لـە قوتابخانەی «تحصلـی» لێ نەدەن. پوپێـر وەک بیرمەندێکـی زانسـتی توندترین و سـەخترین ڕەخنەکانی ئاراسـتەی ئەم قوتابخانەیـە کردووە کە لـە دەوری «ڕۆدێلف کارناپ» و حەوزەی ڤییەن کۆ ببوونەوە.

٢- ئـازادی زیاتـر، دادپـەروەری زۆرتـر مرۆڤایەتی پتر بۆ کۆمەڵـگای ڕۆژئاوایی دێموکراتیـک و هەڵبـەت لـە ئاکامدا بۆ هەمـوو کۆمەڵگاکانی سـەر زەوی، ئەمە بابەتی هەردووک فەیلەسـووفە.

کاتێـک مـرۆڤ بـەراوردی دوو گەڵاڵـەی دژبەیەک دەکات سـەرەتا بە ناسـینی کۆمەڵگای ئێسـتا دەگا-بەچۆنییەتی شـیکارییەکەی. هێربێرت مارکووزە کە ئیدی وەک مارکسـیزمێکی نەریتی کار ناکا تەنیا وەک ئابووری سیاسـی و هەڵکەوتەی چینایەتیـی ئـەو کۆمەڵگایانـە بەڵکوو لە کلتـووری ئاگاهانە و غەریـزەی «مرۆڤی تاک ڕەهەندی»دەسـت پـێ دەکات، وێنایەکی ترسـێنەر دەخاتە بەرچاو.

بـەڵام ئایـا هەربەڕاسـتی کۆمەڵـگای ئێمـە ئەوەنـدە سـەرکوتکەرە کـە ئـەو

نیومارکسیستانە باسی دەکەن؟ ئەوەیکە زۆربەی تاکەکان ڕەوشەکە وا هەست پێ ناکەن، بۆ مارکووزە هیچ کێشەیەک نییە. دەڵێ گەشەی (تکامل) لافاویی تکنیک و پڕباری و وێڕای ئەمە ئەو ئاستە لە ژیانی هەژاران، وێنەی چەختییانە و هۆڤییانەی سەرمایەداری چاخی ئێمە لە ناوخۆ و دەرەوە دادەپۆشیت و مێشکمان وەها گیژوکاس دەکات کە ئیتر ناتوانن خۆیان ببیننەوە. مرۆڤ هەرچەند ئۆگریی بەم بنەمایەش بێ-بەڵام ناتوانێ ئەو پرسیارە نەکات: مارکووزە چۆن دەگاتە ئەو پارادایمانەی کە دەبنە هۆی جیاوازی دانان لە نێوان «ڕاستیی» و «ناڕاستی»؟

هەرچەند ئەگە ڕەخنەی تێکدەرانەی مارکووزە جارناجارێک ڕاست بێ، مرۆڤ وەک وێنایەک کە پوپێر خۆشبینانە لە کۆمەڵگا دەیخاتەڕوو، دردونگت دەکات. ئەگەرچی پوپێر نادادپەروەری و بەستراوەیی کە هەتا ئێستاش لێرە بوونیان هەیە، دەبینێت، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕەیە کە، دێموکراسیی پارڵمانی دەتوانێت دەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەتی و کۆمەڵایەتی لە ئەندامانی لاوازی خۆی لەهەمبەر ئەندامانی بەهێز، پارێزگاری بکا.

خاڵی دووهەم لە گەڵاڵەی هەردوو فەیلەسووف، ئامانجی کۆمەڵگای دڵخواز و ڕێگای گەیشتن پێیەتی. بۆ مارکووزە هیچ گومانێک لەوەدانییە کە، «کۆمەڵگای نوێ»ی ئەو سوسیالیستی دەبێ و ڕێگای پێ گەیشتنیشی تەنیا بەشێوەی نەمانی نیزامی سەرمایەدارییە. بەڵام جیا لە مارکسیستی نەریتی، مارکووزە لێرەشدا سەرەتا خوازیاری گۆڕانی شێوەی ڕیشەداری زانایییە، واتە ژوورخان، هەتا دواتر گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی «بناخەی» ئابووری وێڕادەگا دەکرێ بڵێین ئەمە سوسیالیزمێکە لەسەر بنەمای بایۆلۆژی (بوونەوەرناسی): کارێڵ مارکس، دەوڵەمەندکردنی بەهۆی زیگمۆند فرۆید.

ئەوەیکە مارکووزە دەیهەوێ وەدەستی بێنیت، شتێک کەمتر لە سەرلەنوێ درووست کردنەوەی مرۆڤی نوێ نییە، مرۆڤێک کە پاڵپشتی حەزەکانیەتی کە هزری مەرگهێنەری سەرمایەداری ناناسێت، یاغیگەری تێدا نەماوە و بەجێگای ئەمە هەستی هاودەردی هەیە، مرۆڤێک کە ڕقی لە شەڕە. ئەمە ناشوێنێکە بە هەستێکی دڵڕفێن کە مرۆڤ حەزی لێیە خۆی لێ بدات.

بەڵام پرسیارێکی زۆر دەخولقێن. لە دۆخی ئابووری پیشەیی چۆن دەکرێ

کۆمەڵگا بەڕێکخراو بکەین؟ ئایا زانیاری مرۆڤ، ئەگە بەردەوام خۆ لە شۆڕش بدا، سیاسیی بوونی هەموو پێوەندییە ئینسانییەکانی بەدوا دا نایێ کە لێنیزک هەموو کەشێکیی ئازادی لێ ستەندراوە؟ هەروەها ئایا هەتا ڕادەیەکی زۆر لەوە دڵنیا نابینەوە کە شۆڕشی مارکووزە دەبێتە هۆی دیکتاتۆرییەک کە بۆخۆیشی نایهەوێ؟ مارکووزەی نوێ مارکسیست دەڵێ: لەم بوارەیەوە هیچ گەرەنتییەک نییە، مێژوو کۆمپانیانی بیمە نییە».

ڕێک وەک ناسینی کۆمەڵگای ئێستا، کاتێک گەلاڵەی «کۆمەڵگای نوێ»یش دەکرێ بپرسین؛ کام لە بنەماکان هۆکاری ڕاستی ئەم کۆمەڵگایەیە و مرۆڤ چۆن دەتوانێ بەو بنەمایانە بگا؟ ئایا لێرەدا لە هەڵسەنگاندنی دوایی ماکەی گەندەڵی و مشەخۆری و خراپەکاری خۆی حەشار نەداوە کە هەڵسووڕاندنی کۆمەڵگای داویتە دەست هەڵبژێردراوان:»هزری گەیشتنی هەڵبژێردراوان بە حەقیقەت بۆ هەڵگرەکانیی زانستیی ڕزگاریدەر» (هانس ئاڵبێرت؟)

بەپێچەوانە کارێل پوپێر ڕوانینی خۆی بۆ دەرەوە هەتا شوێنی نادیار ڕانادێریت، ئامانجی ئەو کۆمەڵگای کراوە درێژە و گەشەی دێموکراسی پاڕلمانی ئارایی بەهۆی چاکسازی کۆمەڵایەتییە. بۆ ئەم نوێ لیبراڵە هەموو شۆڕشێک ئەو مەترسییەی تێدا هەیە کە «شۆڕش بکوژێت و ئارمانجەکانی لەناو بەرێت».

بەڵام چاکسازی، ئەگە ئاکامی خراپیشی لێبکەوێتەوە دەکرێ ڕاستی بکەیەوە، هەڵبەت پرسیارێک کە لێرەدا هەموو شتێک ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە کە، «کۆمەڵگای کراوە» ئەگە ناسینی مارکووزە لە سەرمایەداریی هەنووکە هەتا ڕادەیەکیش درووست بێ، هەربەڕاستی سەردەگرێ؟ جیا لەمە پوپێر خوازیاری ئەوەیە کە نارەزایەتی کۆمەڵایەتی بە شێوەی ئاوەزمەندانە بەڕێوەبچێ. بەڵام ئایا بایەخ دانان و هەڵوێستی سیاسی، لانیکەم بەکاریگەری لەسەر دۆخی حاکمی کۆمەڵایەتی نییە؟ کۆمەڵگای کراوەی پوپێر-ئەمەش جێ سەرنجە- لە ڕاستیدا لە ڕووی ناوەرۆکەوە دیاری نەکراوە، پوپێر ئەو دێموکراتە ئازادیخوازە، وێنایەکی لە کۆمەڵگای «درووست» نییە، ئەو تەنیا کەرەسەکانی یاری دەناسێنێ کە دەبی لە نارەزایەتییەکانی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیرێن، جا ئەوەیکە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایانەی کە داویەتی لەئاکام دا بەدوای کام ئامانجی سیاسی دەبێ بڕۆین،

دەبێ بەردەوام وێڕای باس کردن ڕەخنەیان لێ بگیرێ و پەروەردە بکرێن.
بەڵام چۆن دەتوانین ئەم گرێبەستە لە کۆمەڵگایەک کە خاوەن خۆشەویستییەکی جیاوازە ببینینەوە؟ ڕەنگبێ بە ڕێگای بڕیارێک کە زۆرینە دەیدەن، لێرەدایە گومانی خودموختاری ئاگایی تاکەکان لە سەرمایەداری هەنووکە درووست دەبێ کە مارکووزە تۆوەکەی پرژاندووە. ئەوەیکە کۆمەڵگای کراوەی پوپێر لە شیکاری کۆتایی لە بواری ناوەڕۆکەوە هیچی تێدا نامێنێت. هەموو ئەو باسانە ڕیشەی دژوازییەکانی نێوان مارکووزە و پوپێر، فەیلەسوفی نوێ مارکسیست و فەیلەسوفی ئازادیخوازی کۆمەڵایەتی یان «ئاوەزتەوەری ڕەخنەگر»-ئەوەیکە پوپێر خۆی پێ دەناسێنی-ڕای جیاوازە کە لەسەر زانست دا هەیانە و وێنایەکی دژبەیەکە کە لە زانست و ئەرکی ئەو بۆ مرۆڤەکان دەخاتە ڕوو.
٣. وەک سەردەمییەک کە باوەڕمەند بوون بە ناخەڵکیی و نامرۆڤایەتی سیستەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری نەیخستۆتە ناو مارکسیزمەوە، وام لێ دەکات کە، نەک هەر مارکووزە لەلایەن پوپێرەوە ڕەخنەهەڵگرە بەڵکوو پوپێریش ل ئالی مارکووزەوە ڕەخنەهەڵدەگرێ. لەوە دڵنیا نیم کە بتوانین لە نێوان گەلاڵەکانی دژبەیەکی مارکووزە و پوپێر سەنتێزێک (ئەوەی لەکارتێکەری ئانتی تێز لەسەر تێز وەدیدێ، وەرگێڕ) پێک بێنین، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕەم کە بۆچوونێک کە کۆمەڵگایەکی ئازادتر و دادپەروەرانەتر کە ڕاوەستاو بێ، دەبێ ماکی هزری هەردووک لەو فەیلەسوفانەی تێدا هەبێ. مەبەستی ئەو چاوپێکەوتنە ئەوەیە کە گەلاڵەی دژواز لە بواری هزرییەوە شی بکرێتەوە و گەڵاگەڵا بکرێت هەتا بەم جۆرە شتگەلێکی لێ وەدەر بکەوێت کە بتوانێ سەرچاوەی هەوڵێک بێ بۆ چێکردنی سەنتێزێک.
مونیخ مارسی ۱۹۷۱ فرانتس شتارک
(اصلاح یا انقلاب مترجم هوشنگ وزیری، تهران. انتشارات خوارزمی چاپ سوم ۱۳٦۱)

# ڕەخنە، بەراورد و شیکاریی بزووتنەوەکانیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و خۆرهەڵاتیی کوردستان

**پوختە:**

بەشی هەرە زۆری ئەو بزووتنەوانەی لە یەک دوو دەیەی ڕابردوودا لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئافریقا (ڕۆژهەڵاتی ناڤین) ڕوویان دا پڕ بوون لە دژوازی و پاڕادۆکس بەجۆرێک نە دەکرێ ناوی شۆڕشیان لەسەر دابنێین نە چاکسازی، لێرەدایە کە دەبێ بەدوای سەرەداوێکی نوێدا بگەڕێین کە بەشێک لەو بزووتنەوانەی سەرخست و بەشی هەرەزۆریشیان هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ چارەنووسیان نادیارە. دوو ویژمانی باو و ڕوانینی سیاسی بەرەهەندیی شۆڕش یان چاکسازی و تەنانەت قەتیس مانەوە لە نەریتێکدا و زۆرجار نوقم بوون لە «ڕووباری بەخوڕ»[1] بزووتنەوەکانی ئێران بەتایبەت کوردی لە ڕۆژهەڵات تووشی بێهیوایی، قەیران و دەکرێ بڵێم سەرلێشێواوی کردووە. ڕێکخراوەکان ئەگە لە درێژماوەدا توانای دروستکردنی گۆڕانکارییان نەبێ، «بێهیوایی» و «کێشەی نێوخۆیی» تێیدا گەشە دەکا، کاتێک چالاکەکان لە خەبات دوور دەکەونەوە و بێمەیلی و ساردبوونەوە تێیاندا ڕوو دەدا تووشی هەتڵە دەبن، ڕێگاکە ون دەبێ و ئامانجەکە لار دەبێتەوە، بزووتنەوەکان ئەگە مکانیزم و شێوازیی سەرهەڵدانیان دیار نەبێ بە دژەشۆڕشێک لەلایەن کۆمەڵگای سیاسییەوە هەرەس دێنن.

1. *«ڕووباری بەخوڕ» زاراوەیەکە بەومانایە، ڕەوتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە ڕۆژهەڵات لەبەر گەلێک هۆکار وئەو دۆخەی کە تێیدایە بەجۆرێک لە قەیران گەیشتووە و چارەی کاری لەوە دۆزیوەتەوە کە لانیکەم جارێک دەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان ئەگە کاریگەریشی نەبێ هەرنەبی بڕوا لە کۆتاییدا بزانێت چیی بەسەر دێ.*

**وشەی ڕێنوێن:** چاکسازی، شۆڕش،
بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کوردستان، ڕۆژهەڵاتی ناڤین.

**بەرایی:**

بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە ڕێکخراوێکـی بەتەواو تۆکمە و دیاریکراو، کـە بـە مەبەسـتی داکۆکی یـان پەرەپێـدان یـان دەستڕاگەیشـتن بـە ئامانجێکی تایبـەت ئەندامانـی ڕێـک دەخـا. ئەوەی کـە بەشـێوەیەکی بنەڕەتـی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتـی دیـاری دەکا، داواکار بـوون و بانگەشـەکەربوونیەتی کـە هەوڵـی ناسـاندن و سەرخسـتنی ئایدیا و قازانج و بایەخەکان دەدا لەم پێناوەشـدا بەردەوام لە هەوڵی زیاترکردنی ئەندامان و تێکۆشـان بۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی جەماوەر، هەروەها بژاردەکانـی کۆمەڵگەدایـە. ئامانجـی بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان جۆربەجۆرن، لـە چاکسـازی یـان گۆڕینی سیسـتەمەکان هەتـا قەدەغـەی ئێعدام، یـان چەکە ئەتۆمییـەکان و بەفەرمی ناسـینی مافە یاسـایی و سیاسـییەکانی ژنـان، ئەتنیکە جۆراوجۆرەکان، ژینگە و ... ئەو کەرەسـانەش کە لـە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵکیـان لـێ وەردەگیـرێ جیاوازن، بەجۆرێک کـە لە پڕۆپاگەندەی سـادەوە بگرە هەتـا توندوتیژیـی. (روشـە، ١٣٨٩، ١٣٥) بەهەرحـاڵ بـەدووور لـە ئامانجەکان و کەرەسـە بەکارهاتـووەکان، پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان هەمـووکات وەک بنەمایەکی هزری نوێ پێناسـەی بـۆ دەکرێ.

بـە ڕوانینێکـی دیکـە، بزوتنـەوەی کۆمەڵایەتـی جۆرێـک لـە ئاکاریـی کۆمەڵایەتییـە کـە بـەوان هـۆکار، دەسـتەیەکی زاف لـە مرۆڤـەکان دژکردەوە و ناڕزایەتـی خۆیان لە چوارچێوەی، کاریی گشـتی (collestiv actin) ئاگاهانە و مەبەسـتدار لـە دۆخیـی ئارایـی دەردەبـڕن. ئـەم ڕابوونـە دەتوانێ شـەبەنگێکی بەربـڵاو لـە بابەتـە سـەرەکییەکانی وەک، نابەرابـەری کۆمەڵایەتـی، ئایینـی، هـەڵاواردن و جیـاوازی، تەناهی، دۆخی ئابووری (هـەژاری)، کلتووری و ... بێ. پارادایمـی سـەرەکی ئـەم پێواژۆیانـە ناڕزایەتی ئاشـتیانە و سـڤیلمەندە، هەرچەند جـۆر و شـێوازی تریـش لـە نافەرمانی مەدەنی هەر لـە ڕێپێوانی پڕ لـە توندوتیژی هەتـا شـەڕ و تێکهەڵچـوون بوونی هەیە. دوو ئامانجی سـەرەکی لـەو بزوتنەوانەدا.

**یەک:چاکسازی (لە نزمترین ویستدا)**
**دوو: گۆڕان (لە بەرزترین حاڵەتدا) خۆیا دەبن.**

بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین: ئەم شێوە خەباتە ڕایەڵەیەکە دە پێوەندییە نافەرمییەکان لە نێوان هەنێ لە مرۆڤەکان، ڕێکخراو و حیزبەکان. بەو پێیە دەکرێ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان؛ گروپێک لە چالاکانی کاریگەر، تەواو ڕێکخراو کە بە هاوکاری و یارمەتی شێوازی جۆراوجۆری گشتگیر بە دوای ئامانجێک یان کاریگەری لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە دادەنێن. (محمدی، زریبار ١٣٨٥)

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەدژی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکان بە گشتی لە دوو فۆڕمی ئاشتییانە و توندوتیژدا جێ دەگرن:

ئاشتیانە: نافەرمانیی مەدەنی (بەرگریی مەدەنی یان شۆڕشی ئارام)، جۆرێک ناڕەزایەتییە کە حکوومەت پێی خۆشە بیکەی بەڵام توێژێک لە کۆمەڵگە نایکا. کۆمەڵگەی فەرمی پێی خۆشە قوتابی، مامۆستا، کرێکار و ... بچنە سەر کار بەڵام ئەوان ناچن، یان ئەوەی کە حکوومەت کردەوەیەکی پێی ناخۆشە بەڵام چینەکانی کۆمەڵگە دەیکەن وەک مانگرتن (ڕۆژووگرتن، دەمدوورینەوە، داخستنی دووکان و بازار، نەچوونە سەر کار و ... )، ڕێپێوان (ڕێپێوانی بێدەنگ و بێ درووشم یا بە پێچەوانە بە هەڵڵا و پڕ توندوتیژی) و ...

**توندوتیژ:**

**یەک:** کۆمەڵانی وەزاڵەهاتوو بێنە سەر شەقام و بە توندترین جۆر بەرپەرچی حکومەت بدەنەوە و لە هەموو شێوازەکان کەڵک وەرگرن.

**دوو:** ڕەوتە سیاسییەکان (حیزب) و خەباتی چەکداری، کە بەپێی پەسەندکراوی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ژمارە **٢٢٢** و **٢٣٥** ساڵەکانی **١٩٦٦** و **١٩٧٨**، دانی بە ڕەوایی خەباتی چەکداری داناوە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسی گەلان لە بەرامبەر ئەو وڵاتانەی ئامادەی چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکان نین. (حەسەن زادە ٢٠٢١، ٦٨)

لە باس کردنی چەمکیی «بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان»نابێ ئەو تیئۆری و

تێرمـە زانسـتییانە بکەینـە پێـوەر بـۆ کار و تێکۆشـان بـەڵام دەبێ ئەمانـە بزانین و بیانخوێنینـەوە و لەجێـی خۆیـدا کەڵکیـان لـێ وەرگریـن، مەترسـیی مـەزن لـە پێکگرتـن و هەڵسـەنگاندن ئەوەیـە، لایەکی هەڵسـەنگاندن وەک «مۆدێل» لەبەرچاو بگریـن و کاری پـێ بکەیـن (وشـیارانە یـان ناوشـیارانە) و لایەکـەی دیکـەی هەڵسـەنگاندیش بـەو مۆدێلە پێک بگریـن و تاوتوێی بکەین. لێرەدایە کە بۆشـایی «سـتراتێژی»، «کەموکـوڕی» و «نەبوونـی بەرنامە بـۆ تێپەڕین» دێتـە گۆڕ. دەبێ هـاوکات دەگـەڵ خوێندنـەوەی ئاوەزمەندانـە چاوێک لـە ناوچەی خۆمـان بکەین و بگەینـە هەندێـک بۆچوونی نـوێ جـا دوای ڕەخنەلێگرتن و هەڵشـێلانی وەردی بدەینـەوە و بـە شـتێکی خۆماڵـی بگەین ئەوجۆرەیە کـە ئێمە دەتوانیـن لە هزرێکی کۆمەڵایەتیـی جیهانیـدا بەشـدار بیـن و ڕێکار و قسـەی نوێمان بـۆ گوتن هەبێ، جـا نابـێ ئەوەنـدەش لەخۆبایـی بین و پێمـان وابێ جا ئەوجـار با ئـەوان بێن و چاو لـە قوتابخانـەی ئێمـە بکەن و وەدوامـان بکەون یـان ئەوەیکە ئێمە هیچمـان نییە و دەبـێ چاولێکـەر بین و وەدوای ڕێبازی ئـەوان بکەوین، دەبێ ئێمـە بیانخوێنینەوە و بـەردەوام ڕەخنـە بگریـن و گوتوبێژی زانسـتییان دەگەڵ بکەیـن. نێرینێکی دیکەش ئەوەیـە کـە، مـادام هەمـوو ئـەو پاڕادایـم و تێڕامانـە دەرهاویشـتەی بیرۆکـەی ڕۆژئاواییـن، لـە ڕۆژهـەڵات (مەبەسـت جیهانـی بەرامبـەر ڕۆژئاوایـە) ناتوانرێ کاری پـێ بکـرێ، چوونکـە ئێستاشـی دەگەڵـدا بـێ کۆمەڵگـەی سیاسـی و تەنانـەت کۆمەڵگـەی مەدەنیـش لەژێـر هەژموونیی ڕۆژئاوادایە و ئـەوە ئەوانن کە ڕێوشـوێنەکان بـۆ ئێمە دەستنیشـان دەکەن جـا ئەگە بەرژەوەندی خۆیانـی تێدا بووە ئـەوە باشـە و سـەردەگرێ ئەگەینا جێبەجێ نابـێ، واتـە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی بـە شـێوازێکی پێشـکەوتووتر خۆیـا بـووە و سـێبەری بەسـەر چەمـک و ماناکان لـە بـەرەی ڕۆژهەڵاتـدا هەرمـاوە. ئـەو بۆچوونـەی کـە دەڵـێ: خەباتـی مەدەنی بەرهەمـی داهێنانـی ڕۆژئاوایە لێـرەدا دەگوورێ.

ئێـداورد سـەعید لـە کتێبـی «ئۆریەنتالیـزم» (ڕۆژهەڵات ناسـی) خۆیـدا ئاماژە بـەوە دەکات کـە ڕۆژئاوایـیـەکان هەر لەسـەر ڕێچکەی کۆلۆنیالیسـتیی خۆیان بە ڕوانینـی داهێنانـی زانسـت بۆ «ڕۆژهەڵاتـی ناڤین» (ڕۆژئاوای ئاسـیا و باکووری ئەفریقـا) مێشـکی ئێمەیـان پـڕ کـردووە و دوای هێرشـی ناپێلئۆن بۆ سـەر میسـر

(١٧٩٨) ناوبراو سەدان کەسی لە توێژەر، نووسەر، مێژووزان و بیرمەندی دەگەڵ خۆی بردە میسر (سعید، ١٣٨٦، ١٣٢) کە دوای ئەمە هەتا ساڵەکانی ١٩٥٠ زیاتر لە ٦٠هەزار کتێب و وتار و توێژینەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی و جیهانی ڕۆژهەلات بەتایبەتی چاپ و بڵاو بوونەوە بەجۆرێک کە دوو وڵاتی بریتانیا و فەرانسە پشکی سەرەکییان وەبەر دەکەوێ و دواتریش ئەمریکا هاتووتە مەیدان و بە شێوازی خۆی بەدوای بەرژەوەندییەکانیدا تێکۆشاوە (پێشوو، ٣٠٠).
لەبەرچاوی ئەوان ئێمەی ڕۆژهەڵاتی شیاوی ئەوە نین دەستەڵاتمان هەبێ و بۆخۆمان ڕێوەبەری بین بەڵکوو دەبێ ئەوان خێرمان پێ بکەن و لەسەر سەرمان بن، ئێمە خەڵکانی ڕەشوڕووتی نەزان و گەوجین و تێناگەین و ئەوە ئەوانن دەبێ فێرمان بکەن، یان ئێمە مەزڵومین و زاڵمان (دەستەڵات) زوڵممان لێ دەکەن، جا کە ئێمە تێرمی مەزڵووم بوون چۆتە نێو مێشکمان و لە خوێنماندا ڕەگی داکوتاوە، هەتاهەتایە چاولەدەست و چەوساوە و چاوەڕوان و ژێردەست دەمێنین.
هەر لەسەر ئەم سیاسەتە بوو کە ئەو باوەڕە شەقڵی گرتووە کە، خەباتی مەدەنی بەشێکە لە پیلانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە دژی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان. لە سەدەی ڕابردوودا زانکۆکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا هەزاران چالاکی و کاری جۆراوجۆریان کردووە هەتا زانستە مرۆییەکان بەو شێوە بەرهەم بێنن کە دەگەڵ پێوەرەکانی ڕۆژئاوا (ئەمریکا) بگونجێن. بە سەدان لێکۆڵەر بە وڵاتانی جیهاندا بڵاو بوونەوە کە لێکۆڵینەوە لەسەر خەڵکی وڵاتان و شۆڕشی ئازادیخوازی و بەتایبەت دژە کاپیتالیزمی ئەوکاتی وڵاتان بکەن. «جۆرج سۆرۆس» و «جین شارپ»ـەکان ئەو کەسە دەستڕۆیشتوو و سامانداره مەزنانە بوون کە لە چوارچێوەی دۆکترینی ڕۆناڵد ڕەیگان بە ناوی «بڵاو کردنەوەی دێموکراسی»، ناوەندی لێکۆڵینەوەی «کۆمەڵگەی کراوە» (چوونکە خۆی قوتابی کارێل پوپێر بوو ناوی دامەزراوەکەشی بەناوی کتێبە ناسراوەکەی ئەو کرد) «ئالبێرت ئەنشتەین»ـیان دامەزراند. بە سەدان بەرهەمی زانستی کە ئێستا لە جیهاندا بنەمای زانستیی زانکۆکانی جیهانن، لەلایەن حکوومەتی ئەمریکاوە سازگار لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا بەرهەمهێنراون. واتە سەدەیەک زیاترە سەرمایەگوزاری لە زانستدا دەکەن کە ڕوانینی جووڵانەوەکانی جیهان بەو

ئاراستەیەدا ببەن کە ئەمریکا دەیهەوێ. کارێکی وەهایان کردووە کە دەخوازن بەپێی سیاسەتەکانی ئەوان خەبات بکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو شەڕانەی لە سەرتاسەری جیهان دەکرێن هەرنەبی دەستی یەک لەو وڵاتانەی تێدایە و لە بەشێک لە بزووتنەوەکانی جیهانیشدا کە زانیان قازانجیان دە شەڕ و ئاڵۆزی دایە بە ناردنی چەکوچۆڵ و کەرەسەی شەڕ، ئاگرەکە خۆش دەکەن واتە بەهەر دوولادا هەر دەبێ ئەوان سەروەر و باڵادەست بن و پرسەکە بەوان بکرێ. وڵاتانی جیهان ساڵانە بودجەی وەزارەتەکانی بەرگری و شەڕ زیاد دەکەن بە میلیاردەها دۆلار سەرمایەگوزاری لە شەڕ و چەک و کەرستەی نوێی شەڕدا دەکەن و لەکوێ قازانج و بەرژەوەندیان خواستی شەڕ دروست دەکەن و بە پێچەوانەکەشی دەڵێن «سەردەمی شەڕوئاڵۆزی باوی نەماوە و پێویستە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتیانە بگیرێتە بەر». لەلایەکی دیکەشەوە خەباتی خەڵک بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان لەم چەند دەیەی دواییدا لە زۆر وڵاتی جیهان ئەوەی سەلماندووە کە «چەمکیی «بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان» توانیوەتی چ بە شێوەی چاکسازی چ بە شێوەی شۆڕش سەرکەتوو بێ، بەڵام لەم نێوەشدا زاراوەی دیکە (چاکشۆڕش) داهێنراون کە وەک مێتۆدێکی نوێ بۆ خەباتی مافخوازانە دەبینرێ و لەم دەیەی ڕابردوودا لە ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئافریقا بەجوانی هەستی پێدەکرا. لەم نێوەدا بزووتنەوەی سیاسیی کورد وەک پێواژۆیەکی ئاوارتە لە هەناوی سیستەمێکی تۆتالیتەر و دیکتاتۆر جیاواز لەو بزووتنەوانە خۆی دیتووتەوە بەڵام تووشی گرفت و قەیران بووە.

بەپێی پۆلێنبەندییە باوەکان، تیۆریی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان بە سەر دوو گرووپی ئەمریکایی و ئوروپایی دابەش کران. تەوفیر لە نەریتی بیرکردنەوەی ئەمریکایی و ئوروپایی و جیاوازیی ئەو بزووتنەوانە لەم دوو قوڕنە (قاڕە) یە سەریان هەڵداوە و بەستێنسازی ئەم جۆرە ڕێکخستنەیە. بە ڕوانینێکی خێرا، لێڕوانینە ئەمریکاییەکان لە بارەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی زیاتر لەژێر کاریگەریی سوننەتی کارکردندان، لەکاتێکدا کە تیۆرییە ئوروپاییەکان زیاتر بە تێڕوانینێکی نیومارکسیستی دەرکەوتەکان ڕاڤە دەکەن. ئەم بابەتە بە ڕێژەیەک لە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، چوونکە لە ئەمریکا ئەو

ڕێکخراوانــەی لــە ئاکامــی نارەزایەتییەکانــەوە دروســت بــوون، بــەرەو کارخــوازی دەچــن و زۆرتــر وەک گروپی خــاوەن بەرژەوەندی ڕێکەوتن، بەڵام لــە بەرامبەردا لە ئورووپــا ئــەم بزووتنەوانــە زیاتر دژی سیســتەم بــوون و زۆربــەی تایبەتمەندییەکانی خۆیــان، لەوانــە جەختکردنەوەیــان لەســەر ئیدۆلــۆژی لــە چەپــەکان وەرگرتبــوو. (تۆرین، کۆمەڵێک نووســەر، ل ٣٩) ئەگە بمهەوێ بە جۆرێکی دیکە و هاســانتر وێنــای بکــەم، جووڵانــەوەکان لــە ئەمریکا لــە ژێرکارتێکــەری لیبراڵیــزم قۆناخ بە قۆنــاخ بــە خواســتی خۆیــان گەیشــتن و لــە ئورووپــاش بــە نێرینی مارکسیســتی بــەدوای گۆڕانکاریــی خێرا هەنگاویــان دەنا.

جیــاکاری تیۆرییــە نوێیەکانی بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەســەر بنەمای شــوێنی جوگرافی لە ئێســتادا کەمتر باوە و ناتوانێ بە شــێوەیەکی تەواو ســەرجەم تیۆرییــەکان بگرێتــەوە بەتایبــەت ئــەو تێڕوانینــە ئاڵۆزانەی کە ناکرێ بە ســانایی لــە یەکێک لەو دوو بەشــەدا جــێ بکرێنەوە.

هەڵاواردن لەســەر بنەمای "کلاســیک" و "نوێ" مۆدێلی دیکە لە ڕێکخســتنی تیۆریــی بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییەکانــە. ژمارەیــەک خــاوەنڕا لە بــواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانــەوە بــە جیــاکاری ئــەم پێواژۆیانــە بۆ کلاســیک و نوێ لەســەر بنەمــای قۆناغــی مێژوویــی تیۆرییــەکان ڕێکدەخــەن. لــەم ڕێکخســتنەدا، ئــەو تیۆرییانــەی کــە پێوەندییــان بە ســاڵانی بەر لــە ١٩٦٠ هەیە کلاســیکن و ئەوانەی دوای ئەمســاڵەش بە نوێ دەخەملێندرێن. بنەمای ئەم ڕێکخســتنە لەســەر نوێبوون پێداگــری دەکا (بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییــە نوێیەکان) و بۆ پێناســەکردنی ئەم جۆرە جووڵانەوانــە بــەکار دێ کــە لە ١٩٦٠ەوە لە بــواری کۆمەڵایەتیــدا گرینگییان پێ دراوە. لــە ئاکامــی دەرکەوتنــی لەپــڕ و بەرفرەوانــی بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییەکان، شــەپۆلێکی نوێــی تیۆرییــەکان دەرکەوتــن. زۆربەی ئــەم تیۆرییانــە پێیانوابوو کە ئــەم بزووتنــەوە نوێیانــە بــە پێچەوانەی کلاســیکەکان لە هەلومەرجــی کۆمەڵگەی مەدەنــی و دێموکراســیدا گــووراون. لــە ئالییەکیتــر ئەندامانــی ســەرەکیی ئــەم بزووتنەوانــە تەنیــا کرێــکاران و تەردکراوانــی کۆمەڵگــە نەبــوون، بەڵکــوو ژنــان، خوێنــدکاران و لاوان ڕۆڵیــان لەم جــۆرە بزووتنەوانــەدا هەبووە.

**تیۆری بزووتنە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی سێ تێڕوانین شرۆڤە دەکرێ:**

## ١.تێڕوانینی ئاکاری بەکۆمەڵ (کلاسیک)

کۆمەڵە تیۆریی دەروونناسانە، ڕەوشتمەندانە و ڕایەڵکەی کۆمەڵگە لەم دەستەیەدا جێ دەگرن. دەگەڵ بوونی ئەو جیاوازییانەی کە لە ڕێزبەندیی تێگەیشتنەکان و قاڵبی تیۆریی ئەم سێ دەروازەیە هەیە، خاڵی هاوبەشی ئەم سێ تیۆرییە تایبەتمەندی هەستیاریی کردارە و کۆمەڵگە وەک کۆمەڵێک تاک وێنا دەکا. سەرکەوتنی ڕەوشتمەندانە بەسەر زانستی کۆمەڵایەتیی ئەمریکا دەرفەتێکی گونجاوی بۆ خستنەڕووی تیۆرییەکانی دەروونناسی ئامادە کرد. هەتا ئەو جێگای کە خوڵقێنەرانی تیۆری کە کاریگەریی بەرهەمی کارکردنیان لەسەر بوو لە ڕاڤەی جووڵانەوەکان پەرژانە سەر "ڕەوشت- ئاکار" وەک تێگەیشتنێکی سەرەکی و بنچینەیی. تیۆرییەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەش دەگەڵ ئەوەیکە زیاتر پشتیان بە لایەنی کۆمەڵایەتیی ئورووپا دەبەست، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندیی تاکیان لەبەرچاو دەگرت. بەگشتی لە کۆمەڵگەشدا سەرنجیان دەدا سەر هەستی غەوارەیی و نیگەرانی و سەرکوتکردن، هەروەها بێبەشبوونی ڕێژەیی و، جەخت لەسەر ڕەوشی دەروونیی تاکەکان دەکاتەوە.

## ٢.تێڕوانینی ڕێکخراوەیی

ئەو کۆمەڵە تیۆرییانەی لەژێر ناوی (ئامادەیی سەرچاوەکان) ن، بێجگە لە تیۆرییەکانی (خوڵقاندنی دەرفەتی سیاسی) و "قۆناغەکانی ڕەخنە" لێرەدا دەبینرێنەوە. لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان شێوازی ناسراوی کاری سیاسین، بە شێوازێکی دیکە ئەو لایەنانەی ڕۆڵیان هەیە بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە چالاکی دەکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان دەدەن. ڕێکخراوەکان ڕۆڵی سەرەکی لە ئامادەکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ کاری بەکۆمەڵ دەگێڕن، چوونکە بزووتنەوەکان بە بەشێک لە پرۆسەی سیاسیی ئاسایی هەژمار دەکرێن، جیا لە پێداگریی لەسەر چوارچێوەی سیاسی تیۆرییەکان، دوو خاڵی هاوبەشی دیکەشیان هەیە:

**یەک:** چالاکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە ناتەکوزمەند نازانن.
**دوو:** بەشدارانی ئەم جووڵانەوانە بە بێئاوەز ناناسن.

### ٣. تێڕوانینی کۆمەڵگەی مەدەنی

بەپێچەوانەی باوەڕی لیبرالیستییەکانی پێشوو بیروهزریان بۆ بیرۆکەی نیومارکسیستی دەگەڕێتەوە، چونکە ئافرێنەرانی ئەم تیۆرییە کە لێرەدا ڕێکخراون (مارکووزە، تۆرین، هابێرماس و ملووچی) لەسەر لایەنی شۆڕشگێڕیی بزووتنەوەکان پێ دادەگرن و بەپێچەوانەی دەرهاویشتەی تیۆرییە کلاسیکی و ڕێکخراوەییەکان، ئامانجی بزووتنەوەی جڤاکی بە کاریگەری خستنەسەر پرۆسەی سیاسی دانانێن، بەڵکوو تێکدانی سنووری شێوازی کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزکردنی دەکەنە ئامانج. بەپێچەوانەی تێڕوانینی ڕێکخراوەیی کە سەرنج دەداتە عەقڵانییەتی ئامرازی، لە ڕوانینی کۆمەڵگەی سڤیلمەنددا جەخت لەسەر عەقلانییەتی پێوەندی دەکەنەوە و لەسەر ئەم بنەمایە هەرچییەک لە بیری تێڕوانینی ڕێکخراوەیی لایەنی ئامرازی هەیە (ئایدۆلۆژی، ناسنامەی بەکۆمەڵ، جۆری پێوەندییەکان، ڕێکخستن و ... ). بابەتی سەرەکیی ئەم تێڕوانینە دۆزینەوەی سەرچاوەی سەرەکیی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەری هەڵدەچنرێن. بەشیوەیەکی گشتی ئەم ڕوانینە لە ڕیزی کۆمەڵگەی سڤیلدان و جەخت لەسەر تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی بزووتنەوە جڤاکییەکان دەکەنەوە و گرینگیی پێواژۆیەکان لە بەستێنیی جیاواز لە چالاکی سیاسیدا هەڵدەسەنگێنن. (پێشوو، ٤٢)

بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی نادەن، بەڵکوو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جڤاکی سڤیل وەک ئامانجی کارەکانی خۆیان دادەنێن. هەرچەند دەکرێ هەندێک لایەنی سیاسییش بەخۆوە بگرێ یان لە ئامرازی سیاسی کەڵک وەربگرن بەڵام ئامانجی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدایە. بە بۆچوونی هابرماس، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک لە ژینگەی جیهان (جڤاکی مەدەنی) وەردەگرن نەک مەنتقی سیستەم (کۆمەڵگەی سیاسی).

**بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێباوەکان**

ئاڵۆزییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم لە ئورووپا سەریان هەڵدا، دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون کە ململانێی نێوان کار و سەرمایە، تەوەر و بایەخی خۆیان لەدەست داوە. زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگە ئورووپاییەکان توانییان بگەنە خوێندنی بەرز و لەم نێوەدا ژنان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. ڕایەڵکە زانیارییەکان و پێوەندییەکان ڕۆڵی تازەیان هێنا ئاراوە و سەرمایە لە چوارچێوەی بازاڕە ناوچەیی و نەتەوەییەکان تێپەڕی و دەگەڵ سەرهەڵدانی سەندیکا مەزنە ئابوورییەکان هەوڵی دروستکردنی بواری نوێیان دا. بزووتنەوە کۆنەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە کرێکاریی یان جووتیاریی لەسەر بنەمای پێوەندی بە حکومەتەکانەوە پێناسە کراون. بەم ڕوانینە حکومەت و دامەزراوەکان وەک نەیاری سەرەکیی دەناسرێن. ئەم بزووتنەوانە کە وەک داینامیکی بەرهەمهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی باسیان کراوە، بەرگری لە بەرژەوەندیی گرووپە تایبەتییەکانیان لە ئەستۆیە.

**ئالان تۆرین کۆمەڵناسی فەرانسەیی سێ بنەمای بۆ هەبوونی بزووتنەوە کۆمەڵاتییەکان داناوە:**

**١- بنەمای ناسنامە (شوناس):** پێویستە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ناسنامەیەکی دیاریکراوی هەبێ (لە چ کەسانێک پێک هاتووە، بەردەنگەکانی کێن و بەرگریکاری کام بەرژەوەندییەیە؟).

**٢- بنەمای دژایەتی:** بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەردەوام دژی جۆرێک لەمپەڕ یان هێزێک دەوەستێتەوە و بەردەوام هەوڵی شکستدانی دوژمنانی هەیە و بێ بوونی بنەمای دژایەتی، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ناتوانێ بوونی هەبێ. زۆربەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام دژی ئەم ڕەوشەن کە تێیدان و ئامانجەکانی خۆیان هاوتەریب دەگەڵ بارودۆخەکە نابینن.

**٣- بنەمای گشتگیری:** بزووتنەوەیەکی جڤاکی بە ناوی بایەخی زۆر دەگەڵ ئایدیای مەزن، فەلسەفە یان ئایدیای ئۆلی دەست پێ دەکا و چالاکییەکانی

لـه بیـر و بڕوایەکەوە شـەقڵ دەگرێ کە هەوڵـی بەرفرەوانبوون و پێشـکەوتن دەدا. ئـەم هۆکارانـە دەبنـە هـۆی چالاکیـی بزووتنەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی لەوانەیە بە شـێوەی بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی و ئازادیـی مرۆڤایەتی، ئاسـایش و مافی مرۆڤ، سـەلامەتیی گشـتی و خواسـتی خواوەنـد بێـت، ئەمانـە ئـەو تایبەتمەندییانـەن کە ئـالان تۆریـن بە بنەمای گشـتگیری ناویـان دەبا (روشـە ١٣٨٩، ٢٩).

ئـەم بنەمایەش وەک بنەمای ناسـنامە و دژایەتی بۆ ناسـینی زات و لایەنگیریی پێواژۆیەکـی کۆمەڵایەتی دەگەڵ گۆڕانی بنەمای گشـتگیری‌دایە.

دوای دارِمانـی بـەرەی ڕۆژهـەڵات (بلـوک شـرق) «تیمووتـی گارتێـن ئـەش» (Timothy Garton Ash) توێـژەر و نووسـەری بەناوبانگـی بریتانیایـی کە لـە زانکـۆی ئاکسـفۆرد وانەکانـی مێژووی هاوچـەرخ دەڵێتـەوە، بـە ڕوانینێکی نـوێ ئاڵوگۆڕەکانـی چارەگـە سـەدەی دوایی گەنگەشـە کـرد. تیموتـی باس لە کودتاکانـی مەخمەری ئوروپای ڕۆژهەڵات دەکا و پێی وایە ئەم شـێوازە تشـتێکە لـە نێـوان «چاکسـازی» (اصلاحـات) و «شـۆڕش» (انقـلاب) (Refo-lution). ئـەو لەسـەر ئـەو باوەڕەیە کـە، ئەوەی لـە وڵاتانی لەهێسـتان و مەجارسـتان ڕووی داوە زۆر بـە دژواری دەکـرێ ناوی «شۆڕش»ـی لەسـەر دابنێین، لە ڕاسـتیدا ئەمە تێکەڵاوێکە لە چاکسـازی و شـۆڕش (ڕیڤۆلەیشـن، چاک-شـۆڕش)[٢].

لەم دیاردەیەدا توخمێکی بەهێز و سـەرەکیی «گۆڕان لەسـەرەوە» بوونی هەبووە کە لە ژێر سـەرکردایەتی «کەمینەیەکـی ڕووناکبیر» لەناخی حیزبە کۆمۆنیسـتەکاندا چالاکـی دەکـرد؛ بەڵام توخمێکی زیندوو «گوشـاری جەماوەر لە ژێرەوە»ـش بوونی هەبـووە، پێوەندیـی نێـوان ئـەم دوو دیاردەیـە بەگشـتی بـە نێوبژێوانی نێـوان چینی هەڵبـژاردە و ئێلیتی دەسـتەڵاتدار و دژبەران شـەقڵی دەگرت. هەتـا دوای ڕووخانی بەرەی ڕۆژهەڵات، دوانەی —چاکسـازی شـۆڕش- بەسـەر وێژەمانی سیاسـی کە دەیویسـت ڕەوتـی «گـۆڕان» لـە کۆمەڵگـە جۆربەجۆرەکان شـرۆڤە بـکا، زاڵ بوو. (اش ١٣٩٣، ١٦) بـەڵام وردەوردە و بەتایبـەت پشـتی ڕەوتە فرەچەشـنەکان گۆڕان لـە حکومەتەکانـی سـەر بە بـەرەی ڕۆژهـەڵات ئەدەبیاتێکـی نوێـی گووراند کە خـۆی لە چەمکی «چاک-شـۆڕش» (ئـەم چەمکە لەلایـەن تیوموتی گارتێن ئەش

٢. *لە وێژەی سیاسیی فارسیدا چەمکی «انقلاب» هاتووە.*

داهێنـرا) بەشـێوەیەکی قووڵتر و بەربڵاوتر لە مانای «تێپەڕین» (بەرەو دیموکراسـی) نیشـان دراوە. چاکشۆڕشـەکان بـەدوای چاکسـازیی مەبەسـتدارن لـە دامەزراوە حکومەتییـەکان و سـەرجەم سیسـتەمی حکومەتی کە دژی بەها و پرەنسـیپەکانی دیموکراسـی ڕاوەسـتاون بـەڵام لـەم شـێوازەدا، توندوتیـژی بوونـی نییـە، وێرانی و شـەڕ و گزی ناکرێ، پێش بە ڕادیکالیزمی شـێوازی شـۆڕش دەگرێ، دەسـتەڵاتی ترسـهێنەر بوونـی نییـە، دادگای سـەحرایی و سـێدارە و تۆڵەی تێـدا ناکرێ و بەم شـێوەیە تێچـووی گـۆڕان زۆر کـەم دەکرێتـەوە، لێـرەدا مانـەوە چاکشـۆڕش بۆ یەکگرتوویـی و وشـیاری بەردەوامـی دامـەزاروە جـێ بـاوەڕەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـەی مەدەنـی دەگەڕێتەوە، ئەگەینا مەترسـیی ئەوە هەیە بە دژەشۆڕشـێک لەبەر یەک هەڵوەشـێتەوە.

لێڕوانینـی تێپەڕیـن لە قۆناغی چاکسـازیی بۆ شۆڕشـگێڕانە لە دەسـتەواژەکانی بـاوی دەیەکانـی ئـەم دواییە واتـە «وەرگەڕانـدن» و «ڕووخاندن خـوازی» لە ماوەی زیاتـر لـە چـوار دەیـە دوای شۆڕشـی گەلانـی ئێران سـێبەری بەسـەر زۆرێک لە ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی ئۆپۆزسـیۆن داکێشـاوە. هەروەهـا چەنـد ساڵێکیشـە کە چەمکـی گـۆڕان و «گۆڕانخوازی»ـیش هاتوویـە نێـو کایەی ئەدەبیاتی سیاسـی کـە زۆرێـک لـە خەباتکاران هەرسـێک ئەو مۆدێلانەیـان دیوە و تاقـی کردووتەوە و هەرکامیـان بۆچوونـی جیـاواز و جۆراوجۆریان لەسـەر ئەو شـێوازانە هەیە. (بیات ١٣٩٢، ٣٤)

لەسـەر چەمـک و مانای شـۆڕش و چاکسـازی بەتایبەت دەبێ ئەوەنـدە ئاماژەم بکـەم کـە، «شـۆڕش یان چاکسـازی» جیـا لەوەیکـە دوو فۆڕمـی ئارایـی لەنێو هـزری بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکانـن دەکـرێ ڕوانینی جۆراوجۆرمان لەسـەر هەبن هەتـا بە مەبەسـتی دڵخـواز بگەین.

«شـۆڕش یـان چاکسـازی» گوتوبێژێکیشـە دەگـەڵ هـەرکام لـە فەیلەسـوفە ناسـراوەکانی جیهـان «هێربێـرت مارکـووزە» و «کارل پوپێـر» لەسـەر ڕوانینـی دوو نەریتـی ئابـووری سیاسـی بـۆ چۆنیەتیی گەیشـتن بـە کۆمەڵگەیەکـی ئیدەئاڵ. یەکـەم مارکـووزە وەک نوێنەری چەپ بـە ڕوانینێکی نیومارکسیسـتی و دووهەم پووپێـر وەک نوێنـەری جیهانـی لیبـڕاڵ دێموکـرات پرسـیارەکان وڵام دەدەنـەوە.

مارکـووزە بـاوەڕی بـە گۆڕانکاریی بنەڕەتـی و ئینقلاب هەیـە و پوپێریش باوەڕی بـە چاکسـازی هەیـە هەڵبـەت هەتا ئـەوکات کە ئیمکانـی هەبێ دەنا بـە قەولی بۆخـۆی لـە کتێبـە بەناوبانگەکـەی «کۆمەڵگەی کـراوە و دوژمنەکانـی»دا پێی دەگات. هەرچەنـد پوپێـر بـە کەسـێکی دژەڕابـوون (ڕاپەریـن) ناسـراوە، بەتایبەت دژایەتیـی بیرۆکـەی مارکـس دەکا و بـاوەڕی بـە چاکسـازیی قۆنـاخ بـە قۆناخ هەیـە بـە پێچەوانـەی ڕوانینـی مارکـس بـەڵام پوپێریش لـە کۆتاییدا لـە کتێبی «کۆمەڵگـەی کـراوە و دوژمنەکانی»ـدا دەڵێ:

«ئەمجـۆرەش نییـە من هەمیشـە و لە هەموو دۆخێکدا دژی شـۆڕش و ڕابوونێکی پـڕ لـە توندوتیـژی بـە دژی دەسـتەڵاتدارانی حاکم بـم. منیش وەک بەشـێک لە بیرمەندانـی مەسـیحیی سـەدەی نێوەڕاسـت و چاخـی ڕینسانسـدا کـە کوشـتنی حاکمـی زاڵمیـان بـە ڕەوا دەزانـی، لەسـەر ئـەو باوەڕەم کـە لـە حکوماتێکی وەها دیکتاتـۆر و زاڵمـدا کە هیچ ڕێگەچارەیەک جگە لـە ڕابوونێکی پڕ لە توندوتیژی نییـە، دەبێ ئەو شۆڕشـە بـە ڕەوا بزانرێ و مافی خۆیەتی بەڵام باوەڕم بەوەشـە کە ئامانجـی سـەرەکیی ئەو ڕابوونانە دەبـێ دامەزراندنی دێمۆکراسـی بێ» ... (پوپر ١٣٨٤). ئەگەرچـی لـە باسـی نێـوان ئەو دوو بیرمەندە ناسـراوە، هەوڵـی مارکووزە بـۆلای دژایەتـی دەگـەڵ سیسـتەمی سـەرمایەدارییە و هی پوپێریـش کۆمەڵگای جێـگای ئامـاژەی وڵاتێکـی ئـازاد و کراوەیە و دەنا خۆی دەڵـێ ئەگەر وڵاتی من وڵاتێکـی ئـازاد نەبـا منیـش ئـەو تێۆریانـەی خۆمم قەبـووڵ نەدەکرد، مەبەسـتی سـەرەکی لـەم باسـە ئەوەیکـە گەنگەشـەی ئـەم دوو کەسـایەتییانە گەیشـتن بـە کۆمەڵـگای ئایدیالە لە سیسـتەمێکی پێشـکەوتوویا.

لەلایەکـی دیکەشـەوە نـە ئـەو چاکسـازییەی کـە خێـرا لەبەرچاوی ئێمـە و دە مێشـکماندا نـاو و لێدوانەکان و کەشـی کراوەی سـەردەمی «خاتەمـی» خۆیا دەبێ کە لە دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ـەوە دەسـتی پێ کرد و هەر خێرا بووە بڵقی سـەرئاو و لـە قالبـی درووشـم و بانگەشـەدا مایـەوە کە لێکەوتـە فیزیکییەکـەی لە ١٧ی پووشـپەڕی ٧٨ «کوی دانشـگاه» دەرکەوت و لە دەورەی دووهەمی هەڵبژاردنەکانی خاتەمەشـیدا تیۆرێسـیەنی سـەرەکیی چاکسـازیی خاتەمـی (سـەعید حەجاریان) گوتی: «چاکسـازی مرد» لەم دواییانەشـدا باس لەوە دەکا ئەمە تەنیا پیلانێک بوو

بــۆ لەژێر هاتنەدەرێی گوشـاری دەرەکی و چاونووسـاندنی ڕۆژئـاوا! (ئەوکاتە بوو (٢١ی خاکەلیوەی ١٣٧٦) کە دادگای میکۆنووس بە دژی بەرپرسـانی سـەرەکی و یەکەمــی ڕێژیــم بڕیــاری خــۆی دا و ڕێژیم کەوتــە تەنگانە و لەلایــەن بیروڕای گشـتیی ڕۆژئاواوە گوشـارێکی زۆری بۆ هات.) بەشـێک لــە چالاکانی مەدەنی و چینــی هەڵبــژاردەی کۆمەڵگــەی ئێــران پێیانوایــە کــە ســەردەمی چاکســازیی خاتەمــی بەســەرچووە و ئیتــر ئــەم تێرمــە باوی نەمــاوە، هەڵبــەت ئــەوان پێیانوایە کــە قۆناغــی شۆڕشـیش نەگەیوەتێ، چوونکە شــۆڕش کاتێک دەکــرێ کە هیچ ڕێگایەکــی دیکــە بــۆ خەڵــک نەمابێ. ئــەو قۆناخــەی کە ئێســتا ئێمــە تێیداین ســەردەمی ڕێفۆرم و گۆڕانکارییەکانە، ســەردەمی —چاک شۆڕشــە بەو واتایە کە ئامانجەکانــی ئێمــە شۆڕشــگێڕانەن بەڵام بە شــێوازی چاکســازیی (ئامانجی ئێمە گۆڕینی یاســای بنەڕەتی-ییە، بــەڵام ڕێبازەکەمان چاکســازانەیە).

بە گشــتی دەتوانین لەم دوو چەمکە — چاکســازی و شــۆڕش- لە بواری شــێواز و ئامانــج جیــا بکەینــەوە و زیاتر شــی بکەینــەوە کە تێدا چــوار ڕەوش دێنە ئاراوە:

ڕەنگبێ ئێوە هەم لە ئامانجەکەتان و هەمژی لە شــێوازەکەتان شۆڕشــگێڕ بن.

ڕەنگبێ لەهەردووک جۆردا چاکسازیخواز بن.

یان دەکرێ لە شــێوازدا چاکســاز و لە ئامانجدا شۆڕشگێڕ بن.

دەنا لە شــێوازدا شۆڕشگێر و لە ئامانجدا چاکسازیخواز.

بەشــێکی دیکــەش پێیانوایە کە، چاکســازی لــە ئێران تاقی کرایــەوە جا ڕەنگبێ یــان ئیمکانــات هــزری تــەواوی تێــدا نەبــوو یــان ئەوەیکــە ســەرکردایەتییەکەی تووشــی کێشــە بــوون و یــان نا ئەمــە پیلانێــک لەلایەن خــودی حکومەتــەوە بووە، ئــەو بیرۆکەیــە بــە هەرحــاڵ نەیتوانیــوە خەڵــک بــە ئامانجــە دڵخوازەکانی خۆی بگەهێنیت، دوای ئەمە خەڵک تووشــی بنبەســت نابن، بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبــەت ڕێــگای خۆیــان بــەردەوام دەپێــون و بەرەوپێش دەچن.

ئــەم دەســتەیە پێیــان وایە، وا بە هاســانی ناکرێ پێمان وابێ ئــەم ڕێژیمە ئامادەی چاکســازی نییــە، چوونکــە گەلێک سیســتەم هەن کــە ئامادەی چاکســازی نین، چاکســازی دەبــێ لەلایــەن چاکســازیخوازانەوە پێیــان بقەبڵێنــدرێ و بەســەریاندا بســەپێنرێ. یەکێــک لــە ئامرازەکانــی چاکســازیخوازان گوتوبێــژ و دیالۆگــە،

هەمیشە خۆ هەر ئاوا نییە کە ئێوە بە زمانی خۆش و کەنینەوە دەگەڵ یەکتر بدوێن، دیالۆگ لە شێوازی چاکسازیخوازان نەک تەنیا بۆ پێملکردنی لایەنی بەرامبەرە بەڵکوو بۆ سەپاندن و بە قەناعەت گەیاندنیەتی، واتە ئێوە دەبێ بە لایەنی بەرامبەرتان بقەبڵێنن و ڕازیی بکەن ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئێوە هێزی سیاسی و ئامادەتان لە مەیدان دا هەبێ و بە پشتیوانی ئەو بتوانن ڕەقیبەکەتان لە گوتوبێژدا ناچار بە پاشەکشە بکەن و پێی بسەلمێنن.

هەموو شتێکیش هەر ئەوە نییە کە بگەین بە دوو ڕێیانێک بەناوی چاک شۆڕش یان سێ ڕێیانێک بەناوی –شۆڕش، چاکسازی و شەڕ- لە باسە هزرییەکانی پێوەندیدار بە بابەتی دێموکراتیزاسیۆن جۆری فرە ڕەهەند و شێوازگەلێکی دیکەش هەن کە بە دێموکراسی دەگەن. «دۆناڵد شێر» چوار جۆر دێمۆکراتیزاسیۆن لە ڕێژیمە دەستەڵاتخوازەکان ئاماژە پێ دەکا: سەرەتا، دێموکراتیزاسیۆنی پەرەسەندوو یان تێپەڕینی ئارام بەرەو دێموکراسی بە ڕەزایەت و بەشداریی ڕێبەرانی ڕێژیم. (بی بی سی، بهمن ١٣٩٦) (ئەم جۆرە لە تێپەڕین بریتییە لە جۆرێک دان و ستان، ئەو چاکسازیخوازانەی دەچنە نێو دەستەڵات و دەتوانن لە گۆڕینی هێور ڕۆڵیان هەبێ و لەوهەمووە دەستەڵاتخوازییەی ڕێژیم دابەزێنن و بخوازن بەرەو وەدیهاتنی دێموکراسی هەنگاو بنێن).

بە باوەڕی «ساموییل هانتینگتۆن» لە زۆربەی حاڵەتەکانی دێموکراتیکسازی لە «شەپۆلی سێهەمی» بەرەو دێموکراسی (لە نیوەی دەیەی ١٩٧٠ لە وڵاتی پورتەغاڵ) بەم شێوەیە ڕوویان داوە و ئیسپانیا و بڕێزیلیش بەڵگەیەکی زیندوون.

دووهەم، تێپەڕین بەرەو دێموکراسی بەشێوازی دیالۆگ و ئاشتی و سازان و پێکهاتن، کە بە جۆرێک تێپەڕینی خێرا بە ڕەزامەندیی ڕێبەرانی ڕێژیم دەژمێردرێ. ئەم جۆرە لە تێپەڕین لە دۆخێکدا ڕوو دەدا کە بەرەی دژبەران و ناڕازییان بەهێز بووە و بزووتنەوە جڤاکییەکانی پشتیوانی دێمۆکراتیزاسیۆن سەریان گرتووە و حکومەت یەکپارچەیی خۆی لەدەست داوە توانایی پێویستی بۆ سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکەی لەدەستدا نەماوە. بە پێی توێژینەوەی هانتینگتۆن، نزیک سێ لە یەکی ئەو ڕەوتانەی تێپەڕین لە «شەپۆلی سێهەم» (بەتایبەت میناکی ئەفریقای باشوور) ئەزمونێکی ئاوایان هەیە.

سێهەم: تێپەڕین بەشێوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژماوە یان تێپەڕینی دوورمەودا، بەبێ ڕەزایەتی دەستەڵاتدارانی ڕێژیم، تێپەڕینێک کە بە خەباتی توندوتیژ بەستراوەتەوە و دەخوازێ حکومەت بڕوخێنێ و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەردا بێنێ.

ئەوەی دوامینیش: تێپەڕین بە شێوەی لێکترازان، تێپەڕینێک کە بە شێوەی خێرا و بە دژی ڕێبەرانی ڕێژیم و حکومەت ڕوو دەدا و بە شۆڕش (شۆڕشی گەلانی ئێران)، کودەتا (تورکیا، نیجێریە و ... )، ڕووخان یان سپاردنی دەستەڵاتی سیاسی- بە هێرشی دەرەکی (عێراق) بە ئاکام دەگا.

**ئەم شێوازناسییە لە باسگەلی بەرەو دێموکراسی زۆرن، هەروەک هانتینگتۆنیش ئاماژە بە چوار جۆر تێپەڕین دەکا (لێنزیک وەک ئەوەی شێر):**

١. بەڕێگای دان و ستان لە قەوارەی سیاسیی دەستەڵات.
٢. بە ڕێگای دیالۆگ و لەیەک تێگەیشتن.
٣. جێگۆڕکێ (دەستاودەست کردنی دەستەڵات).
٤. بە شێوازی نیزامی (چ لە نێوخۆ، چ بە هاوکاریی دەرەکی).

بەپێی ئەزموون و مێژووی چەندین پێواژۆی جڤاکی لە دە ساڵی ڕابردوو و لە ١٠ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین (ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقا) دەیسەلمێنێ کە، ئەگە بەشێوەی نەریتی و کلاسیک وەرزی بەهار و هاوین کاتی چالاکیی نیزامییە، وەرزی پاییز و زستانیش وەرزی تێکۆشانی جووڵانەوە خەڵکییەکانە.

شۆڕشەکان لە ٢٠١٠ بەولاوە سەرجەمیان لە وەرزی پشوودا بووە (کۆتاییەکانی پاییز، زستان، و سەرەتای بەهار) بۆ نموونە ساڵی ٢٠١٠ لە وڵاتی قرقیزستان، قوربان بەیگ باگی ئۆف سەرەتای بەهار _ئاپریل)، دەستپێکی ئەوەی بەهەڵە پێی دەگوترێ «بەهاریی عەرەبی» یان «بێداریی ئیسلامی»، بە خۆسووتاندنی کریکارێکی خەڵکی تونێس بەناوی «محمد بوعزیزی» لە ڕێبەندانی ساڵی ٢٠١٠ (دێسامبر) بە دژی زەین ئەلعابدین بن عەلی دەستی پێ کرد، لە میسر بە دژی حوسنی موبارەک لە ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ دەستی پێ کرد.

لە لیبی بە دژی مەعمەر قەزافی لە مانگی ڕەشەممەدا دەستی پێ کرد، سووریەی بەشار ئەسەد لە ٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ دەستی پێ کرد. لە یەمەن بە دژی عەلی عەبدوڵلا سالح لە کۆتاییەکانی ڕێبەندان و سەرەتای ڕەشەممە جووڵانەوەی خەڵکی بەشێوەی مەدەنیانە سەری هەڵدا، لە ئیتیوپی ٢٠١٩ مانگی خەزەڵوەر، لە ١٣٩٨ لە ئێرانیش لەسەر گرانبوونی بەنزین هەر لە پاییز و مانگی خەزەڵوەر (آبان) بوو. لە وڵاتی ئەلجەزایر سەرەتای ڕەشەممەی ٢٠١٩ و لە ٢٠٢٠ی لوبنانیش هەر لە وەرزی پاییز و مانگی خەزەڵوەر و سەرماوەز خەڵک دەستیان بە چالاکی بە دژی دەستەڵاتداران کرد یان لە وڵاتی عومان دوای مردنی سوڵتان قابووس ڕێبەندانیی ٢٠٢٠.

لەم نێوەدا دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی مەدەنی وڵاتی توونێس لە هەر هەمووان سەرکەوتووتر بوو. لەو وڵاتەدا خەڵک سەرەتا بە شێوەی نەرمی پێواژۆ جڤاکییەکان و بەبێ توندوتیژی ڕژانە سەر شەقامەکان و چالاکیی جۆراوجۆریان بە مەبەستی چاکسازی دەست پێ کرد، دواتر بە توندوتیژی نواندنی حکومەت و گرتن و کوشتنی خەڵک، تیۆرمی «چاکسازی» جێگای خۆی بۆ «شۆڕش» گۆڕی و بزووتنەوەی خەڵکی بە شێوازی شۆڕش سەرکەوت. لە میسر ڕەوشەکە پێچەوانە بۆوە، دوای ئەوەیکە خەڵک بە شێوازێکی مەدەنیانە سەرکەوتن و لە دۆخی چاکسازی بەهێمنی گەیشتنە فازی شۆڕش، موبارەک واز دێنێ و ئەرتەش بۆ ماوەیەکی کاتی هەتا حکومەت هەڵدەبژێردرێ و هەڵبژاردن دەکرێ دەستەڵات دەگرێتە دەست کە لێرەدا بوو خەڵک فریو درا و ئەرتەش توانی بە دژەشۆڕشێک، سەرجەم هیوای خەڵک بکاتە بڵقی سەر ئاو. (بە دانانی محەممەد مورسی و ئەحمەد شەفیق لەبەرامبەر یەکتر و لەئاکامدا کودتا ... ). هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ئێران هەیە بەجۆرێکی دیکە لە میسریش هەبووە، لە میسریش نیوەی ئابووری وڵات لەدەست ئەرتەشدا بووە، گەندەڵی، بێکاری، هەڵاوسان، گرانی، نەبوونی هیوا و ئاواتی لاوان بە دوارۆژ و حکومەتی پۆلیسی و گرتن و ئەشکەنجە و لێدان و بێڕێزی و ... تەنیا حیزبێک کە هەبوو حیزبی دێموکراتی نەتەوەیی (NDP) موبارەک بوو کە ڕێگای بە هیچ ڕەوتێکی سیاسیی دیکە نەدەدا کە چالاکی بکا و هەموو جومگەکانی قۆرغ

کردبـوو و کەشـێکی خەفەقانـی بـۆ ئازادیخوازان و سیاسـییەکان پێـک هێنابوو. دروشـمی خەڵـک دوای وازهێنانـی موبارەکیش کـە خەڵک ترسـی ئەوەیان هەبوو شۆڕشـەکەیان وەک هـی ئێرانـی ٥٧ ڕەوگیر بکرێ و بەردەوام بوون لە خۆپێشـاندان «نـان ئـازادی و عەداڵەتـی کۆمەڵایەتـی» بوو. (لەسـەر ئـەو باوەڕەم لـە ئەگەری سـەرکەوتنی پێـواژۆ کۆمەڵایەتییـەکان یەک لـەو ڕێگایانەی ئێرانییـەکان بیری لـێ دەکەنـەوە مۆدێلی میسـرە، چۆن لە میسـر ئەرتەش بەڕواڵـەت دەگەڵ خەڵک بـوو و دوای لابردنـی موبـارەک شـادیی دەکـرد بەڵام هـەر لە دەسـتەڵاتدا مایەوە و دواتریـش بـە کودتا بەدژی مۆرسـی دەسـتەڵاتی گرتەوە دەسـت و هەتا ئێسـتاس هەر لە حکوومەتە و کڵاوی لەسـەر خەڵک نا و شۆڕشـی خەڵکی بە دژەشـۆڕش وڵام دایەوە).

بـەڵام لـە وڵاتانـی سـووریە، یەمـەن و لیبـی، دۆخەکـە دوای بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان بـە هـۆکاری هەندێک فاکتۆری دەرەکی و نێوخۆیی گەیشـتە قۆناخـی شـەڕ و بە ئاقارێکـی دیکەدا ڕۆیی. هەروەها لە وڵاتانـی بەحرەین و هەتا ڕادەیەکیش عەرەبسـتان بە شـێوازی خۆی سـەرکوت کرا و لە ئەلجەزایریش دە ڕۆژ دوای خۆپاڵاوتنـی جارێکـی دیکەی سـەرۆک کۆمـاری «عەبدولعەزیـز بوتفلیقە» بـۆ ئـەم پۆسـتە دەیان هەزار خەڵک بە شـێوەیەکی مەدەنیانە ڕژانە سـەر شـەقام و لـە لوبنانیـش هەتا ئێسـتاش بە شـێوازی جۆربەجۆر بە دژی نەشـیاوەیی حکوومەت و ڕەوشـی خراپـی ئابـووری کۆمەڵایەتیی خەڵک درێـژەی هەیە.

ئایـا دەکـرێ بزووتنـەوەی وڵاتانـی عەرەبـی وەک شـۆڕش پێناسـە بکەیـن؟ ئـەو تەوفیـر و وێکچوونانـەی کەدەگـەڵ شـۆرش هەیانبـوو بریتیـن لە: بەشـداری بەربـڵاوی خەڵـک کـە زۆرتـر وەک شۆرشـە کلاسـیکەکان دەچـوون؛ لەلایەکی دیکەشـەوە جیـاوازی وەک، نەبوونی ئایدۆلۆژییەکی دیـار و ڕێبەری لە گرنگترین جیاوازییەکانـی دەگـەڵ شۆرشـە کلاسـیکەکان دێنـە ئەژمـار کـە ئـەم هـۆکارە سـەرەکییە بـووە هـۆی ئەوەیکە بەشـێکی زۆر لـە بزووتنەوەکان سـەرکەوتوو نەبن. ڕێبـەری و ڕێکخسـتن دەبێتـە هـۆی ئەوەیکـە کـە جووڵانـەوەکان بەپێچەوانـەی شۆڕشـە کلاسـیکەکان لـە هەنـاوی یەکـەم، نەبوونـی دوورەدیمـەن بـۆ گـۆڕان و هەڵوەشـانەوەی بنەڕەتـی و هەربۆیـە ناچـار دەبـن کـە دەگـەڵ سیسـتەمی بەر لە

شۆڕش پێک بێن و لە هەنگاوی دووهەما، ئەم بزووتنەوانە ناتوانن یەکگرتوویی و یەکیەتیی خۆیان بپارێزن (هەروەک چۆن لە میسر دیتمان بە وازهێنانی موبارەک، دەستەڵاتەکانی دایە ئەرتەش و ئەویش بە ڕواڵەت بەشێوەی کاتی هەتا هەڵبژاردنەکان و نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی سەرافەتی وڵاتی دەکرد، واتە دوای شۆڕشیش بەشێوەیەک بەشی هەرە زۆری دەستەڵاتی نیزامی هێزی هەر مابوو و دانەڕمابوو) کەوابوو بزووتنەوەی وڵاتانی عەرەبی دەکرێ شتێک لەنێوان «شۆڕش» بناسین کە لە ژێرەوە بۆ ژوورەوەیە و بە بەشداریی هەراوی خەڵکی شۆڕشگێڕ حکومەت دەڕووخێنێ و هەروەها «چاکسازیی» کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە سەرەوە ڕوو دەدا و بە دان و ستان و گوتوبێژ لە نێوان ئێلیتی ڕێژیم و سەرکردایەتیی دژبەران و پێدانی بەشێک لە دەستەڵات و وەرگرتنی هەڤیازی جۆربەجۆر ڕوو دەدات. ئەم چاکشۆڕشگەلەی وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت ئێرانیش پێویستیان بە پاراستن و چاودێری کردنی بەردەوام هەبوو بەڵام بە هۆی قەڵشت تێکەوتن و گۆڕینی ئاراستەکان، دەرفەتێک بۆ وەرگرتنەوەی هێز و دەستەڵات لەلایەن دژەشۆڕش ئامادە کرابوو.

لە ئێرانی سەردەمی بزووتنەوەی سەوزدا خەڵک بە شێوەیەکی هێمنانە و مەدەنیانە بە دژی قۆپی لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری دەنگیان هەڵبڕی بەڵام لەو قۆناخەدا خەڵک بەگشتی داواکارییەکی ڕوونی هەبوو (رای من کو؟-دەنگی من کوا؟) لێرەدا مەبەست چاکسازی و پێداچوونەوە بە ڕوانینێکی سیاسی بوو نەک گۆڕان یان شۆڕش بەڵام ٨ساڵ دواتر لە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦ (کە بە پاساوی گرانی و دۆخی ئابووری دەستی پێ کرد و سەرەتا لە شارە گەورەکانی وەک مەشهەد جووڵان، ناتەکووزمەند بوون، ڕێکخراو نەبوون، پەڵەپەڵە بوو و داواکارییەکان ئابووری بوون بەڵام دواتر کە زیاتر گەشەی کرد ڕەوشەکە و خواستی خەڵک گۆڕا و بەسیاسیی بوو) و بەتایبەتیتر لە خەزەڵوەری ١٣٩٨ شەقام قۆناخی چاکسازیی تێپەڕاند و گەیشتە دۆخی شۆڕش، میناک سێ درووشم وێڕای ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێرانە. نموونەی ئەو سێ درووشمەی کە لە زۆربەی شەقامەکانی شارەکانی ئێران بیسترا و پاتە دەبۆوە ئەمە بوو (اصلاح طلب اصولگرا دیگە تمومە

ماجرا، مبارک بن علی نوبت سیدعلی، مرگ بر دیکتاتور) ئەمە واتای گۆڕانکارییەکەی مەزن و بیرۆکەی تێپەڕین لە هەست و نەستی کۆمەڵگەی ئێراندایە.

هۆکارەکانی هەتا ئێستا سەرنەکەوتنی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دەکرێ ئەمانە بن:

١. نەبوونی ئاڵتێرناتیڤ (نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەهێز، نەبوونی پێشەوایەک، نەبوونی ئایدۆلۆژیایەک بەشێوەی ڕابردوو)

٢. ترس (ترس لە شەڕی نێوخۆیی وماڵوێرانکەر، ترس لە بە سووریە بوون و وەک یەمەن و لیبی لێ هاتن، ترس لە گرتن، ترس لە ئاوارەیی، ترسی لەدەستدان، ترس لە هەڵوەشانەوەی ئێران، ترسی لە لەدەستدانی هەویّتیی ئێرانی و ترس لە بەدەستەڵات گەیشتن و دامەزراندنی سیستەمێک کە لەمەی ئێستا خراپتر بێ، ترس لە کێشە کۆمەڵایەتی، ئیداری و ئابوورییەکان (بانکەکان).

دەستەڵاتە نادێموکراتیکەکان بە گەشە و پەرەدان بە دەروون ناسی «ترس» جۆرێک بیرۆکەی بەستراو دەخەنە نەست و ڕەوانی کۆمەڵگەی ناڕازیی و درێژە بە حکومەتی خۆیان دەدەن، بزووتنەوەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی بە وەلانان و سەرکەوتن بەسەر ئەو ترسە مێژوویییە بوو کە سەریانهەڵدا.

لەم نێوەدا دۆخی خۆرهەڵاتی کوردستان لە هەموو ئەو جوگرافیانەی باسمان کرد جیاوازترە بەو مانایە کە، لە کوردستان دەمێکە بزووتنەوەیەکی سیاسی خاوەنداریەتی لە شەقام دەکا و زیاتر خۆی لە ویژمانی «شاخ»دا دەبینێتەوە هەتا «شەقام». ئەگەرچی لەم نێوەدا، ساڵانێکیشە دیسکۆرسی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بۆتە بابەتێکی گرنگ و لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە هەستی پێ کراوە بەڵام لەبەر نەبوونی پلان و ستراتێژی و خوێندنەوەی ورد بۆ ئەم شێوازە لە چالاکییە، کەمتر بایەخی پێ دراوە و کاری پێ کراوە کە من پێم وایە دەکرێ لەم ماتەوزە چالاکە (ویڕای باقی شێوازەکانی دیکەی خەبات) باشترین کەڵک بە قازانجی ڕزگاری و ئازادی لێ وەربگیردرێ (هەتا ئێستاشی دەگەڵ دابێ بزووتنەوەی سیاسیی کورد زیاتر هەوڵی داوە پێوەندی دەگەڵ تاک ببەستێ نەک شەقام، بەو واتایە کە، زیاتر دەگەڵ چالاکی مەدەنیدایە

نەک چالاکیی مەدەنی، یان تەنانەت بایەخنەدان بە سیستەمی عەشیرەیی لە باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، چوونکە ڕایەڵکەی عەشیرەتەکان دەتوانن سەرچاوەیەکی بەهێز بن بۆ گۆڕانکاری لە بەشداریی چالاک و تەنانەت بەشداری لە هاسان بەڕێوەچوونی دەستەڵات).

ئالین تۆرین، کۆمەڵناسی هاوچەرخی فەرانسەیی خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کردووە. تۆرین لە خوێندنەوەی خۆیدا بۆ ڕاڤەکردنی کردەوەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەروەها پێکهێنانی ئەوان، بۆچوونێکی نوێ باس دەکا کە ناوی ڕاڤەی "ئاکسیۆنالیستی" لەسەر داناوە. ئەم زاراوەیە (ئاکسیۆناسیون) بە ڕوانینی کۆمەڵناسانە باس لە گۆڕانکارییە مەزنەکانی نێو کۆمەڵگە دەکا، تێرمی ئاکسیونالیزم قۆناغی چالاکی، ناڕەزایەتی و میتینگەکان تێدەپەڕێنێ و وەک کارێکتێر یان ئەکتەرە کۆمەڵایەتییە چالاکەکان دەتوانێ دەست بە گۆڕانی مەزن بکا. ئەم جووڵانەوەیە جیا لە بزووتنەوەی چینایەتی دەتوانێ گشتگیر بێ و تەنانەت لەسەر پرسی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستیش کاریگەریی دەبێ. ئەم ڕاڤەیە پشتئەستووره بە ناسین و چۆنیەتیی سەرهەڵدانی بایەخ و هۆکارەکان هەروەها چۆنیەتیی کاریگەرییان لە پێکهاتنی کردەوەی جڤاکیی کۆمەڵگەکان. تۆرین بە هێنانی ئەم زاراوەیە، ئەم بابەتەش بیر دەخاتەوە کە ئەو هەوڵ نادا بەربەرەکانی دەگەڵ ڕێبازە هاوشێوەکاندا بکا و نایهەوێ کە ڕاڤەی ئاکسیۆنالیستیی خۆی لە بەرامبەر لێکدانەوەی کارکردگەرایانە و پێکهاتەگەرایی دابنێ، چوونکە شێوازی خوێندنەوەی هەرکام لەم ڕێبازانە جیاوازە. ئەگەر لە Functionalism (کارکردگەرایی) و structuralism (پێکهاتەگەرایی)، زانیارییە پێوەندیدار بە بەها ئارایییەکان خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ، ئاکسیۆنالیست بە چاوگە و بنەڕەت و سەرچاوەی ئەم بەهایانەوە خەریکە. بەم پێیە تۆرین لە ڕاڤەی ئاکسیۆنالیستیدا بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگییەکی بەرچاو و تایبەت دادەنێ بەشێوەیەک کە لەم بزووتنەوانە وەک پێگەیەک تێدەگا کە دەبنە هۆی ئافراندن و پاساودانی بایەخە نوێیەکان و بەم پێیە بزووتنەوەکان لە لێکدانەوەی کارکردی مێژوویی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا بابەتی سەرەکی و ناوەندی ئەم خوێندنەوانە پێک

دێـن و لەبنەڕەتـدا لـەم بزووتنەوانـە و بەهـۆی ئـەم جووڵانەوەیـە کـە ئەکتەرانـی داهێنـەر، کـردەوەی خۆیان ڕێک دەخەن و بە گۆڕین و خسـتنەژێر باندۆڕی ڕەوتی مێـژووی کۆمەڵگـەی خۆیان هـەوڵ دەدەن. (روشـە، ١٣٨٩، ١٢٥).

بەپێـی تێیـۆری «تۆریـن»، دۆخـی ئێسـتای شـەقامی ڕۆژهـەڵات زۆر قۆناغی بڕیـون و ئامـادەی هەرجـۆرە گۆڕانکارییەکـە و تەنانـەت لـە ئامانجیشـدا خـۆی یەکلایی کردۆتەوە کە ئەویش پرسـی بەرزترین ئاسـتی خواسـتیی ناسـیۆنالیزم واتە حکومەتـی کوردییـە کـە ئەگـە لەلایـەن بزووتنەوەی سیاسـیی کورد ئـەم حەز و ویسـتەی ڕەوای خەڵـک لەبەرچاو نەگیری ڕەنگبـێ ئاڵتێرناتیڤی دیکە بە جێگای بزووتنـەوەی سیاسـیی ئێسـتای کـورد سـەرهەڵبدەن. میناکێکـی هـەرە بەرچـاو و سـەرکەوتوو لـە چالاکیـی مەدەنیی خەڵـک بە دژی دەسـتەڵات ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ بـوو کـە دوای مووشـەکباران کردنـی بەشـێک لـە بارەگاکانـی حیزبی دێموکرات و لەسـێدارەدانی سـێ لاوی خەباتکار ڕووی دا و، وەرزەکە وەرزی هاوین بـوو و جـۆری چالاکییەکـەش ناڕەزایەتیـی بێدەنگ بوو (نەهاتنە دەر و داخسـتنی دووکان و بـازار). لـە ڕێپێوانـە مەزنەکـەی خەڵکی مەریوانە بگـرە (١٣٥٨) هەتا، ناڕەزایەتـی لەهەمبـەر گرتنـی عەبدوڵلا ئوجـەلان (١٣٧٧) و داخسـتنی دووکان و بازار و خۆپیشـاندانەکانی خەڵک و ناڕەزایەتییەکان بە کوشـتنی شـوانە سەیدقادر، لاوێکی مهابادی کە لە ١٨ی پووشـپەڕەوە دەسـتی پێ کرد و هەتا ٢٢ی پووشـپەڕ کـە سـاڵڕۆژی تیرۆرکردنـی د.قاسـملوو بـوو قۆسـتەوە و بە داخسـتنی دووکان و بـازار دوای ٢٢ی پووشـپەڕیش درێـژەی کێشـا هە تا ١٦ی گەلاوێـژ کە جارێکی دیکـە بەشـێکی زۆری شـارەکانی کوردسـتان مانیـان گـرت وبـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵ لـەم وەرزەودا درێـژە هەبوو. جارێکـی دیکەش لە ٢٣ی بانەمـەڕی ١٣٨٩ بۆ ناڕەزایەتـی دەربڕیـن بە لەسـێدارەدانی «فـەرزاد کەمانگەر» خەڵـک بێزاریی خۆی لـە ڕێژیـم بـە شـێوازێکی مەدەنیانـە دەربڕی، یـان لـە ١٩ی ڕەزبـەری ١٣٩٨ بە پشـتیوانی لە خەڵکی ڕۆژئاوا و بە دژی دەوڵەتی تورک ڕابوونی خەڵک دەسـتی پـێ کـردەوە. (یـان پشـتیوانییەکانی خەڵـک و دانانـی کەمپەین بۆ هـاوکاری و یارمەتـی بـۆ بولەرزەلێدراوانـی کرماشـان و ئیـلام، نـەورۆزی ١٣٩٨ و سـێڵاوی لۆڕسـتان و پولدوختـەر و مامـۆڵان و ... لـە ژێـر نـاوی «زاگـرۆس چاوەڕێمانـە»

و دواتــر بوولەرزەکــەی ناوچــەی قوتــووری باژێــری خــۆی لە ١٤ی ڕەشــەممەی ١٣٩٨) دەرخــەری ئــەوەن کە شــەقامی ڕۆژهەڵات خواســتێکی ڕوون و هاوبەشــیان هەیە و ســەرجەم چالاکی و جووڵانەوەکانیان ڕەنگی سیاســی و خواســتی نەتەوەیی پێــوە دیــارە کــە بــە جۆرێــک هاوتەریبــە دەگــەڵ حیزبەکانیــان. جگە لــەم پێواژۆ بەرفرەوانانە و خواســتی خەڵک خواســتێکی ڕوون و ئاشکرایە بە بەکگراوەندێکی مێژویــی بۆ هەبوونی دەســتەڵاتی کوردی (کۆماری کوردســتان-١٣٢٤). تەنانەت بــەر بزووتنەوەکانیــش بەجۆرێــک خۆیــان دەگەڵ چەمکــی نیشــتمان و گەل گرێ داوتــەوە و چالاکییەکانــی زمانــی، ئەدەبی، کولتــووری، ژینگەیی، ماموســتایان، خانەنشــینکراوان، ژنــان و ... خۆیــان لــەم بەســتێنەدا دەبینــەوە. لــە هەمــوو ئــەو میناکانــەدا شــەقام بــە هێمنــی و کەمتــر توندوتیــژ خــۆی نوانــدووە و هەوڵی داوە مۆدێلێــک بــێ بــۆ خەباتێکــی نــوێ. دەرک‌نەکردنی ئــەو گریمانانەیــە بزووتنەوە تووشــی گرفــت و گومانــی جدی دەکــەن لەلایەکی دیکەشــەوە دەبێ وشــیار بین خەباتــی مەدەنــی و بــە دوور لە توندووتیــژی نەبێتە هۆکارێک بــۆ درێژ بوونەوەی تەمەنــی ڕێژیــم و هەروەها کوشــتاری زۆرتــری خەڵکی لــێ بکەوێتەوە.

بەربزووتنــەوە (کۆمەڵناس «ئاسـێف بەیـات» پێی دەڵێ «ناجنبش» نابزووتنەوە) بەو چالاکییانە دەگوترێ کە هێشــتا نەبووتنە بزووتنەوەیەکی گشــتگیر و سەرتاســەری واتــە هــەر چینێک یــان تاقمێکی کۆمەڵگــە دەگرێتەوە و ئەوەنــدە زۆر نییە بتوانێ کارێگــەری لەســەر چاکســازی یــان شــۆرش دابنــێ بــەڵام دەتوانــێ لــە مەیــدان بــێ و خەباتــی مەدەنــی گڕوتیــن پــێ ببەخشــێ و ناهێڵــێ ئــەم ڕێچکەیــە کوێر بێتــەوە و لــە درێژەشــدا هــەر ئەمەیــە کــە کەڵەکــە دەبێــت و دەبێتە ســەرهەڵدان و جووڵانەوەیەکــی هەمەلایەنــە کــە دوو هــۆکاری: «ڕەوش» و «پلانــی بزووتنــەوەی سیاســی» دیــاری دەکا بــە چ ئاراســتەیەک بــڕوا. کەوابــوو لەبــەر توندووتیــژی زۆری ڕێژیــم، تێچــووی کەمتــر، ئامــادە نەبــوون یان بەســتێنی لەبــار، چالاکانی بــواری بزووتنــەوە مەدەنییــەکان ڕوویــان کردووتــە بەربزووتنــەوەکان و ناڕەزایەتییــە بەربــڵاوەکان (چاکســازی) کــە دوای خولقانی دەرفەت دەگۆڕێــن و دەبنە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییــەکان (چاکشــۆڕش) و ئاڕمانجیشــیان گۆڕیــن و تێپەڕێنــە. ڕەوش بەمانای هەڵســەنگاندنی کاتیی لەبار و بزووتنەوەش کە بکەر و لێدەری ســەرەکییە

بــه ســتراتیژی و بەرنامەیەکی تۆکمە، ڕەنگبێ ئــەم فۆڕمۆڵە بکەوێتە چوارچێوەی (لە شــێوازدا چاکســازیخواز و لــە ئامانج شۆڕشــگێڕانە)

**هــۆکاری ئەوەیکە بزووتنەوەی سیاســیی کــورد خۆ لە تاقیکردنــەوەی بەردەوامی ئــەم مۆدێلە نــادا بریتییە لە:**

١. باوەڕ بەخۆ نەبوون.
٢. قەیرانــی چەند بەرەکی و نەبوونی گوتارێکی هاوبەش.
٣. پتەونەبوون و یەکنەگرتوویی تەشــکیلاتی.
٤. خوێندنــەوەی هەڵە و ناڕێک لە دۆخی ئارایی.
٥. ســەرکوتی بێ بەزەییانەی ڕێژیم (جیاوازتر لە شــوێنەکانی دیکەی ئێران)
٦. تــرس (تــرس لەوەیکــە خەڵــک بەقســەیان نەکــەن یان هــات و کردیــان، چۆن ڕێکــی بخەن؟!)

زۆرجــار ئــەو ترســانەی کــە ڕێژیمــە دیکتاتــۆرەکان دەیخەنــە هەنــاوی خەڵکەوە بەشــێوازێکی سیســتماتیک بــەرەو «فۆبیــا» دەچــێ و خــۆی لــە ترســێکی پڕلــە دڵەکوتــە و هەراســان بــوون دەبینێتــەوە کــە ئەمــەش دەبێتــە نەخۆشــیی دەروونــی. لــە زانســتی پزیشــکی و دەروونناســیدا هێمــاکان (Syndrome) ئاوێتەیەکــن لە نیشــانە و هێماگەلێک کە پێشــاندەری کێشــە و تێکچوونێکی تایبەت لە دەروونیی مرۆڤەکانــن. ســێندرۆم کۆمەڵێــک تایبەتمەندی وەرناســینی پزیشــکی (تشــخیص بالینــی) یــە کە بریتییە لە هێمای نەخۆشــییەکان وەک (تا، ڕشــانەوە، ســەرەگێژە و ... ) هەروەهــا دیــاردە و تایبەتمەنــدی کە بەگشــتی پێکــەوە ڕوو دەدەن، کەوابوو هەبوونــی یەکێــک لــەو هێمایانــە بەڵگە دەداتــە دوکتــور لەهەمبەر تێگەیشــتن لە جۆری نەخۆشــی یان مەترســیی نەخۆشییەک. لەو ســاڵانەی دواییدا بە پەرەسەندنی زانســتە جۆراوجــۆرەکان بەتایبــەت ئاوێتەبوونــی زۆرێک زانســت و منــەت پێبوونی زانســتەکان بەیەکتــر چووەتــە نێــو زانســتە مرۆڤایەتییــەکان و کاری پــێ کــراوە. ســێندرۆم کێشــە و گرفتێکــی جدییــە و بــە گەشــە کردنــی لەنێو ڕێکخــراوەکان، شــوێنی کار و چالاکیــی ڕۆژانــە وەک یەکێک لە مەزنترین خەســارەکانی ئەمرۆ

لە بـەردەم کارکردنـدا دادەنرێ.

دوای داگـەڕان لـە چیـاکان و زەمینگیربوونـی حیزبـە سیاسـییە ڕەسـەنەکانی ڕۆژهەڵاتـی بۆ دەشـتیی گەرمێـن، بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کـورد لە ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بەگشـتی تووشـی دوو جۆر سـێندرۆم بوونە. سـێندرۆمی یەکـەم کـە من بە «سـێندرۆمی قەڵا»[3] پێناسـەم کردووە و دووهیمیش «سـێندرۆمی بەهار».

لـە سـێندرۆمی قەڵا دا کۆمەڵێـک هێمای وەک ماندووبـوون، تەریک‌کەوتنەوە، ناچالاکـی، بێدەنگـی، بێهەڵوێسـتی، قەیـران و کێشـە نێوخۆییەکان و چاولەدەسـت بـوون وێـڕای «قـەڵا» کـە هێمـای بەرگـری و ڕاوەسـتان و زیاتـر خـۆی لـە کۆکردنـەوەی حاڵەتـی بەرگـری بـۆ وێکەوتـن پێناسـە دەکا نەک هێـرش بردن و جووڵـە و دوورخسـتنەوەی مەترسـییەکان بـۆ دەرەوەی شـوورە و دیوارەکان و سـیمی ڕاکێشـراو، ئـاوەزی بزووتنـەوەی سیاسـیی کـوردی تەنیوە. جووڵـەی کاتی و ورد ئاڵوگـۆڕ پێـک ناهێنـن واتـە کەڵەکەبوونـەوەی گۆڕانکاریـی بچـووک تەنیـا مانـەوەی لـە مەیـدان بـە نرخێکـی گـران درووسـت دەکا، لێـرەدا دەبێ ئێمە سـاغ بینـەوە کـە ئاڵوگـۆڕ چۆن پێناسـە دەکەین و سـتراتیژی سیاسـییمان چییە؟ ئەگە ئێمـە «ڕووبـاری بەخـوڕ» بکەینـە پێـوەر و خـۆی تێ بهاوێیـن، چاو چـڕ داگرین چـاوەڕوان بیـن هەتـا بزانیـن بـە کـوێ دەگا تەنیـا زەمانەتـی مانەوەیەکـی لاواز مسـۆگەر دەکات و ڕەنگبـێ بەهیـچ کوێمـان نەگەهێنیت. لەهەمـان کاتـدا ئـەم ڕەوتـە هەتـا کـوێ دەڕوا و بەکـوێ دەگا؟ لەو ماوەیـەدا تووشـی گەلێک گرفت و کێشـەی نـوێ و جـدی دەبینـەوە کە ئەگـە ڕێـکار و خوێندنـەوەی ڕەخنەیی بە مەبەسـتی چاکسـازی نـەک پینەکردنمـان بۆ نەبـێ قەیرانـی ڕێکخراوەیی نەک لاوازبوونـی بەدواوەیـە بەڵکـوو مەترسـیی لەنێوچوونیشـی هەیە.

«سـێندۆرمی بەهار»یـش تایبـەت بـە کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتە، خەڵـک لە نێوخۆ تووشـی ئـەو هێمایانـە بوونە کە بریتیـن لە «هاتنـەوە، گەڕانەوە، ئـەوان، بێن، دێن، هاتـن، بەهـار واتـە هەمـوو چاوێکیـان لـە چیـا و وەرزی بەهـارە (وەک وەرزی کاروچالاکیی پێشـمەرگانە) بۆ ئەوەیکە پشـتیوانیان بن و مافیان بۆ وەدەسـت بێنن

3. قەڵا *لێرەدا* وەک هێمایەک بۆ بزووتنەوەی گشتیی ڕۆژهەڵاتیی کوردستان هاتووە.

یـان تۆڵەیـان بـۆ بکەنەوە و ... چاو لەدەسـت بـوون و بیرۆکەی هاتنی کەسـێکی ڕزگاریـدەر و هێزێکی-هەرچەنـد لەخۆیان-کاریگـەر وەک لێمشـت بـێ و زاڵمـان ڕادا (لەهـەردووک سـێندرۆم دا چاولەدەسـت بـوون و هیـوا بـە هێزێکـی دەرەکی بـۆ ڕزگاریـی بەهاوبەشـی دەبینـدرێ). لەلایەکی دیکەشـەوە کچـان و کوڕانیی ڕۆژهـەڵات بە گرۆتینێکی شۆڕشـگێرانە و بێگەرد و خاوێـن تەقڵی بزووتنەوە دەبێ بـەڵام خێرا هەسـت دەکات بەسـەر هـەواری خاڵیدا کەوتـووە و ئەوەی ئـەوان بیریان لـێ دەکـردەوە وا نەبـووە و هەرزوو ڕیزەکانـی بزووتنەوە بەجێ دەهێڵـن. (لێرەدا دەبێ ئەوەمـان لەبـەر چاو بێ کە مەبەسـت ئەو کەسـانەن کە ڕێگایان لـێ هەتڵە نەبووە و بـە هەسـت و بـاوەڕەوە دەچنە ڕیزەکانـی بزووتنەوە).

دژەگـەن کردن و نەشـتەرگەری وێڕای گەنگەشـە و شـیکاری نەک موسـەکین پێدان بـۆ جارێکـی تـر سـەرهەڵدانەوەی هێماکانـی نەخۆشـی لەنێـو بزووتنـەوە وێـڕای دۆزینـەوەی ڕێگەچارەیەکـی لۆژیکـی لەنێـوان دوو نەریتـی باو «شـۆڕش و چاکسـازی» و سـاغبوونەوە، بـە جێـگای ون بـوون لەنێو چەمـک و زاراوەکاندا ڕۆژەنێکـی نوێ بۆ کار و تێکۆشـان بەزوویی دەتوانێ چارەسـەر بـێ. خوێندنەوەی ئـەو تێیـۆری و چەمک و زاراوانـە و ڕەخنەلێگرتنیـان یارمەتیدەرە بـۆ دۆزینەوەی سـەرەداوێکی خۆماڵـی بۆ گەیشـتن بـە شـێوازێکی لۆژیکی بەمەبەسـتی وەگەڕ خسـتنەوە و گەیشـتن بـە مافەڕەواکانـی گەلی کورد.

## ئاکام:

ڕوانینـی ڕۆژهەڵات ناسـانە و جۆرێک کۆلۆنیالیزم بە ڕەنگێکی دیکە سـێبەری بەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوڤیـن دا هەرمـاوە و وڵاتانـی ڕۆژئاوایی بەپێـی بەرژەوەندی خۆیـان شـیکاریی ڕەوشـەکە دەکـەن، سـاغ بوونـەوە لـە سـەر چۆنییەتـی فـۆڕم گرتنـی بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان و هێـزی خەڵـک وەک باشـترین کاراکتێـر و فاکتـۆر بـۆ گەیشـتن بە خواسـت و ئـازادی دەبینـرێ لەهەمان کاتدا ناسـین و خوێندنـەوەی ئاوەزمەندانەی تێرمـە هەمەڕەنگەکانی بزووتنـەوەکان دەتوانێ پێش بە دژەشۆرشـەکان بگرێ.

لە هەر ناوچە و وڵاتێک خۆپێشـاندان و جموجۆڵی مەدەنی و سیاسـی و تێکۆشانی

فرەڕەهەنـد لە دژی دەسـەڵات هەبێ کۆمەڵگەیەکی زیندوو هەستی پێ دەکرێ. هـەر ناڕەزایەتـی دەربڕینێک هەرجۆرە خۆپێشـاندان و مانگرتنێـک، هەنگاوێکە بە ئاراسـتەی پێشـکەوتنی ئـاوەزی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئـەو کۆمەڵگەیە. هەتا کۆمەڵگـە سیاسـیتر بـێ و زیاتر چاودێریی دەسـەڵات بـکا و زیاتر گوشـار بخاتە سـەر دەسـەڵات و بـەردەوام لەسـەر هێل بـێ، پێشـکەوتنەکانیش خێراتـرن و هیوا بە گۆڕانـکاری زیاتـرە. بە کردەوە ئەو پێناسـەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان دەبینرێ و هەسـت بـەوە دەکرێ وزەی ڕاپەڕیـن و ڕابوون هەروەها ماتەوزەی سـەرهەڵدان بوونی هەیـە بـەڵام ئـەو هۆکارانەی باسـمان کـرد بوونەتە لەمپـەڕ و قەڵغان بۆ پاسـیڤ بـوون و لـە دەرەوەی کۆمەڵگەدا مانەوە.

## سەرچاوەکان:


١. گی ڕوشە ١٣٨٩، تغییرات اجتماعی، ترجمە دکتر منصور وثوقی (ویراست دوم)، تهران: نشر نی

٢. حمزە محمدی، درآمدی بر جنبشهای اجتماعی، گۆڤاری زرێبار ژمارە ٦٠، ١٣٨٥

٣. حەسەن زادە شاروخ، کریڤۆ کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان ٢٠٢١ هەولێر

٤. سعید ادوارد، مترجم لطفعلی خنجی انتشارات امیر کبیر ١٣٨٦

٥. کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنا بوون بە ئالێن تۆرین، سلێمانی دەزگای ئایدیا چاپخانەی کارۆ

٦. اش، تیموتی گارتن ١٣٩٣؛ فانوس جادو؛ ترجمە فرزانە سالمی؛ تهران: نشر آگە

٧. بیات، آصف ١٣٩٢؛ «اصقلاب نە انقلاب»، اندیشە پویا؛ سال دوم

٨. پوپر، کارل ڕیموند، جامعە باز و دشمنان آن، ترجمە عزت الله فولادوند نشر خوارزمی ١٣٨٤ تهران

# REFORM OR REVOLUTION

Interview with:
**Herbert Marcuse and Carl Raymond Popper**

Translated by:
**Sharukh Hassanzadeh**

**Along with an article reviewing the Kurdish movement in Iranian Kurdistan**

بەشی هەرە زۆری ئەو بزووتنەوانەی لە یەک دوو دەیەی ڕابردوودا لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئافریقا ڕوویان دا پڕ بوون لە دژوازی و پاڕادۆکس بەجۆرێک کە نە دەکرێ ناوی شۆڕشیان لەسەر دابنێین نە چاکسازیی، لێرەدایە کە دەبێ بەدوای سەرەداوێکی نوێدا بگەڕێین کە بەشێک لەو بزووتنەوانەی سەرخست و بەشی هەرەزۆریشیان هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ چارەنووسیان نادیارە. دوو وێژمانی باو و ڕوانینی سیاسی بۆ شۆڕش یان چاکسازی و تەنانەت قەتیس مانەوە لە نەریتێکدا و زۆرجار نوقم بوون لە "ڕووباری بەخوڕ" بزووتنەوەکانیی ئێران بەتایبەت کوردی لە ڕۆژهەڵات تووشی بێ هیوایی، قەیران و دەکرێ بڵێم سەرلێشێواوی کردووە.